مەسعود لەعلی

فەهیمەی ئەرژەنگی

# خۆتبە
# نەك كەوچكی
# هەموو كاسەیەك



١٠٥ کورتە چیرۆکی بزوێنەر، بۆ باڵابردنی عیززەتی نەفس، هەستی خۆپەسەندیی، میهرەبانی، ئاسودەیی دەرون بەخوێندنەوەیان نیازمەندیت.

وەرگێڕانی: جەبار تەنیا

سایە

Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner

# پێشەکی

ئوستادێکی دنیادیدە لەکۆڕێکدا ڕویکردە قوتابییەکانی وتی:

ئوستادان رۆشنبینن. ئەوان بەهەزارو یەك ڕێ ڕۆشنبینی دەکەن. ئەوان بەرەو هەقیقەت ڕێنمایی دەکەن. ئەوان وەك ئەو پەنجانەن کەئاماژە بۆ مانگ دەکەن. بەڵام گەلێك گێل و گەمژە هەن دەلکێن بەچەنجەکانە بەلکاندن بەپەنجەکانەوە. ناتوانی مانگ ببینیت. تەنانەت بڕێك ساویلکە هەن پەنجەکان ماچ دەکەن. ئەم کارە تۆ تێر ناکات.

پەنجەکان فەرامۆشکە ئەو شوێنە ببینە کەپەنجە ئامـاژەی بۆ دەکات." لەو وتارەی سەرەوە هەقیقەت بەمانگ چوێنراوە. هەمیشە بەدرێژایی مێژو، کەڵە پیاوان هەوڵیانداوە هەقیقەتی (مانگ) بەڕەوشی جۆراو جۆر بەمرۆۋ نیشان بدەن. بەڵام زۆربەی خەڵك لەجیاتی دەست خستنە سەر هەقیقەت بەئامرازی نیشاندەری هەقیقەت(پەنجە)ی سەرنجی خۆیان ئاماژە پێکردووە.

مەبەستمان لەم پێشەکییە ئاماژەیەکی جدی ئەم بابەتە نییە. بەڵکو دەمانەوێ لەم گۆشەیەوە بەم نواندنە (پەنجەو مانگ) بێینە گۆ، کەپەندو کورتەچیرۆك یەکێکە لەو ئامرازە گونجاوانەی نیشاندانی ڕاستەقینە بەسوودەکان لەپەیوەندی کارامەییی ژیان و بەدی هێنانی بەختەوەری و ڕازیبوون و ئاسودەیی دەرونی بێت.

بەڵام نابێت تەنها بەسەر داستان و چیرۆکەکاندا تێپەڕین بەڵکو دەبێت بیر لەو ژیریی و ڕۆشنبینیەی کەتێیاندا ڕەنگی داوەتەوە سوود ببینین و ژیانی تاککەسی خۆمان بگۆڕین بەداستانێکی ئیلهامبەخش.



Scanned with CamScanner

کورتــە چــیرۆکەکانی ئــەم کۆمەڵەیــەش بنەمایــەکی گــرنگ و دێرماکیەکی چارەنووسسازی بۆ سازکردنی ژیانێکی نایاب و پڕ پیت و فەڕی لەخۆ گرتووە. ژیانێک کەئاکامێکی پڕ توانایی تایبەتی بەمرۆڤ و سروشتی مرۆڤ لەهەگبەدایە.

مـرۆڤ هـەڵگری ئـەم پەیامەیـە کـەپڕ چـەکە بەئازایـەتی و بـوێری و بەدیهێنان و عەشق و خۆشەویستیەوە لەبەدی هێناندا دەسبەکار بێت و وێنەیەکی نوێ و نایاب لەدێرماکی مرۆڤایەتی بێنێتە مەیدانی ژیانەوە.

بـۆ مـسۆگەرکردنی ئـەم ئەرکـە دەبێـت لەڕەوشـی نـەگونجاوی وەك لاسـایی کردنــەوەو هاوشــێوە بــوونی کۆمــەڵ دەســت بکێــشێتەوە، بەچڕبوونەوەو تـەرکیزکردن لەسـەر (خـودی بـاڵا)ی تایبـەت بەکـەس (خـودی سـەرەکی) خـۆ بـوون نـەك لەهـەموو کاسـەیەکدا کەوچك بوون. چونکە دنیا پێویستی بەدووبارەبونەوەی ناشارەزاو لاسایی کردنەوەو پەیڕوانی چاوو گوێ بەسراو نییە. ژیان پێویستی بەکەسانی جەسوور و بەدی هێنـەرە کەبەگەیشتنی دوایەکی گەشەو باڵابوونی تاك ووشەی تـازە بـۆ وتـن و نەخـشەیەکی نـوێ بـۆ داڕشـتن دێتـە ئـاراوە، دنیا چـاوەڕوانی ئەنیـشتاینێك یـان بودایــەك نییــە بــەڵکو چـاوەڕوانی ڕەنگدانەوەودرەوشانەوەی خودی تۆیـەکی تایبـەت بەتۆیە کەتائێستا بەخۆتەوە نەدیتوە کەواتە ئەو هەوڵە بخەرە گەڕ خودی خۆت بیت.

هیواخوازم داستانەکانی ئەم کۆمەڵەیە بتوانێ لەم بوارەدا دەستت بگرێ.

مەسعود لەعلی – فەهیمە ئەرژەنگی



Scanned with CamScanner

# هەڵەو دەرفەت

—**—

لەیەکێ لەڕیستۆرانەکانی بەرزاییەکانی سکاتلەندا دەستەیەك ڕاوچی ماسی لەدەوری یەکتر کۆبونەوەو بەدەم گاڵتەو گەپەوە چاو قاوەیان دەخواردەوە. دروست لەو کاتەی یەکێ لەڕاوچیەکان بەدەستەکانی ئاماژەی بەئەندازەی گەورەیی ئەو ماسییە دەکرد کە کەوتبویە تۆڕەکەیانەوە. خزمەتچییەك بەتەنیشتیدا ڕۆشت لێدانی دەستی ئەو بویە هۆی ئەوەی ئەوقاوەیەی دەستیەوە بوو بڕژێت بەدیوارە سپییەکەداو بەدوایدا پەڵەی قاوەکە بەدیوارەکەدا چۆڕایەوە. خزمەتچی بەدیتنی ئەم دیمەنە بەپەلە پەشتەماڵەکەی خۆی لێکردەوە دەستیکرد بەخاوێنکردنەوەی پەڵەکان بەڵام پەڵەکان لەدیوارەکە نەبوونەوە.

لەم ساتەدا، پیاوێك لەپشتی یەکێك لەمێزەکانەوە هەستایە سەرپێ و بەرەو پەڵەی دیوارەکە ڕۆشت. ئەو قەڵەم بۆیەیەکی لەگیرفانی دەرهێنا و هاوکات هەمووان چاویان تێبڕی بوو دەستیکرد بەکێشانی وێنەیەك لەسەر پەڵە ڕەشەکانی دیوارەکە.

چەن ساتێك دوای ئەوە وێنەیەکی نایابی گایەکی کێویی بەشاخە درێژەکانیەوە لەسەر دیوارەکە کێشا. ئەم هونەرمەندە زرنگە کەسێك نەبوو بێجگە لە "ئەدوین لیندسر" ئەو لەسەردەمی خۆیدا پێشکەوتوترین نیگارکێشی وێنەی ئاژەڵانی بەریتانی بوو.

هەڵەکردن لەژیانی هەموو لایەکماندا هەیە، بەڵام کەسانێك هەن لەژیاندا ئامێز بۆ هەڵەکان دەگرنەوەو دەیگۆڕن بەشتێکی دڵخواز.

## خۆتبه... کێشەکان بکە بە نوقڵ



Scanned with CamScanner

# هێزی بیرکردنەوە

**

ڕۆژێـک وەرزێرێـک سـەرنجیدا سـەعاتەکەی دەسـتی لـە"پـشتیر"ی پـوش و پاوانەکەیـدا وونکـردووە. سـەعات هێنـدە گـران نـەبوو بـەڵام بـیرەوەری ڕابـردوی لەگـەڵ ئـەو سـەعاتەدا هـەبوو لەڕاسـتیدا خاوەنی بەهایەکی سۆزداری فراوان بوو.

دوای ئەوەی هـەموو پوش و پاوانەکەی بۆ گەڕا نەیدۆزییەوە. ئەو منداڵانـەی لـەدەروەی پـشتیرەکە خەریکـە گەمـەو یـاری بـوون داوای هاوکـاری لێکـردن و پێـێ وتـن هەرکەسـێ بتوانـێ سـەعاتەکەی بـۆ بدۆزێتەوە خەڵاتێکی نایاب وەردەگرێت.

منداڵـەکان هـەر کەباسـی خـەڵاتکردن هاتـە ئاراوە هـەموو ڕژانە نێو پشتیرەکەو کونج و قوژبنێکیان پشکنی بەڵام بێسوود نەیان دۆزییەوە. منداڵـەکان هاتنـە دەرەوە. دروسـت ئـەو کاتـەی وەرزێرەکە لەدۆزینـەوەی بێ ئومێد بوو منداڵێك هاتـە پێشەوە داوای لێکرد دەرفەتێکی دیکـەی پێبدات. وەرزێر سەرنجێکیدا بیرێکی کردەوە، "بۆچی نا؟ بەهەرحاڵ، منداڵێکی ڕاستگۆ دیار بوو".



Scanned with CamScanner

بۆیه وه‌رزێره‌که بواری به‌مناڵه‌که‌دا بچێته پشتیره‌که‌وه. پاش که‌مێك مناڵه‌که له‌حاڵێکدا سه‌عاته‌ی به‌ده‌سته‌وه بوو له‌پشتیره‌که هاته ده‌ره‌وه. وه‌رزێره‌که له‌لایه‌ك خۆشحاڵ و له‌لایه‌ك سه‌رسام بوو چۆن له‌لایه‌ن ئه‌م مناڵه‌وه دڵخۆش بوو. پاشان وتی: "چۆن توانیت بیدۆزیته‌وه له‌کاتێکدا ئه‌و هه‌موو مناڵه ناکام بوون؟"

مناڵه‌که وتی:

من شتێکی ئه‌وتۆم نه‌کرد، دانیشتم و به‌بێده‌نگیه‌کی ته‌واو گوێم بۆ چرکه چرکی سه‌عاته‌که گرت و به‌ره‌و هه‌مان ئه‌و شوێنه چووم که‌لێی بوو".

*زه‌ینێك له‌ئارامیدا بێت باشتر له‌و زه‌ینه کارده‌کات، که‌پڕه له‌جه‌نجاڵی. هه‌ر رۆژه‌و بواری ئه‌وه بده زه‌ین و ناخت که‌مێ له‌ئارامی و بێده‌نگی ته‌واودا بێت، پاشان بزانه چه‌ندێك به‌هۆشیاری کۆمه‌کت ده‌کات ژیانی خۆت به‌وجۆره‌ی پێتخۆشه نه‌خشه‌ی بۆ داڕێژیت.*

**خۆتبه... له‌سه‌ر بێدەنگیی ده‌رونت ته‌رکیز بکه**

# داستانی موحەببەت

ڕۆژێك خەریكی تۆماركردنی سریاڵێك بوین. هەوا گەلێك سارد بوو.

لەئۆتۆمبێلەكە دابەزی بەبێ قەمسەڵە.

وتم: حوسەین بەمجۆرە لەماڵ هاتویتە دەرەوە؟ نەتزانی سەرمات دەبێت؟! ئەی قەمسەڵەكەت كوت؟

وتی: قەمسەڵەیەكی جوان بوو، وانیە؟

وتم: ئەرێ...!

وتی: منیش زۆر حەزم لێی بوو بەڵام لەڕێگا كەسێكم بینی كەهەم حەزی لێی بوو هەم پێویستی پێی بوو. بەڵام من تەنها حەزم لێی بوو!!

"بیرەوەری ئەكبەر عەبدی لەحوسەین پەناهیەوە"

خۆتبە... عاشقبە. چونكە عەشقیت.
لەعەشق دروست بویت.



Scanned with CamScanner

# رازی سەرکەوتنی پاڵەوانی شۆفێریی جیهان

**

"مایکل شوماخر" چەند ساڵێك لەسەر یەك لەپێشبڕکێی رالی لەجیهاندا سەرکەوتوو بوو. کاتێ پرسیاری ڕازی سەرکەوتنیان لێکرد، لەوەلامدا وتی: "تەنها ڕازی سەرکەوتنی من ئەمەیە کاتێ ئەوانیتر ئیستۆپ دەگرن، من پێ لەگاز توند دەکەم!"

- کاتێ کەسانیتر لەخەودان تۆ بخوێنەرەوە.
- کاتێ کەسانیتر دودڵن تۆ بڕیار بدە.
- کاتێ کەسانیتر خەیاڵ بڵاویی خۆت ئامادە بکە دەکەن.
- کاتێ کەسانیتر بیانو دێننەوە دەسبەکاربە.
- کاتێ کەسانیتر لەڕابواردنن کار بکە.
- کاتێ کەسانیتر بەفیڕۆی دەدەن دەست پێوە بگرە.
- کاتێ کەسانیتر خەریکی گفتوگۆ کردنن گوێبگرە.
- کاتێ کەسانیتر لەحاڵەتی توڕەبووندان پێبکەنە.
- کاتێ کەسانیتر لەحاڵەتی ڕەهاکردندان پێداگریی بکە.

خۆتبە... کاتێ کەسانیتر دەیانەوێ خۆیان بکەن بەکەسیدووەمی کەسانیتر.



Scanned with CamScanner

# بیرکردنەوەی سەگو پشیلە

**

جۆری بیرکردنەوەی سەگێك. ئەم خەڵکە خواردنم پێدەدەن. دەملاوێننەوە. خۆشیان دەوێم. کەواتە حەتمەن ئەوان خوای منن.

جۆری بیرکردنەوەی شیلەیەك. ئەم خەڵکە خواردنم پێدەدەن، دەملاوێننەوە. خۆشیان دەوێم. حەتمەن من خوای ئەوانم.

ئەگەر دیقەت لەم ڕستانە بدەیت. دەبینی مرۆڤەکانیش هەمانجۆری بیرکردنەوەیان هەیە.

کۆمەڵێك خۆیان بەقەرزاری گرنگی پێدانو سەرنجی خەڵکی دەزانن، کۆمەڵەکەی دیکە هەر لەبەر ئەمە دوچاری خۆ بەزلزاني ساختە دەبن.

خۆتبە... ئاڵۆز مەبە



Scanned with CamScanner

# هێزی گا

—**—

پیاوێك خاوەنی گایەكی ڕەشی بەهێز بوو، هاوسێكەی كەحەزی لەگرەوكردن بوو ئەویش گایەكی نایابی بەهێزی هەبوو.

ڕۆژێك لەبازاڕ لەبەرچاوی هەمواندا پیاوی هاوسێ، گالیسكەیەكی بەبارێكی قورسەوە لەگایەكەی خۆی جیاكردەوە بەدەنگی بەرز وتی:

"هەرگایەكی بەهێز بتوانێت ئەم گالیسكەیە ڕاكێشێت ئەوا سەد سكەی زێڕ دەكەمە خەڵاتی خاوەنەكەی ئەگەر نەتوانێت ئەوا ئەم سكە زێڕانە وەرناگرێت و لەگیرفانی خۆمی دەنێمەوە!"

خاوەنی گای ڕەش دەسبەجێ ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند لەگالیسكەكەی بەست و هاواری كرد:

"بڕۆ! خێراكە... زۆر لەخۆت بكە... لەجێی خۆت ببزوێ... ڕایكێشە... چەن وەختە من خزمەتی تۆ ئەكەم..."

بەڵام زەبرو زۆرو عارەق ڕشتن بێ هودە بوو گالیسكە لەجێێ خۆی جوڵەیەكی نەكرد سەرەنجام سەد سكەی زێڕینی لەكیس چوو.

ماوەیەك دوای ئەوە هاوسێكەی پشتەستور بوبو، گرەوەكەی دوبارە كردەوە بەڵام ئەمجارە لەسەر هەزار سكە گرەوی دەكرد.

گای ڕەش بەخاوەنەكەی وت:



Scanned with CamScanner

"بڕۆ، بەشداری لەم پێشبڕکێیە بکە، ئەمجارە من ئەو گرەوەت بۆ مسۆگەر دەکەم:

خاوەنەکەی وتی:

"چۆن؟ جاری پێشوو تۆ نەتتوانی سەد سکە ببەیتەوە!"

گای ڕەش وتی:

"جاری پێشوو تۆ لەبەر چاوی ئەو خەڵکە سوکایەتیت پێکردم، منیش متمانەم بەخۆم لەدەسچوو، ئەمجارە هانم بدە بزانە چۆن دەتوانم."

خاوەنەکەی جەستەی گایەکەی پاک کردەوە، شاخەکانی بەتاجە گوڵینە ڕازاندەوە، پاشان گایەکەی بەست لەگالیسکەکەو دەستی کرد بەپیاهەڵگوتن و ستایش کردنی:

"هاوڕێی خۆشەویستم، دەزانم زۆر لەمە زیاتر دەتوانیت، مەوەستە هاوڕێی دڵسۆزم هیمەتی خۆت لەبەرامبەر ئەم بارە سوکەدا بنوێنە!"

گای ڕەش لەبەرامبەر نیگای سەراسیمە بوی ئەو خەڵکەدا ئەو بارە گرانەی تاکو لوتکەی گردێک بەئاسانی سەرخست.

کاتێ سوکایەتی بەکەسێك دەکرێت هەموو متمانەیەکی لەدەست دەچێت، ئەو کەسەی هان بدرێت و ستایش بکرێت هەموو کارێکی لێدەوەشێتەوە، تا ئێستا ئەوەی بەسەر گای ڕەشدا هات بەسەر ئێوەش نەهاتووە؟



Scanned with CamScanner

## سەرکەوتنەکانی ئەمڕۆ هەمان مەحاڵەکانی دوێنێ بوون

******

١. فڕین بەهۆکاری گواستنەوەی قورستر لەهەوا. کارێکی گران و بێ ماناو تەنانەت ڕەنگە مەحاڵیش بوو.

"سایمون نیوکم (١٩٠٢)

٢. ئەگەر هۆکارێک بتوانێت گەشتیاران بەخێرایی زیاتر لە١٤ کم لەسەعاتێکدا بگەێنێتە شوێنی خۆیان تەواو مەحاڵ و دور لەخەیاڵە.

توماس تردگلده (١٨٣٥)

٣. هیچ بەڵگەیەك نییە کەیەك بەیەکی خەڵکی کۆمپیوتەری تایبەت بەخۆیان لەماڵەوە هەبێت.

کن ویلسۆن(١٩٧٧)

٤. هەر ئەندازەیەك زانست پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت ناتوانێ بچێتە سەر مانگ.

لی دوفۆرست. باوکی رادیۆ (١٩٦٧)

٥. تەلەفزێۆن لە شەش مانگ زیاتر بازاڕی نابێت چونکە خەڵکی هەموو شەوێك لەبەردەمیدا دادەنیشن و ماندوو دەبن.

داریل زانوك. سەرۆکی فۆکسی سەدەی بیستەم(١٩٤٦)

٦. تەلەفۆن بۆ پەیوەندییەکان گرفتێکی زۆری هەیە. هۆکارێکی بەسوود نییەو بەکەڵکی هیچ شتێك نایەت.

ڤیسترن یونیون (١٨٧٦)

٧. هەرچی دەبوو دابهێنرێت تا ئێستا داهێنراوە.

چارلز دوئیل، کۆمیسەری ئەمریکا لەبورای داهێنان (١٨٩٩)

**خۆتبە... گوێ بەقسەی هیوابڕ مەدە.**

# چەمکی ژیان

کاتێ تەمەنم پێنج ساڵان بوو، هەمیشە دایکم دەیوت شادی کلیلی ژیانە.

کەچوومە قوتابخانە ڕۆژێك مامۆستا داوای لێکردین بنوسین کاتێ کەگەورە بوین دەمانەوێ ببین بەچی؟

من نوسیم دەمەوێ شاد بم.

مامۆستا بەمنی وت: نا... ئەمە چ وەڵامێکە؟ لەپرسیارەکە تێنەگەشتویت؟!

وتم: بەڵێ، تێگەشتووم. ئەوە تۆیت چەمك و مانای ژیان تێنەگەشتویت!!

"جان لینۆن"[1]

---

[1] جان لینۆن: جان وینستۆن لینۆن (لەدایکبوی ٩ی ئۆکتۆبەر- کۆچی دوایی ٨ دیسامبەر)، گۆرانیبێژ، ئاواز خوێن، مۆسیقار. ئاهەنگسازو شاعیر، یەکێکە لەناودارترین و بەرجەستەترین ئەستێرەکانی مۆسیقی راك، لەبەریتانیا.



Scanned with CamScanner

# بۆ تێڕامانی زیاتر

**

کەسێك بەخودای وت: "ئەگەر تۆ چارەنوسی منت نوسیوە، ئیتر چۆن ئارەزوم هەبێت؟؟"

خودا وتی:

ڕەنگە هەرچی ئارەزوت هەبێت نوسیبێتم.

***

کارگەلێك بوونیان هەیە دەبێت ڕۆژانە ئەنجامیان بدەیت. خواردنی حەوت سێو لەکۆتایی هەفتەدا کاری ڕۆژانە خواردنی تاقە سێوێك ناکات.

"جیم ران"

***

بەعاریفێکیان وت: داهاتوی دنیا تاریکە... وتی: ڕەنگە! بەڵام ئەرکی ئێمە ڕوناکە.



# شتێك نییە بەناوی شانسەوە

ئەو کەسانەی لەسەر ئەرشی کەشتیەکەی حەزرەتی یونس هاوسەفەری بوون. ئەویان بەبەدشانس دەزانی. چونکە ناوی ئەو وەکو کەسێك لەتیرو پشکدا بۆخواردنی نەهەنگ دەرچوو بوو. بەڵام کاتێ لەسەرەوە سەرنجی داستانەکە دەدەین دەبینین بەدشانسی بوونی نییە. کاتێ ئێمە لەڕوماڵکردنی ڕوداوەکاندا دەستەوسانین ئەو کاتە لەچەمکی شانس و بەخت بۆ دیاریکردنی بەرهۆی ڕوداوەکە سوود دەبینین.

"مەسعود لەعلی"





Scanned with CamScanner

# پەندە دورخراوەکان

**

- ئەگەر دەتەوێ ڕیسوا نەبیت وەکو خەڵکیبە.
- خراپ قەت باش نابێ چونکە لەبنەڕەتدا خراپە.
- شەق دەزانێ قۆناغ لەکوێیە.
- مێخی ئاسنین ناچەقێت بەبەردا.
- ڕەش بەئاوی زەمزەمو کەوسەر سپی نابێتەوە.
- هونەر لای ئێرانیانەو بەس.
- ئەگەر شەریک باش بوایە خودا بۆخۆی دادەنا.
- بەگوڵێك بەهار نایەت.
- بەدەستێك چەپڵە لێنادرێت.
- کە ئاو سەری کرد چ یەك "نەی"و چ سەد "نەی".
- کەی بوو بەسبەی فکری سبەی دەکەین.
- تەرکی خوو هۆکاری نەخۆشینە.
- هەرکەسێکیان بۆ کارێك دروستکردووە.
- خەرمان کوتین تەنها کاری بزن نییە.

"موجتەبا کاشانی"



Scanned with CamScanner

# داستانی سێ کەر

**

دەگێڕنەوە کە: پیاوێکی گوندیی بەچەن کەرێکەوە هات بۆ شار. کاتێ کاروباری لەشار تەواو بوو ویستی بگەڕێتەوە بۆ ئاوایی، کەرەکانی ژمارد، بینی سێ کەریان دیار نییە.

کابرا سەراسیمە کەوتە گەڕان بەشوێن کەرەکانیداو هیچ کەسێك سۆراخیانی نەدەزانی. دەمی نیوەڕۆ لەحالێکدا کابرا هێندە گەڕابوو شل‌و شەکەت‌و نائومێد بوبو. ڕێبوارێك پێشنیاری بۆ کرد، لەکاتی نوێژدا سەرێك بدات لەمزگەوتی شارو داوا لەئیمام بکات بەڵکو بانگەوازێکی لەمینبەرەوە بۆ بکات‌و هەواڵێکی بۆ بزانێت. پیاوی گوندیی هەمانکاری کرد. ئیمامی مزگەوت لەڕوی خێرو میواندۆستیەوە، نوێژی کردو پاشان چویە سەر مینبەر لەڕوی ئەوەی پیاوێکی نوکتەزان‌و وریا بوو، ڕویکردە جەماعەت‌و وتی: "خەڵکینە، لەنێو ئێوەدا کەسێك هەیە لەماڵی دنیا بێزار بێت؟"

"وشکە سۆفیەك هەستاو وتی: من!"



Scanned with CamScanner

ئیمام جارێکیتر دەنگی هەڵبڕی وتی: "خەڵکینە! لەنێو ئێوەدا کەسێك هەیە حەزی لەدەموچاوێکی جوان نەبێت؟"

وشکە سۆفیەکی دیکە هەستاو وتی: "من!"

ئیمام جارێکی دیکە وتی: خەڵکینە! کەسێك لەنێوان ئێوەدا هەیە ڕقی لەدەنگی ناخۆش بێت؟"

وشکە سۆفیەکی دیکە هەستاو وتی: "من!"

پاشان ئیمام ڕویکردە پیاوی گوندیی وتی: "بفەرموو! سێ کەرەکەت دۆزرایەوە. براکەم بڕۆ.



Scanned with CamScanner

# دادڤانی

******

١. وایدابنێ ژنێکی دوگیان لەئێستادا هەشت منالّی هەیە. لەهەشت منالّ ئەم ژنە. سیانیان کەڕو لالّ، دوانیان نابینا، یەکێکیان ئۆتیزم، خۆیشی دوچاری نەخۆشی هەمیشەیی سفلیس بووە!

بەبڕوای ئێوە ئایا ئەم ژنە دەبێت منالّەکەی لەبار ببرێت؟

٢. وایدابنێ کاتی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارەو دەبێت یەکێك لەم سێ کاندیدەی ژێرەوە هەڵبژێریت:

کاندیدی یەکەم. لەگەڵ سیاسەتمەداران و سیاسەتبازاندا فێڵبازو بەدکارو موفتە خۆرە. بدەو بێنەیەو ئەهلی فالّ و پێشگۆییە، بەکارهێنەری مادە هۆشبەرەکان و جگەرەکێشە.

کاندیدی دووەم، تادەمەو نیوەڕوان لەخەودایە. تلیاك دەکێشێت و هەموو شەوێك نیوقاپ ویسکی نۆش دەکات.

کاندیدی سێیەم، پالەوانێکی مەیدانی جەنگە. گۆشت ناخوات. جگەرە ناکێشێت. بەدەگمەن ڕێدەکەوێ یەك پەرداخ ئاوجۆ دەخواتەوە ئەهلی مێبازی و فێڵبازی نییە.

تۆ کام لەم سێ کاندیدە هەڵدەبژێریت و ڕەوانەی کۆشکی سپی سەرۆکایەتی دەکەیت؟؟



Scanned with CamScanner

بزانە وەڵامی پرسیارەکان:
کاندیـدی یەکـەم فـرانکلین ڕۆزڤیلـت، کاندیـدی دووەم وینـستۆن چرچیل و کاندیدی سێیەم ئادۆلف هیتلەرە!!
بەڵام بزانە وەڵامی پرسیاری یەکـەم دەربـارەی ژنـە دووگیانەکـە ئەگـەر وەڵامی بـەڵێت دابێتـەوە ئـەوا جڵـەوگیریت لەهاتنـە دنیـای بتهۆڤن کردووە!!





Scanned with CamScanner

# ئایا تۆش "نیمکەت"[1] ت هەیە؟

**

ڕۆژێـک لـویی شـانزەیەم لـەدەوری کۆشـکەکەی خـۆی خـەریکی پیاسەکردن بوو کەسەربازێکی لەنزیك نیمکەتێکەوە بینی پاسەوانی دەکرد، لێی پرسی: تۆ بۆچی لەمناوە پیاسە دەکەیت، پاسەوانی چی دەکەیت؟

سەرباز دەسەپاچە وەڵامیدایەوە: قوربان، من ئەفسەری گارد لێرە دایناووم پێی وتم زۆر وریابم!

لویی، ئەفسەری گاردی بانگ کردو لێی پرسی ئەم سەربازە بۆ لێرەیە؟

ئەفسەر وتی:

قوربـان ئەفـسەری پێـشوو نەخـشەی دابەشـکردنی سـەربازو سەرپەرشتیارانی پێداووم منیش بەمجۆرە جێبەجێی دەکەم!

دایکی لویی کەئاگای لەمە بوو، بانگی کرد وتی:

---

[1] نیمکەت: چوار پایەیەکی دارین، کەدووکەس یان زیاتری لەسەر دادەنیشێت

من هۆکارەکەی دەزانم، ئەو دەمەی تۆ سێ ساڵان بووی ئەم نیمکەتەیان بۆیاخ کردبوو، باوکت فەرمانی بەئەفسەری گارد کرد پاسەوانێک لێرە دانێت تاکو تۆ لەسەر نیمکەتەکە دانەنیشیت و جلەکانت بۆیاخاوی نەبن! لەوڕۆژەوە تائێستا ٤١ ساڵی بەسەردا تێپەڕ دەبێت، هێشتا ڕۆژانە سەربازێك لێرە پاسەوانی دەکات.

***فەلسەفەی کار، تەواو بووە بەڵام کاری نامەنتیقی هێشتا بەردەوامە!***

***ڕۆژانە چەندین کاری بێ هوودە ئەنجام دەدەین، بێئەوەی بزانین بۆچی؟***

***ئایا ئێوەش هاوشێوەی ئەو نیمکەتە لەدەرونی خۆتان، خێزان و کۆمەڵگا بەچاوی خۆتان دەبینن؟***

خۆتبە... دوای هیچ کەسێک مەکەوە.



Scanned with CamScanner

# فریشتەی شکاو

—**—

ڕۆژێك منو هاوڕێم کارۆلین، بۆ شت کڕین چووینە دەرەوە. لەسەر مێزێك هەموو کاڵاکان نیوە قیمەتیان لێ نوسرابوو سەرنجی چەن کاڵایەکی ئەنتیکەمدا.

لەپڕ چاووم بەپەیکەرێکی بچوکی فریشتەیەك کەوت هەڵمگرتو سەیری بەرچەسپێکی بچوکم کرد پێوەی لێکنرابوو: "شکاو. بەنیوە قیمەت" بەلامەوە زۆر جوان بوو بەڵام هەرچەن دیقەتمدا عەیبێکم تێدا نەدۆزییەوە، بردمە بەردەمی پێشخوانەکەو داوام لەفرۆشیارەکە کرد عەیبو شکاوییەکەی بدۆزێتەوە. ئەویش هەرچەن دیقەتیدا هیچی نەدۆزییەوە. وتم: "ڕەنگە بەهەڵە لەسەر ئەم مێزە دانرابێت."

وتی: "ئەگەر لەسەر مێزەی شتە نیوە قیمەتەکان بێت حەتمەن لەشتە هەڕاج کراوەکانە." لێم پرسی: "نەشکاوە؟"

وتی: "سەرۆکەکەم دەڵێت ئەگەر بەرچەسپی شکاویی پێوە بێت حەتمەن شکاوە. ئێستا تۆ دەیکڕیت؟" وتم: "بەڵێ، بەڵێ، دەیکڕم."

ئایا ئەو کاتە لەحاڵەتی گەشەکردندا بویت مارکەی"شکست"یان پێوە لکاندویت؟ ئایا تۆیش لەسەر مێزی نیوە قیمەت، بەداماوی و بێ بەهاییەوە لەپێشانگادا دانراویت؟ ئایا دەسەوسان و سووک بویت؟ وەك پێویست چاك و بەکەڵك نەبویت؟ گەلێك دەردەسەرساز بویت؟ ئایا گەورەکەت تۆی لەمەحەك داوەو بەرچەسپی قیمەتێکی لێداوییت؟
ئەو بەرچەسپانە عیززەتی نەفسی شکاندویت؟
چ کەسێك لەگەورەیی تۆ غافڵ بووە؟

هەندێجار ڕەنگە ئێمەش وەکو ئەو پەیکەری فریشتەیە هەستی شکاوی بکەین. بەڵام لەڕاستیدا نەشکاوین هیچ کەم و کورتییەکمان نییە. بەڵام بەرچەسپەکانی ڕابردوو کۆڵێکی گرانن بەکۆڵمانەوە. ئێمە خۆمانمان قایلکردووە کەئەو بەرچەسپانە ڕاستەقینەن. ئەو بەرچەسپانە ئازاری ناخ و دەرونمان دەدەن. ئەوان بەجۆرێك دەنگی سەرپەرشتیاری ئێمە بوون کەلەسەردەمی مناڵییەوە هەستمان پێکردووە ناتوانین ململانێیان لەگەڵدا بکەین.

بەڵام چیتر لەئێستاوە دەتوانین.



Scanned with CamScanner

کەسانێك باوەڕێکی ئەرێنیان
بەخۆیان هەبێت
هەمیشە خۆیان بۆ کەسانیتر
دەسەلمێنن.

"مەسعود لەعلی"



Scanned with CamScanner

# ڕستەی ئیلهامبەخش

**

- دەزانیت چ کاتێ لەدوو چەرخە بەردەبیتەوە؟
بێگومان ئەو کاتەی سواربوون فەرامۆش دەکەیت.
- ئارەزوی خەونی بچوکت نەبێت، چونکە بۆ تەکاندانی دڵت وەك پێویست بەهێز نین.
- "هەڵاتن لەکێشەکان" تاکە پێشبڕکێیەکە کەهیچ کاتێ بردنەوەی نییە.
- بریا هەموو دەگەشتینە ئەوەی هەموو ڕۆژێك بڵێین:
ئەی سبەی. هەرچی دەتوانی بیکە، من ئەمڕۆ بەتەواوی ژیام.
- کێشەکانی ژیان وەکو خشتە وشە یەکتربڕەکانە، بۆ حەل کردنیان دەبێت بەدوای کێشە بچوکەکاندا بچین تاکو کێشە گەورەکان خۆیان بۆ خۆیان یەکلایی دەبنەوە.
- لەسەدا کەمێك لەمرۆڤەکان نەوەد ساڵ دەژین، پاشماوە یەك ساڵ، نەوەد جار دوبارە دەکەنەوە.
- ڕاوەستە
ڕاوەستە
و ڕاوەستە...
بزانە لەشکرێکی قەلەڕەشکە ناوێرن لەداهۆڵێك نزیك ببنەوە کەتەنها نیشانەی وەستاویی دەنوێنێت.



Scanned with CamScanner

# خودا سروشی بۆ یەکێك لەپەیامبەران نارد

خودا سروشی بۆ یەکێ لەپەیامبەران ڕەوانەکرد: سبەینێ، یەکەم شتێکت کەبینی بیخۆ، دووەم بشارەوە، سێیەم وەرگرە، چوارەم نائومێد مەکە، لەپێنجەم بەدوربە.

دەمەو بەیان کەوتەڕێ، یەکم جار گەشتە شاخێکی گەورەی ڕەش و سەرسام بوو کەچی بکەم؟ پاشان بەخۆی وت: خودا فەرمانی مەحاڵ و نەبوونی نەداوە، بەمەبەستی خواردنی شاخەکە چویە پێشەوە، هەرچەن بەرەو پێشتر دەچوو شاخەکە بچوکتر دەبویەوە تاکو بۆی بوو بەپارویەك هەرکە خواردی خۆشترین خواردن بوو، لەوێ تێپەڕی. تەشتێك ئاڵتونی بینی بەپێی ئەو فەرمانەی پێی کرا بوو کردیە چاڵێك و شاردییەوە، کەمێکی دیکە ڕۆشت و ئاوڕێکیدایەوە. بینی تەشتەکە لەخۆیەوە هاتە دەرەوە. بەخۆی وت ئەوەی دەبوو بیکەك کردم، پاشان تووشی مەلێك بوو بازێکی شکاریی دوای کەوتبوو، مەلەکە هات و بەدەوریدا سوڕایەوە، پەیامبەر وتی: من فەرمانم پێکراوە وەری بگرم، قۆڵی ڕاکێشا و مەلەکە لەسەر قۆڵی نیشتەوە، بازەکە وتی: ئەو نێچیرەی چەن ڕۆژە من دوای کەوتووم تۆ ڕفاندت. وتی: خودا فەرمانی پێکردووم نائومێدی نەکەم، پارچەیەك لەڕانی نێچیرەکەی لێکردەوە



Scanned with CamScanner

هەڵیدا بۆ بازەکە. لەوێ تێپەڕی. کەلاکێکی بینی بۆگەنی کردبوو کرم تێی دابوو، بەپێی فەرمانەکەی لێی دورکەوتەوە.

دوای دیتنی ئەم قۆناغانە گەڕایەوە. شەو لەخەوندا پێیان وت. تۆ فەرمانەکانت جێبەجێ کرد، بەڵام تێگەشتیت مەبەست چی بوو؟

وتی: نا.

پێیان وت: ئەو شاخە، تورەیی بوو، مرۆڤ لەکاتی تورەبووندا خۆی لەبەرامبەر کێوێکدا دەبینێت. ئەگەر شکۆی خۆی بزانێ و خۆڕاگر بێت وردە وردە تورەیی هێور دەبێتەوە سەرەنجام وەك تیکەیەکی بەچێژی لێدێت کەبەئاسانی قووتی دەدات.

بەڵام ئەو تەشتە، مەبەست لەکاری خێرو چاکە بوو، ئەگەر بیشاریتەوە خودا بەڕێگەیەك بۆ کەسانیتری دەردەخات کەخاوەنی کاری چاکە دەرکەوێت. ویڕای ئەو پاداشتەی لەئاخیرەتدا بەدەستی دێنێت.

ئەو باڵندەیە، مەبەست لەئامۆژگاریکەرە کەدەبێت ڕێنماییەکانی وەرگریت.

بەڵام بازی شکاریی نیازمەندە نابێت نائومێدی بکەیت.

گۆشتی گەنیو مەبەست پاشەملە قسەکردنە دەبێت لێی دەروە پەرێز بیت.



Scanned with CamScanner

# لەهاوسەرگیریی بێ عەشقەوە تا عەشقی بێ هاوسەرگیریی

**

ئەگەر ئەو کەسەی خۆشت دەوێ کاتی بۆ تەرخان نەکەیت کەسێکی دیکە ڕەنگە ئەم کارە بکات.

ئەگەر گوێ بەعەشقەتان نەدەن، ڕەنگە کەسێکی دیکە قەرەبوی کەم کاریتان بکاتەوە.

ئەگەر ئێوە نەڵێن خۆشتان دەوێت، ڕەنگە کەسێکی دیکە ئەم کارە ئەنجام بدات.

ئەگەر گوێ بۆ دەردە دڵەکانی نەگرن، کەسێکی دیکە پەیدا دەبێت و گوێی بۆ دەگرێت.

ئەگەر لەگەڵ هاوسەرەکەتان بەڕێزەوە هەڵسوکەوت نەکەن، ئەوا ڕەفتاری بەڕێزانەی کەسێکی دیکە سەرنجی کێش دەکات.

ئەگەر گرنگی بەعەشقەکەتان نەدەن. ڕەفتاری ئەرێنی کەسانی دیکە بەلایەوە گرنگ دەبێت.

ئەگەر لەهەڵەکانی نەبورن، کەسێکی دیکە چێژی لێبوردنی پێدەچێژێت.

ئەگەر هەمیشە هاوسەرەکەتان لۆمەو سەرزەنشت بکەن، ئەوا قسەی میهرەبانی کەسانیتر بەخۆیدا دێنێتەوە.



Scanned with CamScanner

ئەگەر ئێوە موحەبەت و چاکەیەك نەکەن، کەسێکی دیکە نیازە سۆزدارییەکانی بۆ دەستەبەر دەکات.


ئەگەر متمانە بەمەعشوقەکەتان نەکەن، ئەوا لەشوێنێکی دیکە هەڵوەدای متمانە دەبێت.

ئەگەر لەپەیوەندیتاندا کەمتەرخەم بن، کەسێکی دیکە هەل دەقۆزێتەوەو بەگرنگی پێدانی پەیوەندییەکی جیاوازی بۆ بەدی دێنێت.

ئەگەر ستایشی عەشقەکەتان نەکەن و پێنەزان بن، کەسێکی دیکە بەستایشکردنی ئەو دەیخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.

سەرەنجام ئەگەر هاوسەرگیرییەکەتان خاڵی بێت لەعەشق، ئەگەری بەدەست هێنانی پەیوەندییەکی عاشقانەی بێ هاوسەرگیریتان بەدەست هێناوە.

"مەسعود لەعلی"





Scanned with CamScanner

# چۆن هەرگیز خەمگین نابیت؟

بەئەفلاتونیان وت: چۆنە هەرگیز خەمگین نیت؟

وتی: دڵم بەشتێك نەداوە ئەگەر لەدەستم دەرچێت بۆی بەچۆکدا بێم.

وتیان: ئەم قسەیەمان بۆ لێك بدەرەوە.

وتی: کاتێ پاشای رۆم جامی یاقوتی ئەنتیکەی هێنا کەبەهاکەی هێندەی گەنجینەی مەزن بوو، پاشا لەفەیلەسوفەکانی پرسی: ئێوە هاوشێوەی ئەم جامەتان بینیوە؟

وتیان: هیچ پاشایەك جامێکی بەوشێوەی نییە، بەڵام تۆ بەهۆی ئەم جامەوە یان دەبیتە دەروێشێك یان هەژارێکی بێدەرەتان.

وتی: چۆن؟

وتیان: ئەگەر لەدەستت بچێت، تۆ هەم دەبیتە دەروێش و هەم بەنەمانی ئەو جامە دڵتەنگ دەبیت.

رۆژێك پاشا لەدورگەیەك ئاهەنگێکی سازکردو فەرمانیدا ئەو جامە بێنن بۆ کۆڕی ئەو ئاهەنگە. باوەڕپێکراوەکانی لەکەشتیدا بوون، لەناکاو شەپۆلێکی بەهێز هات و کەشتی تێك شکاندو. نەکۆڕی

ئاهـەنگ‌و نـەنان‌و خـواردن‌و نەمـەی‌و نـەجام هیـچی نەمایـەوە، پاشا کەئەمـەی بیـست دڵـیٚ کەوتـە لـەرزین، حـەکیم پیٚـی وت: بینیـت دڵـت بەشتیٚك دابوو کەلەدەستت دەرچوو. هەژار کەوتیت‌و دڵتەنگ بویت؟

کەواتـە هەرکـەس دەیـەویٚ دڵـی گـەردی خـەمی لـیٚ نەنیـشیٚت. دڵ نەدات بەشتیٚك شایانی لەدەسچوون بیٚت. والسلام.



Scanned with CamScanner

# جیاوازیی

ڕۆژێك خواجە ئیمام ئەبوبەکر هاتەلای ئەبوسەعید ئەبولخەیر.

وتی:

ئێمە هەردوکمان لەقوتابخانەیەك بووین و زاتی هەق تۆی گەیاندە ئەم پلەیەو منیشی لەپلەی دانیشمەندیدا هێشتەوە. هۆی چییە؟ وتی: بیرت ماوە کەفلانە رۆژ مامۆستاکەمان حەدیسێکی نوسی موسڵمانی چاك ئەوەیە لەوشتە دورکەوێتەوە کەبەدەردی ناخوات؟ هەردوکمان نوسیمانەوە، کاتێ تۆ ڕۆشتیتەوە بۆماڵەوە چیت کرد؟ وتی: من فێربووم و بەدوای زانستێکی دیکەدا چووم، شێخ وتی: وامان نەکرد هەرچی مایەی دورکەوتنەوە بوو لێی نزیك بوینەوەو ئەندێشەی ئەوەمان لەسەر دەرکرد ئەوەی مایەی لێدورکەوتنەوەی ئێمە بوو بەکارمانبرد دڵی خۆمانمان پێدا.

"اسرار التوحید"

# گالیسکە، نمونەی ژیان

**

لەیەکێ لەرۆژەکانی مانگی ئۆکتۆبەر، دەنگێکی ئاشنا لەتەلەفۆندا پێی وتم: تکایە لەماڵ وەرنە دەرەوە چونکە لەدەرەوە خەڵاتێك چاوەڕوانتان دەکات.

بەهەژینێکەوە چومە سەر پیادڕۆکەو ئەو خەڵاتەم بینی. گالیسکەیەکی گەلێك نایاب لەبەر دەمی ماڵەکەمدا وەستابوو. گالیسکەیەك لەداری گوێزو دەسکی برۆنزیی چراکانی لەجۆری سیرامیکی سپی. هەموو شتێك گەلێك نایاب و جوان و دەردەکەوت.

بەهێواشی دەرگام کردەوە سەرکەوتم نیشتۆکێك بەشێوەی نیوە بازنە بەبەرگێکی ئاوریشم و پەردەی جوان و ناسك لەهەردولاوە قەشەنگییەکی بێ وێنەی بەگالیسکەکە بەخشیی بوو.

لەسەر نیشتۆکەکە دانیشتم تێگەشتم ئەم گالیسکەیە تایبەت بەمن نەخشەی کێشراوە بەرزیی پێیەکانی پانی نیشتۆکەکانی و بەرزی سەقفەکەی بەوردی ئەندازە کرابوو هەموو شتێك بۆ من زۆر ئاسودەو ئاسان بوو بەجۆرێ شوێنی کەسێکی دیکەی نەبوو.



Scanned with CamScanner

لەیەکێ لەپەنجەرەکانەوە لەدیمەنی ماڵەکەم کەلەوێ بوو لەپەنجەرەکەی دیکەوە لەدیمەنی بەرامبەر ماڵەکەم یانی ماڵی هاوسێکەم سەرنجمداو وتم: خەڵاتێکی نایابە! چەن جوانو قەشەنگە. چەن ساتێ چێژم لەهەستە بینی.

دوای ماوەیەك سست بووم. چونکە ئەو دیمەنەی لەپەنجەرەکانەوە دەمبینی یەکجۆرو دوبارە بوو.

لەخۆم پرسی: تاکەی کەسێك دەتوانێ هەموو شتێك بەیەکشێوە ببینێت. هەوڵمدا خۆم قایل بکەم ئەو خەڵاتەی پێمدراوە هەرگیز بەدەردی من ناخوات.

لەم کاتەدا کەبەدەنگی بەرز گلەییم دەکرد چاووم بڕیبویە تەختی ناوپۆشی گالیسکەکە هاوسێکەم لەوێوە تێپەڕی. وەك بڵێی هەستی بەحاڵی من کردبوو وتی: ئاگات لەوەیە ئەم گالیسکەیە شتێکی کەمە؟

من کەخەریکی سەیرکردن بووم بەسمامدا دیار بوو کەڕاستە شتێکی کەمە، ئەو پێش ئەوەی من شتێك بڵێم وتی: ئەسپێکی کەمە.

منیش هەر لەبەر ئەمە بوو هەموو شتێك یەك شێوەو سست دەبینم.

پێم وت: ڕاست دەکەیت.

بۆیە چوومە پشتیرەکەو دوو ئەسپم هێناو لێم بەست. جارێکی دیکە سوار بوومەوە بەهەموو هێزم هاوارم کرد: هێی بەڕێکەوە.

دیمەنەکان لەبەر چاووم گەلێك جوان بوون سەرنجیان ڕاکێشام هەموو شتێك بەردەوام دەگۆڕا. ئەمەش بەڕاستی سەرسامی کردم.

دوای ماوەیەکی کەم هەستم کرد گالیسکە تەکانی بەهێز دەداتو هیچ جلەوێکی دۆخەکەم پێناکرێت، ئەسپەکان بەرەو ڕێگەیەکی



Scanned with CamScanner

مەترسیداریان بردبووم، لەسەرەتاوە ئەم حاڵە هەستێکی خۆشی پێبەخشیم کەچی دواتر ڕووبەڕووی مەترسی بوومەوە، وردە وردە هەستی ترسم تێدا بزوا تێگەشتم دوبارە شتێك کەمی کردووە.

لەم ساتەدا دوبارە هاوسێکەم دیتەوە بەئۆتۆمبێلەوە بەتەنیشتمدا تێدەپەڕیی، بەتوڕەییەوە وتم: چیت بەسەر هێنام؟

ئەو بەدەنگی بەرز وتی: جەناب! پێویستت بەگالیسکەوانێکە.

وتم: بەڵێ.

بەهەوڵ‌و ماندوبوونێکی زۆرو هاوکاری ئەو توانیمان ئەسپەکان بوەستێنین. پاشان بڕیارمدا گالیسکەوانێك بەکرێ بگرم. لەماوەی چەن ڕۆژێکدا ئەمە ڕویدا. پیاوێکی کورتەبنە بەهەیکەلێکی خڕپیلانەوە ڕوخسارێکی گرژو مۆن بەلام خاوەن ئەزمونێکی زۆر.

ئێستا چیتر دەمزانی هەموو شتێك لەبارەو تابتوانم چێژ لەخەڵاتەکەم ببینم، سەرکەوتم‌و لەشوێنی خۆم دانیشتم سەرێکم کێشاو بەئاماژەیەك گالیسکەوانەکەم تێگەیاند بۆ کوێ بڕوات.

ئەو بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بوو گالیسکەکەی بەشارەزایی دەئاژواند، خێراییەکی گونجاوی دەگرتە بەرو باشترین ڕێگەی هەڵدەبژارد.

من چێژێکی زۆرم لەم سەفەرە بینی.

هاتوینەتە دنیاو لەماڵی خۆمان دەرچوین‌و ڕووبەڕوی خەڵاتێك بوینەتەوە: "جەستەمان" کەمێ دوای لەدایك بوون مەیلی خۆناسینمان کرد، نیازێك، غەریزەیەکی پێویست. ئەسپەکانی ئەم گالیسکەیەی ئارەزوەکانمان ئەوان نمونەی ئێمەن هەروەك پێویستیمان بەموحەبەتو خۆشەویستی. گالیسکەیەکی بێ ئەسپ بەکەڵکی هیچ شتێك نایەن.

هەموو شتێك تاماوەیەك بەچاکی دەچێتە پێشەوە، بەڵام چەن ساتێك دوای ئەوە دەبینین ئەم ئارەزوانە ئێمە بۆ ڕێگەی نائارامو جاری واش هەیە مەترسیدار دەبەن. لەم دۆخەدا پێویستیمان بەوچانێکە. لێرەدا پێویست بەگالیسکەوانێکی شارەزا دەکاتو مێشكو هۆشو زرنگی یان ئەندێشەو بیرکردنەوەمان خۆیان دەردەخەن.

گالیسکەوان ڕێنیشاندەرو ڕێگەو ڕەهەندێکە دەبێت بڕوات، بەڵام لەڕاستیدا چ هێزێك ئەم گالیسکەیە دەئاژوێت؟ دەبێت بوترێت ئەسپەکان. هیچ کاتێ بوار مەدە گالیسکەوان لەئەسپەکان غافڵ بێت ئەوان دەبێت تێربنو بەخێو بکرێن. بەبێ ئەسپ چی دەکرێت؟ ژیانت بەمجۆرەیە ئەگەر هیچ هەژێنێکت نەبێت؟ چی دەبوو ئەگەر تەنها جەستەو مۆخ بوویتایە؟ وەك ئەو کەسانە دەبوویت بەبێ هەژێنو هەیەجان لەم جیهانەدا دەژین. ئەوان هەوڵ دەدەن تاکو تەنها زەینیان ئەم گالیسکەیە ببزوێنێت.

بێگومان سەرکەوتوو نابن بەردوستی گالیسکەکە بەکاربێنن، چونکە دەبێت هەموو شتێك هەماهەنگو لەپەیوەندییەکی ڕێكو پێکدا بێت. بۆئەوەی بتوانین خۆمان بپارێزین دەبێت ئەوەی پێویستە ئامادە بکرێتو چاودێریی بکەین، ئەگەر کەسێك چاودێری خۆی نەکات ئەوا گالیسکەکەی دەشکێتو ئەگەر بشکێت سەفەرەکەی کۆتایی دێت.

سەرچاوە: چیرۆکی بیرکردنەوە. شمەدین برقعی.

# وتەی جوان

**

- ئەگەر بیر لەوە دەکەیتەوە کەسانیتر چۆن بیر لەتۆ دەکەنەوە، لەکەسانیتر دەترسیت، یان باوەڕ بەخۆت ناکەیت.
- هەرکەس سنورو ئاستی دیدگای خۆی بەسنوری جیهان دەزانێ.

"ئارتور شوپنهاور"

- هەرگیز بوار مەدە کەسێك یەکەمایەتی تۆ بێت، هاوکات تۆ بۆ ئەو تەنها یەك بژاردەیت.
- دڵێکی پاك‌و بێگەرد لەسەرجەم پەرستگەکانی دنیا جوانترە.

"فراسۆ والتر"

- 
- نیشتمانپەرستی بەپێی ئەم باوەڕەیە کەیەك وڵات باشترین وڵاتی سەر روی جیهانە. تەنها لەبەر ئەوەیە تۆ خەڵکی ئەو وڵاتەیت.

"جۆرج برنارد شاو"

- کاتێ دڵتەنگیت، کاتێ خەمگینیت، کاتێ تێریت لەژیان، هەستەکانت کارا بکە چونکە دروست لەم کاتەدا تامێکی خۆشت هەیە.

# گێلترین مرۆڤەکان کێن؟

**

سوڵتان مەحمودی غەزنەوی دەستوری بەدەرباریەکانی خۆیکرد لەنێو خەڵکیدا سیخوڕیی بکەن و گێلترینیان بێنن.

کۆمەڵێك بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بەنێو خەڵکیدا بڵاو بونەوە. ڕۆژێك پیاوێکیان بینی لەسەر لقی درەختێك وەستاوە بەتەورێکی تیژ دەیەوێ لقە دارەکەی ژێر پێی خۆی ببڕێتەوە. بینیان ئەگەر ئەم لقە ببڕێت ئەوا دەکەوێتە خوارەوە، هەموو کۆك بوون لەسەر ئەوەی ئەو گێلترین کەسە.

هێنایانە خزمەتی سوڵتان. ئەو وتی: لەمن گێلتر سوڵتانە کەبە چەقۆی زوڵم و ستەم دەیەوێ ڕەعیەت کە ڕەگ و ڕیشەی دەوڵەتن لەبن و بێخ دەربێنێت.

ڕەعیەت وەك ڕەگەو سوڵتانیش درەخت
درەخت لەبنەوە ڕەگی مەحکەم دەبێت
کەسێ جەورو ستەمکاریی پیادە بکات
بێگومان ڕەگ و ڕیشەی خۆی لەبن دەردێنێت.



Scanned with CamScanner

# گرنگی ڕێبەرایەتی و بەڕێوەبردن

ئـەم چـیرۆکە ناسـراوە، دەڵـێن نادرشـا لەیـەکێ لەجەنگەکانیـدا سەربازێکی بینی کەڕادەبەدەر ئازاو دلێر بوو بەو ئازایەتی و بوێرییەی ئەو سەرسام بوو. ڕۆژێك بانگی کردو پێی وت:

تۆ بەم ئازایەتی و دلێرییەتەوە ئەو ڕۆژەی ئەفغانییەکان هێرشیان کردە سەر ئەسفەهان و تالآنیان کرد تۆ لەکوێ بویت؟

وتی: من لەئەسفەهان بووم.

وتـی: تـۆ لەئەسـفەهان بویـت و ئەفغانـەکان هـاتن و ئـەو هـەموو تاوانەیان کرد؟

وتی: بەڵێ، لەوێ بووم.

وتی: ئەی ئەوڕۆژە ئازایەتیت لەکوێ بوو؟

وتی: ئەوڕۆژە نادرێك نەبوو. بەشێك لەو ئازایەتییەی ئەمڕۆی من لەڕۆحی نادرەوەیە. کاتێ دەتبینم غیرەتم دەبزوێت. ئازاو دلێرو دلاوەر دەبم.

خۆتبە... ڕێبەرایەتی خۆت و بەڕێوەبەری خەڵکیی



Scanned with CamScanner

# گەڕانەوە بۆ خود

**

شارێك هەبوو پێیان دەووت دۆڵی خەیاڵیی. ئەویٚ شاری نمایش بوو. جێیەك هەرکەسێك کەسێتی هەمەجۆری نمایشدەکرد هەموو رۆڵی جیاوازیان بەبیانوی سەرگەرمیو هەیەجانی چێژیان لێدەبینی.

پیاوێك لەسوچێکی شارەوە خۆی بەشاسوارێك دەزانی کەزێڕی درەخشانی لەبەردا بێت. ژنێك لەلایەکی دیکەی شارەوە خۆی بەکچێکی هەژارو تەنگدەست دەزانی بەمجۆرە ڕۆڵی گونجاو بەلای یەکتریدا ئەوانی کێش دەکرد. هەروەها کەسانێکیش خۆیان بەپەیامبەری ئاسمانی دەزانیو پێیان وابوو نێردراوی سەرفەرازی جیهانن.

لەسەرەتاوە هەموو لەدیتنی ڕۆڵی کەسێتیەکی تایبەت لەڕۆژێکدا ڕۆڵێکی دیکەی ڕۆژی دواتر چێژیان دەبینی. بەڵام دوای ماوەیەك سەرگەرمییەکەیان گۆڕا بۆ کاری سەختو یەکجۆریی. بەجۆرێك هەر کەسێك ڕۆڵێکی چەندیجار دوپات دەکردەوە.

دوای ماوەیەك خەڵکی ئەم دۆڵە خەیاڵییە هێندە لەڕۆڵەکانیان مانەوە دەستیان کرد بەباوەڕهێنانی ڕۆڵی پڕ زەرقو بەرق سەرنجیاندا لەبەر داکەندنی جلەکانیانو لابردنی پەچەکانیان کارێکی سەختو مەحاڵە.



Scanned with CamScanner

ڕۆژێك جادوگەرێكی دانا بەشاردا دەرۆشت بینی خەڵكی بەلادانی پەچەكانیان گرفتیان هەیە. رۆشت بۆ رۆژنامەیەكی ناوخۆیی بۆ نمایشێكی خۆڕایی" پەچە لەسەر موعجیزەكان لادە" ڕێكلامێكی كرد، لەئاگادارییەكەدا هاتبوو "گرەنتی دەدەین بەبێ هیچ مادەو بۆدرەیەكی پیس دەتوانن پەچەكانتان تەنها بەبەكاربردنی بەردەوام لەناو ببەن."

هەموو خەڵكی دۆڵە خەیاڵییەكە ئەو ئاگادارییەیان بینی تەنها ژمارەیەكی كەم ئامادەبوون.

جادوگەر تێگەشت زیاتر خەڵكی هێندە بەپەچەكانیانەوە خوویان گرتووە كەچیتر باوەڕیان بەپۆشینی نەماوە، ئەو دەیزانی ئەوان باوەڕناكەن نمایشەكەی ئەو شتێك بێت بۆیان.

جادوگەر لەشەوی نمایشدا نمونەی پەچەهەڵگرتن و ڕێساكانی دابەشكرد. ئەو پێداگرییەوە بەئامادەبوانی وت وەك باوەڕە خەیاڵیەكەی خۆیان ڕەفتار دەكەن بۆی ڕوونكردنەوە لەڕادەبەدەر چەسپییون بەنمایشەكانیانەوەو بونەتە هاوشێوەی.

ئەو وتی: "پەچەكان هێندە دەمێكە ڕوخساری داپۆشیوون كەهەست ناكەن بەسەر دەم و چاوتانەوەیە."

جادوگەر وتی: " ئەگەر ڕۆژانە كار بەم ڕێسا كردارییە بكەن سەرەنجام پەچەكانتان لادەچێت." پاشان ون بوو. هەندێ باوەڕیان وابوو ئەم پیاوە زیرەكە بەرهەمێكی باشی هەیە. بەڵام بڕوایان نەكرد خۆیان خاوەنی ڕوخسارێكی ساختە بن.

ئەوان شوشەكانیان بردەوە بۆماڵەوە بەڵام هەرگیز نەیان كردەوە بەردەوام بوون لەسەر پەچەكانی خۆیان هەمیشە لەو باوەڕەدابوون



Scanned with CamScanner

کەخودی خۆیـانن. تەنانـەت هەنـدێکیان بـەبیانوی ئـەوەی جادوگـەر دەڵێت: ئەوان ئەو کەسە نین کەوادەزانن، لێی بێزار بوون، ئەوان بەو دۆڵە خەیاڵیـەدا ئـەملاولایان دەکـردو بەکەسـانیتریان دەوت جادوگـەر فێڵبازە.

بەڵام هەنـدێك لـەو کەسـانەی لەنمایـشەکەدا ئامـادە بـوون لابردنـی پەچەیان تـاقیکردەوە. لەبـەر ئـەوەی کـارێکی تـازە بـوو زیـاتر بیریـان دەچوویەوە هـەموو رۆژێـك بـەکاری بێـنن هـەرکاتێ بیریـان دەکـەوتـەوە یاسـاکردارییەکانی جادوگــەریان بــەکار دەبــرد، تــاکو پــەیتا پــەیتا پەچەکانیان شل بویەوە گەشتنە ئەو باوەڕەی پەچەکانیان لادەن.

ئەو کەسە بوێرانەی کەیەك بەیەکی یاساکردارییەکانی جادوگەری جێبەجێ دەکرد لەدۆزینەوەی دوبارەی ڕوخساری خۆیان نوقمی شادی دەبوون.

ڕوخـسارێکی نـوێ بـۆ هەریـەکێکیان ئاشـنا بـوو دەیناسـییەوە لەچاوپێکەوتنی بەپیاوی ژێر هیچ هەستێکیان بێجگە لەسوپاسگوزاری نەبوو.

ئەو هاوکاری کردبوون تاکو بگەڕێنەوە بۆ دێرماکی خۆیان.

# داواکردنی نزا

******

وەك هەمیشە هەموو بەیانییەك خەریکی پیادەڕەویی بووم کامیۆنێکی زبڵکێش لەتەنیشتمەوە وەستا، سەرەتا وامزانی شۆفێرەکە دەیەوێ ناو نیشانێك بپرسێت. بەڵام بەپێچەوانەوە کوڕیژەیەکی جوانی پێنج ساڵانی نیشاندام.

ئەو وتی: " ئەم نەوەیەم لەنەخۆشخانە لەژێر دەزگای هەناسەی دەسکرددایە."

وامزانی بۆ بڕی تێچونی پارەی نەخۆشخانە داوای یارمەتییەك دەکات. دەستم برد بۆ کیفی پارەکەم. بەڵام ئەو شتێکی زیاتر لەپارەی دەویست.

ئەو وتی: "من تا بتوانم بگەم بەهەر کەسێك داوای لێدەکەم دوعای بۆ بکات. تکایە دوعای بۆ بکە!"

ئەم کارەم کرد. لەو ڕۆژە بەدواوە هێندە کێشەکانم قورس نەبوون.



Scanned with CamScanner

# سێ حیکایەتی عیرفانی

یەکێ لەڕاهیبەکان، بەناوی سراپیون، کتێبی ئینجیلی خۆی فرۆشتو پارەکەیدا بەبرسییەکانو وتی: من کتێبێکم فرۆشت کە پێی وتم هەرچیم هەیە بیفرۆشمو بیدەم بەهەژاران.

***

یەکێ لەپیرانی تەریقەت وتی: ئەگەر چاوی گایەك یان قاترێك داپۆشن، دەخولێتەوەو خولگەی ئاسای دەخولێنێتەوە. بەڵام ئەگەر چاوی بکەنەوە بەدەوری خولگەی ئاسایدا ناخولێتەوە. بەم پێوەرە شەیتان گەر بتوانێ چاوی مرۆڤ ببەستێت دەتوانێ بیخنکێنێت. بەڵام ئەگەر مرۆڤ چاوی نەبەسرابێت دەتوانێ بەئاسانی لەچنگی شەیتان دەرباز بێت.

***

دەگێڕنەوە گەورە ڕاهیب ئاگاسۆ، بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردێکی خستبویە دەمیەوە تاکو فێری بێدەنگی ببێت.



Scanned with CamScanner

# ووتەی حەکیمان

——**——

- سەرکەوتوو کەسێکە لەتاریکیدا بەدوای مۆمدا بگەڕێت نەك دەستەو ئەژنۆ دانیشێت تاکو ڕۆژ دەبێتەوە.
- دنیا پڕە لەو کەسانەی کەسێکیان خۆشدەوێت بەڵام لەگەڵ کەسێکی دیکەشدا ژیان دەکەن.
- لەوەی ئەمڕۆ شایانی سەرنج بویت دڵخۆش مەبە. پەڕەی یەکەمی ڕۆنامەی ئەمڕۆ کاغەزی لەکارکەوتوی سەبەینێیە.
- هاوپشکی ژیانت بەسەلیقەوە هەڵبژێرە. نەوەدو پێنج لەسەدی بەختەوەری و بەدبەختیەکانی ژیان هەڵقوڵاوی ئەم بڕیارە گرنگ و مەزنەیە.
- حەکیمێك دەڵێت نیشانەی کەسی گێل و گەمژە سێ شتە:

لەهەدەر چوونی تەمەنی باکی نییە.

تێر لەقسەی پڕو پووچ ناخوات.

بەرگەی هاونشینی کەسێك ناگرێت عەیبەکانی دەربخات.

- تکایە بۆ"خاڵی" کردنەوەی خۆتان کەسێکی دیکە"پڕ" مەکەن.
- گلەیی مەکەن
- بۆچی فلان کەس لەگەڵ تۆدا ڕەفتاری جوان نییە؟ئەگەر دەزانیت شایستەیی زیاترت هەیە بۆچی پەیوەندیت لەگەڵ ئەو کەسەدا هەیە؟



Scanned with CamScanner

# سەرزەمینی داری دارشەق

**

ڕۆژێك پاشای وڵاتێکی دوردەست لەوڵاتی هیندستان، لەئەسپەی بەربویەوەو قاچی شکا. هەرچی پزیشکی شارەزابوو کۆیان کردەوە تاکو چارەسەری بکەن بەڵام سوودێکی نەبوو، هیچ کەسێك نەیتوانی کارێك بکات پاشا ناچار بوو بەدارشەق بڕوات.

پاشا کەسێکی خۆ ویستو توندخوو تووڕەو تۆسەن بوو، نەیدەتوانی بەرگەی دەردەداریی خۆی بگرێتو بەئاسانی بچێتە ژێر ئەو بارەوە.

کاتێ کەسانی دەرباری خۆی دەبینی بەئاسانیو بێ هیچ گرفتێك بەرێدا دەڕۆن زۆر تووڕە دەبوو، بۆیە لەداخی دڵێ خۆی فەرمانێکی دەرکرد هەموو خەڵکی وڵاتەکەی دەبێت بەدارشەق بڕۆن.

لەماوەیەکی کەمدا هەموو خەڵکی بۆ ڕۆشتن داریان بەکار دەهێنا، چەن کەسێك ویستیان سەرپێچی لەم فەرمانە بکەن، بەڵام کاربەدەستانی ئەم وڵاتە گاڵتەیان پێنەدەکرا ئەو کەسانەیان خستە ژێر سزای توندەوە. دایکان هەر لەسەرەتای بوونی مناڵەکانیان پێگرتنی



Scanned with CamScanner

منالّەکانیان بەدارێك ئالودە دەکرد. بەڵام چونکە پاشا تەمەنێکی درێژی هەبوو، کەسانی بەساڵاچوو مردن و وردە وردە بیرەوەری ڕێکردن بەبێ دار فەراموٚشکرا.

کاتێ کەپاشا مرد، چەن کەسێکی بەتەمەن هەوڵیاندا بەبێ دار بەڕێدا بڕوٚن. بەڵام جەستەی سواوو پەککەوتویان پێویستی بەدار هەبوو. هەندێك بوٚ کەسانی گەنجتریان دەگێڕایەوە لەسەردەمێکی کوٚندا مروٚڤەکان بەجوٚرێکی دیکە دەڕوٚشتن بەڕێدا مایەی پێکەنینی هەموو لایەك بوو.

چەن جوامێرێکی دلێر هەوڵیاندا بەوجوٚرەی لەو چەن کەسەیان بیستبوو، بەڕێدا بڕوٚن. بەڵام جەستەو بەدەنیان زامدار بوو تەنها مایەی گاڵتە پێکردن بوون. خەڵکی پێیان وتن: "تێگەشتیت کەڕوٚشتن بەوجوٚرە نابێت! ئەوقسەوباسەی دیکەن هەمووی خەیاڵ و ئەفسانەیە. کەسی ژێر باوەڕ بەئەفسانە ناکات!"

سەرنج:

لەژیانی کوٚمەڵایەتی هەمیشە ئەم هەستە بوونی هەیە یاسای ژیان هەم سروشتییەو هەم نەگوٚڕ. بوٚ نمونە بەبڕوای مروٚڤی چاخی ناوەڕاست حکومەت بەبێ هەبوونی پاشا شتێکی مەحاڵ بوو.

لەزوٚرێك لەکوٚمەڵگەکانی ئەم سەردەمەو تەنانەت پێشکەوتوو، هەندێ لەو خەیاڵ و باوەڕانە هێندە تێکەڵی کارو باری ژیان بوون کەمروٚڤەکان گومان دەکەن هەرگیز بێ ئەو بنەماو یاسایانە ژیان شتێکی مەحاڵە. ڕوٚڵی فەلسەفەی پرسیارکردنی ورد. دودڵ بوون

باوەڕ نەکردن شتێکی بێ بیرکردنەوەی ڕاست و حسابی دەربارەی ئەوانە.

چ ڕێگەیەکی دیکە بۆ دەسپێکی دورکەوتنەوەو خۆسازدانەوە لەدنیادا هەیە؟ یاسا و بنەماو ئەولایەنانەی دیکەی ژیان کە حەزدەکەیت لەڕاستبونیان گومان بکەیت کامانەن؟

خۆتبە... دوای هیچ کەسێك مەکەوە.

# دێرماکی خۆپەسەندی

چۆلەکەیەك لەسەر چڵی درەختێك نیشتبوو. شاهینێکی بینی شالاوی بۆ مێگەلێك بردو مەڕێکی بەچنگ هەڵگرت. ئەوکاتە چۆلەکە باڵەکانی کردنەوە وتی: منیش وەکو شاهینم دەتوانم مەڕێك بەرز بکەمەوە.

چۆلەکە فڕیی و بەرەو مەڕێکی قەڵەو ئاراستەی گرت تاکو بەرزی بکاتەوە، جارێك قاچەکانی لەخورییەکەی گیرکردو چۆلەکە گیرۆدە بوو.

شاهین چاوی لیێ بوو توڕە بوو بەرەو چۆلەکە ڕۆشتو باڵەکانی شکاندو کوشتی.

پاشان شوانەکە چۆلەکەی بردەوە بۆ ماڵەوە.

مناڵەکانی وتیان: بۆچی ئەم چۆلەکەیە باڵەکانی قرتاوەو مردووە؟

شوان وتی: ئەم چۆلەکەیە بانگەشەی ئەوەی کرد وەك شاهین بێت بۆیە توشی ئەم حاڵە بوو.

ئەگەر چۆلەکە بەشێوەی ڕاستەقینەی خۆی باوەڕی هەبوایە ئێستا زیندوو بوو.

**خۆتبە... ودکو هیچ کەس مەبە.**



Scanned with CamScanner

# دیدەنی شێر

******

شێرێك خۆی كرد بەنەخۆش. هەر ئاژەڵێك دەچوو بۆ دیدەنی شێر دەیخوارد.

ڕۆژێك شێر پەیامێكی بۆ ڕێویی نارد بۆچی نەهاتویت بۆ دیدەنیم؟

ڕێوی وتی: چەنجارێك هاتمە لای ماڵەوە بەڵام دیتنی شتێك بویە هۆی ئەوەی من نەیەم بۆ دەیدەنیت ئەویش ئەمە بوو شوێن پێی ئەوانەی دەهاتن بۆلات زۆر بوو بەڵام شوێن پێی گەڕانەوەیان هیچ دیار نەبوو.

سەرنج:

لەهەموو ژیانیشدا مرۆڤەكان دوو دەستەن: كەسانێك پەند وەردەگرن كەسانێك دەبن بەپەند.

خۆتبە... بەڵام پەند لەكەسانیتر وەربگرە.



Scanned with CamScanner

# هەڵاتن

**

عەرەبێك بەناوی موساوە خەریكی دەسنوێژگرتن بوو كیسەیەك پارەی دۆزییەوە. هەڵیگرتەوە. لەهەمان كاتدا تەكبیری دابەستنی نوێژكرا، عەرەب كیسەكەی گرت بەدەستی ڕاستیەوە لەدوای ئیمامەوە لەڕیزەكەدا وەستا، واڕێكەوت ئیمام دوای سورەتی فاتیحە ئەم ئایەتی خوێند " وما تلك بیمینك یاموسی" واتا ئەی موسا ئەوە چییە بەدەستی ڕاستی تۆوە؟

عەرەب وتی: "والله انت ساحر" كیسەكەی لەمیحرابەكەدا داناو لەترسی ئەوەی نەوەك تۆمەتی دزیكردن بدەنە پاڵی ڕایكرد.

سەرنج:

ئێمە دنیاو ڕوداوەكانی بەپێی بارو دۆخی زەین و باوەڕەكانی خۆمان لێك دەدەینەوە.

خۆتبە...

بەڵام ئەسیری باوەڕی خۆپەرستانەی خۆت مەبە.

# دوو نوكته

**

یەکێ لەشێخ جونەیدی پرسی: کێ دڵی خۆشە؟
وتی: ئەو کاتەی "ئەو" لەدڵدا بێت.

***

لەدوایین نەخۆشیدا بەشێخیان ووت. قورئان خوێن لەدوای وەفاتی تۆ لەسەر تەرمەکەت کام ئایەت بخوێنێ؟
شێخ وتی کە: ئەم بەیتەم لەسەر بخوێنن
دۆست بەرەو دۆست دەڕوات و یار بەرەو یار
خۆشتر لەمە لەجیهاندا هەیە کار؟



Scanned with CamScanner

# حەوت کورتەباڵا

---**---

حەوت کورتە بنە هەبوون کەهەریەکەیان لەکێوێکدا دەژیا. ئەوان ڕۆژانە بەدوای زێڕدا دەگەڕان.

هەموو کورتەبنەکان دروستکار، ئەرکناس و زرنگ بوون و ڕێزی یەکتریان دەگرت. ڕۆژێك یەکێ لەکورتەبنەکان بیری کردەوە دروست نازانێ چەندێك کاری کردووە. بۆیە دەستیکرد بەژماردنی ئەو کلۆ زێڕینانەی لەکانەکانەکان دەری هێنا بوو. ئەو خەریکی ژماردن و ئەوانیتر خەریکی کارکردن بوون.

بەزویی ئەم یەکەیان داوای ئەوەی کرد خەریکی کاری نوێی بێت کەژماردنی کلۆ زێڕینەکان بوو. بۆیە بۆ هەمیشە قوڵنگەکەی دانا.

ئەو باسی هەموو بەشەکانی بۆ ئەوانیتر کرد چونکە نەیدەتوانی لەکاتێکدا ئەوانیتر پاچیان دەوەشاند قسەیان بۆ بکات داوای لێکردن کەلوپەلەکانیان دانێن و لەسەر مێز دانیشن و بەمشێوەیەش یەکەم کۆبونەوەیان دەستی پێکرد. کورتەباڵاکانی دیکە چونکە لەو ژمارەو ئامارانەی ئەو باسی دەکرد سەریان دەرنەدەچوو تەنها سەریان دەلەقاند. ئەم کۆبونەوەیە زۆری نەخایاند کۆنترۆڵچی (ناوێکی کورتەباڵای حەوتەم لەوە بەدواوە لەخۆینا) داوای لەکورتەباڵاکان کرد ئەو بڕە زێڕەی دەریدێنن بەچەرخی دەستی لەکانزا جیای دەکەنەوە لەدۆسیەیەکدا بینوسن و بیدەن بەو. چونکە ئەو نەیدەزانی چەندە

ئاستی دەرهێنانی زێڕ لەکانزا جیاوازە. بۆیە یەکێك لەوانی بۆ ڕێنمایی ئەوانیتر دانا تاکو ئاستی بەرهەم هێنانی یەکسانی لەکاردا بکات. ڕێنما خۆی کردە بەڕێوەبەرو بێڵەکەی کەناردایە لاوە چونکە نەیدەوانی هاوکات کار بکاتو چاودێریش بێت.

دوای ماوەیەکی کورت تەنها پێنج کەس لەوان کاری حەوت کەسی دەکرد، بۆیە دەرونی ئەو پێنج کەسە لەتاو تینی کارکردن ئاڵۆز بوو بەڵام دەبوو چی بکەن؟

کاتێ بەڕێوەبەر دادو ناڵەی ئەوانی بیست ماوەیەکی زۆر بەو پەڕێ هێزەوە بیری کردەوە تاکو ڕێچارێکی دۆزییەوە. بەمشێوەیە هەریەکێ لەوان بەپێی توانای خۆیان بەشێك لەکارەکە ئەنجام بدەن بەشێوەیەکی تایبەتی کار بکەن. بەڵام هاوار کاری ڕۆژانە ئاسانتر نەبوو ئەگەر یەکێ لەوان نەخۆش بوایە ئەوانیتر گێژ دەبوون چونکە سەریان لەکاری ئەو کەسە دەرنەدەکرد. کاتێ بەڕێوەبەر زانی دۆخێکی بەمجۆرە باڵی کێشاوە. یەکێك لەوانی بەناوی سەرپەرشتیارەوە دیاری کرد، بەمشێوەیە چیتر پێویست نەبوو بۆ هەموو کارێك بەڕێوەبەر لەژوری گەرمو نەرم بێتە دەرەوە. مەخابن سەرپەرشتیار هەرکە زەربی ئاهەنگی کار لێیدا ئەویش بێڵەکەی کەناردا، هەمیشە لەگەڵ کۆنترۆڵچیو بەڕێوبەردا لەکۆبونەوەدا بوو بەمشێوەیەیش تەنها چوار کەس کاری دەکرد. دوبارە ئەوانیش بەرگەیان نەگرت بەم پێیەش ئاستی بەرهەم هێنان کەمی کرد، کاتێ کورتەباڵاکان بەتوڕەییو قینەوە چوونە ژوری بەڕێوەبەرەوە. بەڕێوەبەر پێشنیاری کرد کێشەکە چارەسەر دەکات

سەفەرێکی کورتی بەچەرخی دەستی بەرنامەڕێژیی کرد تاکو کورتەباڵاکان بێنەوە سەر خۆیان.

لێرەدا کەئاستی بەرهەم هێنان کەمی کردبوو ئەم سەفەرە لەکۆتایی هەفتەدا ڕێکخرا بۆئەوەی بتوانێ ئەمە بەبەشێك لەسەفەرەکانی کار هەژمار بکات، بەڕێوەبەر لێدوانێکی درێژی بەووشەی چەورو زل پێشکەشە کرد، کەئەمەیان لەبەڕێوەبەری کانزای کورتەباڵاکانی ئەم حەوت کێوە بیست دوبارە کورتەباڵاکان تەنها سەریان لەقاند چونکە هیچ تێنەدەگەشتن.

تاکو ڕۆژێك ناکۆکیەکانیان ئاشکرا بوو. کورتەباڵاکان بێلە بچوکەکانیان تورهەڵدا. پێیە بچوکەکانیان دەکوتا بەزەویدا مشتە بچوکەکانیان گرێدابوو، بەڕێوەبەر ترساو بەڵێنی پێدان هاوکاری نوییان بۆ دادەمەزرێنێ تاکو هاوکارییان بکەن. بەڕێوبەر ئەم کارەی جێبەجێ کردو ڕادەستی پەیمانکارێك کرد. پاشان کورتەباڵای دیکە هاتن کەزۆر لەگەڵیان نەدەگونجان چونکە ئەوان جۆرێکی دیکە بوون دەبوو سەرپەرشتیارێکی دیکەیان هەبێت کەهەواڵ بداتە بەڕێوەبەر ئێستا چیتر سێ کەسیان مایەوە بۆ کارکردن. بەڵام هەرکەسەو کارەکەی بەڕەوشی خۆی ئەنجام دەدا چونکە دوو دەستەی جیاوازی کرێکاران بەدوو بەشی جیاواز نیازمەند بوون.

هەریەکێ لەوان بەبێ متمانەییەوە لەکرێکارەکەی دیکەی دەڕوانیو تەنها پابەندی ئەوشتە دەبوو کەتایبەت بوو بەخۆیەوە. کاتێ بۆڵەو ددان جیڕکردنەوە لەنێوانیاندا تیژو تیژتر بوو بەڕێوەبەر یەکێك لەوانی کردە بەڕێوەبەری سەرچاوە مرۆییەکان.



Scanned with CamScanner

ئێستا تەنها دوو کورتەباڵا مابویەوە کە خەریکی کارکردن بوو،
کارەکانیان خراپو خراپتر ئەنجام دەدا.
سەرەنجام بەڕێوەبەر ڕاوێژکارێکی سەرمایەگوزاری خستە کار، ئەو
بەلوتێکی بەرزو بێ ئەوەی بچوکترین شارەزایی لەکاردا هەبێت
سەرێکی لەکانگەی کانزاکانداو بۆ بەڕێوەبەری ڕونکردەوە دەبێت
هۆکاری خراپی کارەکان بدۆزێتەوە کەئەو دوو کورتەباڵایەی لەکاردا
ماونەتەوە بێڵەکانیان بەهەڵە دەگرن بەدەستیانەوە! پاشان هەموو
پارەکەی وەرگرتو بەهەمان ئەو خێراییەی دەرکەوتبوو وون بوو. لەم
ناوەدا کۆنترۆڵچی سەرنجیدا کەهاوکارانی نویێ لەجیاتی سوود
گەیاندن زۆرترین خەرجییان هەیەو وێڕای ئەمەش کارە کورتەباڵا
ناوخۆییەکان کەم بۆتەوە بۆیە دەسبەجێ ئەوانی دەرکرد.
سەرپەرشتیاری کرێکارانی دەرەکی. بوو بەکۆنترۆڵچی دووەم.

یەکێ لەو دوو کورتەباڵا کرێکارە لەئەنجامی کاری زۆرەوە، توڕە
بوو ئەمەش بوو بەهۆی خانەنشینی پێش کاتی دیاریکراوی خۆی
بکرێت. بەمشێوەیە تەنها دوایین کورتە باڵا لەکانگەکەدا خەریکی کار
بوو. ئەویش لەکاتی بەتاڵیدا ئەوەی کەبەزەحمەت بەدەستی دەهێنا
لەگەڵ سپی بەفرێکدا ئاشنا بوو.

سەرەنجام کۆمپانیا هەرەسی هێنا، بەڵام بەڕێوەبەرو
سەرپەرشتیارو کۆنترۆڵچی زیانی یەکترییان بژاردو بۆ هەڵاتن
لەتۆمەتی دزی فڕو فێڵ ولاتیان بەجێ هێشت ئەگەر هێشتا نەمردبن
هێشتا لەکەناری بەستێنە جوانەکاندا خەریکی ڕابواردنن.



Scanned with CamScanner

# دەبێت بەزێڕ بنوسرێت

**

- لەژیاندا ئەوەی شایستەمانە مسۆگەری دەکەین نەك ئەوەی ئارەزوی دەکەین.
- کەسانی لاواز چاوەڕوانی موعجیزەو کەسانی مەزن ئەفرێنەری موعجیزەن.
- لەسەر کێلی هەر مەزارێك دوو مێژوو نوسراوە. ئەوەی گرنگی هەیە داشی نێوان ئەو دوو مێژووەیە.
- هەندێجار فەرامۆشیی دەکەین ئەوەی ئەمڕۆ هەمانە ئارەزوی دوێنێمان بووە.
- زۆرێك لەخەڵکی باوەڕیان بەژیانی دوای مردنە زۆرێکیش لەم ڕاستییە بێئاگان:

ژیانی پێش مردن.

- هەرگیز ناتوانرێ بەکەسانی لاوازو بچوك کاری مەزن ئەنجام بدرێت.
- بۆ گەیشتن بەکەماڵ سەد ساڵ هێشتا کەمە، بەڵام بۆ بەدناویی یەك ڕۆژ بەسە.
- ئەگەر هەموو ڕۆژێك خۆت بگۆڕیت، هەرگیز ناگەیتە مەنزڵ.
- دڵێك پڕ لە محەببەت بێت بۆ هەر شتێك شوێنی هەیەئەگەر خاڵی بێت لەمحەببەت بۆ هیچ شتێك شوێنی نییە.



Scanned with CamScanner

# داهێنان، کاری "جۆرج واشینگتۆن"

**

دوای سەربەخۆیی ئەمریکا کاتێ نوێنەران لەکۆنگرەدا بۆ دیاریکردنی ژمارەی سوپای میللی گفتوگۆیان کرد. یەکێ لەنوێنەران پێشنیاری کرد ژمارەی سەربازانی سوپا سێ هەزار کەس بێت.

جۆرج واشینگتۆن لەو کۆڕەدا ئامادە بوو چویە ئەودیو مێزی وتاربێژییەوە وتی: تێبینیەك بۆ ئەم پێشنیارە زیاد بکەن بیکەن بەمەرج هەر دەوڵەتێکی هێرشبەر ویستی دەستمان بۆ درێژ بکات مافی ئەوەی نەبێت بەزیاتر لەدوو هەزار سەربازەوە هێرش بکات.

خۆتبە... باش بیر بکەرەوە



Scanned with CamScanner

# سەرباسی قسە

**

لەسەردەمی "عضد الدولە" دیلمی، پیاوێکی نەناسراو چووە بەغدادو ئەو گەردنبەندەی بەهاکەی هەزار دینار بوو. خستیە پێشانگەی فرۆشتنەوە. بەڵام موشتەری نەبوو. چونکە خەیاڵی سەفەری مەککە لەسەریدا بوو، بۆیە بەدوای پیاوێکی ئەمیندا دەگەڕا تاکو گەردنبەندەکەی پێ بسپێرێت. بەڕێکەوت پیاوێکی عەتتار لەبەغداد بەکەسێکی بەتەقواو خواپەرست ناوی دەرکردبوو، بۆیە بۆلای ئەو پیاوە ڕێگەیان نیشاندا ئەویش بەو پەڕی متمانەوە گەردنبەندەکەی خۆی بەشێوەی ئەمانەت لەلای ئەو عەتتارە داناو بەرەو ماڵی خودا کەوتەڕێ.

لەگەڕانەوەیدا لەمەککە بڕێك دیاری بۆ عەتتار هێناو ڕۆشت بۆلای. دیارییەکانی خۆی پێشکەش کرد. بەڵام عەتتار خۆی کرد بەنەناسراوو وتی: تۆ کێیت و چییت دەوێت؟



Scanned with CamScanner

پیاوە غەریبەکە وتی من خاوەنی ئەو گەردنبەندەم ماوەیەك لەمەوپێش بەئەمانەت لای تۆ دامنا، عەتتار دوای مشتومڕێکی زۆر بەتوڕەیی پیاوەکەی لەدوکانەکە کردە دەرەوە. خەڵکی کۆبونەوەو ئەو پیاوەیان سەرزەنشت کردو وتیان ئەم پیاوە پیاوێکی بەتەقواو پارێزکارە تۆ لەمەڵەدایت تۆمەتی خیانەت دەدەیتە پاڵی.

پیاوی غەریب تەنانەت یەك کەسی دەسنەکەوت پشتگیریی لێبکات، چەنجارێکی دیکە چویەوە بۆلای عەتتارو داوای ئەمانەتەکەی لێکردەوە بەڵام بێجگە لەناسزاییو جنێو هیچی دیکەی دەسنەکەوتەوە.

پێیان وت ئەگەر بچیتە لای "عضد الدولة" ی دیلمی ڕەنگە بەزرنگیو هۆشیاری چاریی کێشەکەی تۆ بکات.

ئەو پیاوە کێشەو بەسەرهاتەکەی خۆی بۆ " عضد الدولة" نوسیو داوای دادخوازیی لێکرد.

" عضد الدولة" وتی: سێ ڕۆژ لەسەر یەك لەبەر دوکانی ئەو پیاوەدا دانیشەو ڕۆژی چوارەم منیش بەوێدا تێدەپەڕمو سڵاوت لێدەکەم تۆش وەڵامی سڵاوەکەم بدرەوە ڕۆژی دواتر داوای گەردنبەدەکت بکەرەوەو ئەنجامەکەم پێ بڵێ کەچی وتووە. ڕۆژی چوارەم " عضد الدولة" بەتەشریفاتو کەژاوەی تایبەتەوە بەشاردا بەڕێکەوتو بەبەردەم دوکانی عەتتاردا تێپەڕی، هەرکە چاوی بەکابرا کەوت سڵاوی لێکردو ڕێزێکی زۆری بۆ نواند پیاوی غەریب وەڵامی سڵاوەکەی " عضد الدولة" ی دایەوە، ئەمیر گلیی لێکرد کەدێیتە شاری بەغداو سەردانی ئێمە ناکەیتو هیچ داوایەکمان لێناکەیت تاکو



Scanned with CamScanner

بەدڵو گیان بۆت جێبەجێ بکەم، ئەو پیاوە پۆزشی خواستو وتی تا ئێستا نەمتوانیوە لەخزمەتی جەنابتان موشەڕەف ببم.

تەواوی ئەو ماوەیەی کە" عضد الدولة" لەگەڵ پیاوی غەریبەدا قسەی دەکرد کەژاوەکەی وەستابوو هەموو خەڵکی سەرسام کردبوو. ئەم کەسە کێیە لەگەڵ ئەمیردا هێندە دۆستایەتیەکی بتەوی هەیە؟ عەتتار مەرگی خۆی بەچاوی خۆی دەبینی. هەرکە ئەمیر رۆشت ڕویکردە پیاوە غەریبەکەو لێی پرسی: برادەر ئەو گەردنبەندەت چ کاتێ لای من دانا ئایا نیشانەیەکت هەیە. سەرلەنوێ وەسفی بکەرەوە ڕەنگە بیرم چوبێتەوە، پیاوەکە نیشانەکانی پێ وت. عەتتار کەمێ بیری کردەوە پاشان چویە دوکانەکەو دوای گەڕانێك گەردنبەندەکەی دۆزییەوەو دایەوە دەست پیاوەکە وتی: خودا دەزانێ من بیرم چوبویەوە، پیاوەکە گەردنبەندەکەی وەرگرتو چویەوە بۆلای " عضد الدولة" بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە.

ئەمیر فەرمانیدا زنجیرێك بکەنە ملیی عەتتارو بیکەن بەداردا. پاشان فەرمانیدا جاڕ بەدەن بەنێو شاردا سزای کەسێك خیانە لەئەمانەت بکات ئەمەیە.

# عەشقی جاویدانە

——**——

ڕۆژێکی ساردی سالی ١٩٤٢ لەیەکێ لەئۆردوگا زۆرەملێکانی نازییەکان، کوڕێکی تەنیاو دلتەنگ سەرنجی بەلای ئەو تەلە دڕکاویانەدا چوبوو، کچێکی بینی بەوێدا تێدەپەڕی. کچەکەش بەدیتنی ئەم کوڕە ڕاچلەکی. بۆ گەیاندنی هەستی خۆی بەو کوڕە سێوێکی سوری بەرەو تەلە دڕکاوییەکە هاویشت واتا نیشانەی ژیان، هیوا، عەشق.

کوڕەکە چەمییەوە سێوەکەی هەلگرتەوە پەرتویەکی ڕوناکی لەژیانی ڕەشی ئەودا بریسکایەوە. ڕۆژی دواتر بەخەیالی ئەوەی تەنانەت خەیالی دیتنی ئەو کچە بۆ سەرگەرمیی دێوانەییە. بەئومێدەوە سەرنجیدایە ئەو پەرژینە دڕکاوییە. کچە جوانەکە دوبارە ڕوخساری خەمگینی ئەو کوڕەی دیتەوە کەهێندە کاری تێکردبوو سێوێکی دیکەی بەدەستەوە بوو ئامادە بوو.



Scanned with CamScanner

وێڕای ساردو سەرماو بەستەڵەکی زستانی سێوەکەی بەرەو پەرژینەکە شۆڕ کردەوە لەدودڵدا جارێکی دیکە گەرمی دەبوژێتەوە، چەن ڕۆژێك ئەم دیمەنە دوبارە بویەوە.

دوو ڕۆحی جوان لەدوولای پەرژینەوە چاوەڕوانی سبەی بوون کەیەکتریی ببینن، هەرکاتێ بێت. هەرچەن تەنها چەن وشەیەکیان گۆڕییەوە، ئەم هەراو زەنایە لەهەستی دەرونەوە دڵەوە هەڵدەقوڵێتو لەباسکردن نایەت.

لەدوایین ڕۆژی ئەم چاوپێکەوتنە سەرپێیانە کوڕی لاو بەڕوخسارێکی خەمگینەوە سڵاو لەهاوڕێ شیرینەکەی دەکاتو دەڵێت: "سبەی سێو مەهێنە، من لێرە نیم، دەمبەن بۆ ئۆردوگایەکی دیکە." کوڕە ڕێی خۆی دەگرێتو دەڕوات. دڵی شکاوترە لەوەی ئاوڕێك بۆ دواوە بداتەوە.

لەو ڕۆژە بەدواوە وێنەیەکی شیرینی ئارامبەخشی کچەکە لەساتە خەماوییەکاندا دەهاتنەوە بەرچاوی، چاوەکانی، وشەکانی، ڕوخساری، سێوە سورەکەی، هەموو ئەمانە گەڕانەوەی ئەو چاوتێبڕینە بوون کەدەیانتوانی ئارەقی شەوانەی وشك بکاتەوە. خێزانی کوڕەکە لەجەنگدا کوژرابوون، ئەوانەی ئەو دەیناسین هەموویان نەمان. بەڵام تەنها ئەم بیرەوەرییە لەناخیدا زیندو بوو هیوای پێدەبەخشی.

لەساڵی ١٩٥٧ لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. دوو کەسی کۆچەریی لەڕێی ئاگاییەوە ئەم دوو نەناسراوە پێکەوە بڕیاری چاوپێکەوتنیاندا.

ژنەکە بەپیاوەکە دەڵێت : " ڕۆژانی جەنگ تۆ لەکوێ بویت؟"



Scanned with CamScanner

پیاوەکـە دەڵێـت: لەئۆردوگایـەکی زۆرە ملێـی کـاری ئەڵمانـەکان بووم."

ژنەکە بیری دەکەوێتەوە: "بیرمە بەسەر تەلی درکاویدا بۆ کوڕێك کەلە ئۆدوگادا بوو سێووم بۆ دەنارد." پیاوەکە پڕاو پڕی هەستی خۆی ڕاچڵەکی پاشان وتی: "ئەو کوڕە ڕۆژێك پێی نەوتیت چیتر سێووم بۆ مەهێنـە چـونکە دەمگوێزنـەوە بـۆ ئۆردوگایـەکی دیکـە؟" ژنەکـە وەڵامیدایەوە: "با، چۆن، بەڵام تۆ چوزانیت؟"

پیاوەکە سەرنجێکیداو وتی: "ئەو کوڕە من بووم"

بێدەنگییەکی کورت باڵی کێشا، پاشان بەردەوام بوو: "ئەو کاتەی لەتۆ جیا بوومەوە. بەڵام ئێستا چیتر ناتوانم بێ تۆ بژیم، هاوسەرگیریم لەگەڵ دەکەیت؟ کچەکە وەڵامی "بەڵێ" ی دایەوەو یەکترییان لەئامێز گرت.

لـەڕۆژی ڤالانتـاین سـاڵی ١٩٩٦ لەبەرنامەیـەکی تەلـەفزیۆنی سەرتاسەری ئەمریکا، ئەم پیاوە عەشقە جاویدانییەکەی دوای چل ساڵ بۆ ژنەکەی دوپاتکردەوە: "تۆ لەئۆردوگای زۆرە ملێدا سکی منت تێر دەکرد، تەواوی ئەو ساڵانە بەخورادنەکانت تێر بووم، بەڵام من تەنها تینوی عەشقی تۆ بووم."

خۆتبه... عاشقبه

# ڕستەی قووڵ و تێڕامان

**

- ئەگـەر دەزانیـت لەگـەڵ تـۆدا بـەدڕەفتاری دەکرێـت بێگومـان خـودی خـۆت پـەیامی "بـەدڕەفتاریم لەگـەڵ بکـە"ت ڕەوانـە کردووە.
- پلانڕێـژیی بـۆ مـسۆگەرکردنی خواسـتەکەت لەژیانـدا واتـا ئامادەیی بۆ بەجێ هێشتنی ناوچەی ئارامی خۆت.
- ناتوانیـت شتێك هەڵبـژێریت، بێئـەوەی چاوپۆشیی لەشتێکی دیکە بکەیت.
- ئەگـەر نـەزانیت بـەچ پاساوێك خوازیـاری شـتێکیت کاتێ ئـەو شتە دەبینیت نایناسیتەوە.
- تاکە ڕێگر بۆ سازکردنی ئایندە. شك و گومانەکانی ئەمڕۆیە.
- ژیان تەنها ئەو ساتەیە ژیانی تێدا دەکەین.
- ئەگەر دەخوازیت بۆ ئایندە ئامادە بیت، دەبێت هەموو کارەکان ئەمڕۆ ئامادە بکەیت، نەوەك بەرنامەڕێژیی بۆ سبەی بکەیت.
- سـەروەتی ڕاسـتەقینەی مرۆڤێـك. هـەرکارێکی چاکە لـەدنیادا ئەنجامی بدات.
- ئەگەر خودا ویستی وابوایە مرۆڤ بەرەو دواوە بگەڕێتەوە، دوو چاوی دیکەی لەپشتی سەردا دروست دەکرد.



Scanned with CamScanner

بەبێ جڵەوگیریی لەخود هەرگیز ناتوانیت فەتحی کەسانتر بکەیت.

## داستانی ئاسکی یەک چاو

**

ئاسکێك یەکێ لەچاوەکانی دەستدابوو نەیدەتوانی کەسەکان بەو چاوەی ببینێت. بۆ ئەوەی لەمەترسی بەدور بێت هەمیشە لەتەپۆڵکەیەکی نزیك بەدەریا دەلەوەڕا. بەجۆرێك چاوە ساغەکەی لەڕووی وشکانیەوە بوو. بەمەش دەیتوانی ئەو ڕاوچییانەی لەوشکانییەوە دێن، چاویان بکات، بەڵام ڕاوچییان زانیان ئەو چاوێکی کوێرە. بۆیە بەهۆی قایغێکەوە لەڕێی دەریاوە ڕاوی ئەو ئاسکەیان کرد، ئاسك لەکاتی مردندا هاواری کرد: "خاڵی لاواز ناکرێت پەنهان بکرێت."

**ئەنجامگیریی ئەخلاقی:**

گرفت لەو شوێنەوە سەر هەڵدەدات کەمترین چاوەڕوانیمان دەربارەی ئەو شوێنە نییە.



Scanned with CamScanner

# سەگو گورگ

**

سەگێك بۆ خەوتن چوویە دەرەوەی حەوشە. بەڵام گورگێکی برسی شاڵاوی بۆ هێناو ویستی بیخوات لەم کاتەدا سەگ وتی: کەمێ خۆڕاگربە جارێ مەمخۆ من گەلێك لەڕو لاوازم بەڵام خاوەنەکەم چەن رۆژێکی دیکە زەماوەندێکی گەورە ساز دەکات، لەئاهەنگی زەماوەندا من خواردنێکی زۆر دەخۆم و قەڵەو دەبم. ئەو کاتە گۆشتی من بۆ خواردن لەبارترە، گورگ باوەڕی بەم قسەیە کردو ڕۆشت، ماوەیەك دوای ئەوە دوبارە گەڕایەوەو سەگی بینی کەلە پشتی سەربانەوە ڕاکشابوو پێی وت: زەماوەندەکە کرا؟ سەگ وتی: جوان گوێ لەقسەکانم بگرە! جارێکی دیکە منت بینی لەدەرەوە خەوتبووم بیر لەزەماوەند مەکەرەوە بمگرەو بمخۆ.

سەرنج:

تەماکاریی بۆ ژیانێکی باشتر لەداهاتووداو هەبونی شتانێکی زیاترو جوانتر ئەوەی ئێستا هەمانە لەوانە بێبەریمان دەکات.\

خۆتبە... لەزیاترخوازی و تەماکاریی بەدوربە

# مشكی نەوسنی تەماكار

—**—

مشكێكی نەوسن چوویە كوختێكی دارینو تەختی زەوییەكەی هێندە جویی تاكونیی تێكرد، چویە ناویو بڕێكی زۆری خواردنی دۆزییەوەو دەستیكرد بەخواردنی. هێندەی خوارد تاتەواو سكی پڕ بوو. بۆ سبەی مشك ویستی بەهەمان كوندا بێتەوە دەرەوە بەڵام ورگی لەكونەكە گیریی كردو نەیتوانی پێدا تێپەڕ ببێت لەوێ گیرۆدە بوو.

سەرنج:

دەڵێن مرۆڤ بەددانەكانی گۆڕ بۆخۆی هەڵدەكەنێت.

سەعاتێك دوای خواردن خواردنەوەیەكی گازدار.

دە خولەك دواتر: دە كەوچكی چاخۆریی شەكر ڕەوانەی لەشی دەكات.

بیست خولەك دوای ئەوە ڕێژەی شەكر لەخوێندا بەرەو بالا دەچێتو دەسبەجێ ڕژێنی كتوپڕی ئەنسۆلین دەست پێدەكات شەكری بەرهەم هێنراو دەگۆڕێت بۆ چەوریی و تاكو ڕێژەی شەكری خوێن لەوە زیاتر بەرز نەبێتەوە.

چل خولەك دوای ئەوە وەرگرتنی كافۆئین تەواو دەبێت پێڵوی چاوەكان دەكرێنەوە. فشاری خوێن بەرز دەبێتەوەو بۆ وەڵامی ئەم



Scanned with CamScanner

حاڵەتە جگەر ڕێژەی شەکر ڕەوانەی خوێن دەکات، وەرگیرەکانی ئادنوزینی مێشك دادەخرێن تاکو لەهەستی خەوالویی جلەوگیریی بکەن.

چل‌وپێنج خولەك دوای ئەوە ڕژێنی دوپامین بەرز دەبێتەوە مەڵبەندی تایبەت لەمێشکدا کەحاڵەتی سەرخۆشیی بەدی دێنێت دەبزوێن ئەمەش هەمان ئەو میکانیزمەیە کەلە بەکاربردنی هیرۆییندا دەگۆڕێت بۆ حاڵەتی سەرخۆشی.

شەست خولەك دوای ئەوە: ئەسیدی فۆسفۆریك کەلە خواردنەوە گازییەکاندا هەیە دەچێتە ڕیخۆڵە باریکەو میتابۆلیسمی لەش بەرز دەکەنەوە، ئاستی بەرزی شەکری خوێن‌و شیرینیەکان زیاتر کالیسۆمەکان لەڕێی میزکردنەوە دەردەهاویژنە دەرەوە.

ماوەیەك دوای ئەوەش وردە وردە ئەو هەراو هوریایەی لەلەشدا سەری هەڵدا بوو هێور دەبێتەوە لەم حاڵەدا گەلێك هەستیار دەبیت یان گەلێك گێژو کاس دەبیت. چیتر تەواوی ئەو شلەیەی کەلەڕێی خواردنەوەی گازدارەوە ڕەوانەی خوێنت کردبوو دەرت هاویشت، ئەو شلەیەی کەدەبوو لەجیاتی ئەسیدو کافۆئین‌و شەکر، هەڵگری مادەیەکی بەکەڵك بێت. تا چەن سەعاتێك دوای ئەوە شوێنەواری کافۆئین لەناو دەچێت تۆش حەز لەخواردنەوەیەکی دیکەی گازدار دەکەیت.

# ڕەخنەی سیاسەتی ناباو

سیاسەتبازیی، هەلقوڵاوی گرێکوێرەی خۆبەکمزانی و هەستی ڕکابەرییە. تۆ بەبەراورد لەگەڵ خەڵکی خۆت بەکەمتر دەبینیت. هەندێك جوانترن، هەندێك زرنگترن، هەندێك خاوەنی داناییەکی زیاترن، تۆش هەستی خۆ بەکەمبینی و ڕەنج دەکەیت و دەتەوێ بەشێوەیەکی باشتر خۆت دەربخەیت.

ئەگەر زرنگ نەبیت، چۆن دەتوانیت هۆشمەند بیت؟

ئەمەش مەحاڵە. ئەگەر بەهرەی مۆسیقات تێدا نەبێت، چۆن دەتوانیت ژەنیار بیت؟

ئەگەر جوان نەبیت، کارێکت لێناوەشێتەوە، بەڵام تاکە کارێکت بۆ ماوەتەوە، دەتوانیت سیاسەتمەدار بیت. ئەمەش دوایین پەناگەیە بۆ ئەو کەسانەی بەدەست گرێکوێرە خۆ بەکەمبینییەوە دەناڵێنن. بەم پێیەش هەرکەسێك خاوەنی ئەندازەیەکی تەواوی هەستی زبری و دڵڕەقی و دوژمنییە، دەتوانێ لەسیاسەتدا پیادەی بکات. لێرەدا چیتر پێویستی بەهەبوونی کارامەییی و هیچ جۆرە بەهرەیەك نییە. لەڕاستیدا هەرچەن خاوەنی کەمترین هۆش بیت شانسی سەرکەوتنت زیاترە.



Scanned with CamScanner

بیستومه که...

مه‌لای مه‌شهور له‌وه‌یکه خه‌ڵکی به‌نه‌زانیان ده‌زانی زۆری پێناخۆش بوو. سه‌ره‌نجام بڕیاریدا بچێته لای حه‌کیمی مێشک تاکو یه‌ك مێشکی دیکه‌ی بۆ دانێت.

حه‌کیم ئه‌وی برده بانکی مێشك‌و پاشان پێی وت: "مه‌لا، هه‌موو ئه‌مانه‌ی ده‌یبینیت مێشکن، ده‌توانی زیاتر بێیته پێشه‌وه تاکو جوانتر بیانبینیت."

مه‌لا وتی:

له‌سه‌ر هه‌ر پاکه‌تێك نرخێکی جیاواز نوسراوه، مه‌گه‌ر ئه‌مانه جیاوازییان چییه؟ نرخی یه‌کێ له‌وانه ته‌نها بیست‌و پێنج ڕوپیه یه‌کێکی دیکه بیست‌و پێنج هه‌زار روپیه، هۆکاری ئه‌مه چییه؟

حه‌کیم وتی:

"مه‌لا، یه‌که‌میان که‌به بیست‌و پێنج ڕوپیه بوو په‌یوه‌سته به‌دانیشمه‌ندێکی مه‌زنه‌وه دووه‌میان که‌گرانتره مێشکی یه‌ك سیاسه‌تمه‌داره."

مه‌لا وتی: "مه‌به‌ستت ئه‌مه‌یه مێشکی سیاسه‌تمه‌دارێك له‌مێشکی دانیشمه‌ندێك له‌به‌رتره؟"

حه‌کیم وتی:

"نه‌خێر، به‌هه‌ڵه‌دا مه‌چۆ. گرانتره له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هه‌رگیز به‌کار نه‌هێنراوه. ته‌واو نوێ‌و پاکه‌تییه. هاوکات که‌دانیشمه‌ند مێشکی خۆی زۆر به‌کار هێناوه‌و زیاتر کۆن‌و سواوه."

Scanned with CamScanner

لەسیاسەتدا تۆ پێویستت بەمێشك نییە. هۆش، هەستیاریی، ئاگایی، عەشق، خۆشەویستی و هاودڵیی بەکارت نایەت. چونکە هەموو ئەمانە ئاستەنگت بۆ دروست دەکات! لەسیاسەتدا پێویستت بەچۆنێتیەکی تەواو پێچەوانەیە. ناکارامەیی لەهەر بوارێکی دیکەدا، بەکارامەیی لەسیاسەتدا هەژمار دەکرێت. هەموو ئەو شتانەی لەسیاسەتدا مایەی پێویست بوونە، حەزێکی شێتانەیە بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵات کەهەڵقوڵاوی گرێکوێرەی خۆ بەکەمبینیە، کەسی ئاینی گرێکوێرەی خۆ بەکەمبینی نییە تەنها ئەوە خاوەنی ئەم خەسڵەتەیە. چونکە ئەو هەرگیز خۆی بەراوردی کەسێکی دیکە ناکات، بەبێ بەراوردیش هیچ کەسێك ناتوانێ لەبەرزتر یان نزمتر بێت.

ئەو تەنها خودی خۆیەتی ئەوەی خودا بڕیاری بۆ داوە قبوڵی دەکات و تەواو ڕازی و خۆشنودە، ئەو هەموو ساتێك تەنها لەبەر ئەوەی بوونی هەیە ژیان دەکات، سوپاسگوزارە، ئەو نایەوێ لەجێی هیچ کەسێکی دیکە بێت لەدۆخی خۆی تەواو ڕازییە، ئەو دەزانێ نەبەرزترو نەنزمترە لەسەربەخۆیی خۆی بەئاگایە، چونکە تەنانەت دوو مرۆڤ هاوشێوەی یەکتریی نیین.

## ئیمپراتۆرو پێشەوا

**

ڕۆژێک ئیمپراتۆر" یـن yen" لەپێـشەوا زیـن "چائوچـو chao chou" دیدەنی کرد.

ئوستاد لەدیتنی پاشا تەنانەت لەشوێنی خۆی جوڵەی نەکرد.

پاشا لێی پرسی: "ئوستاد! کامیان باشترە: پاشای دنیا یان پاشای ئایین؟"

چائوچۆ وتی: "لەنێو پاشاکانی دنیادا من باشترم لەنێو پاشاکانی ئاینیشدا هەر من باشترم."

ئیمپراتۆر لەبیستنی ئەم وەڵامە سەرسامکەرە دڵخۆش بوو.

ڕۆژی دواتر ژەنراڵێك هاتە دیدەنی ئوستاد. ئوستاد نەك تەنها چوو بەپێشوازییەوە بەڵکو گەلێ زیاتر لەئیمپراتۆر گرنگی پێدا.

دوای ئەوەی ژەنراڵ ڕۆشت. موریدەکانی لێیان پرسی: "تۆ چۆن بەکەسێك لەئیمپراتۆر نزمتر بوو زیاتر لەخودی ئیمپراتۆر گرنگیت پێدا؟"



Scanned with CamScanner

ئوستاد وەڵامیدایەوە: "ئێوە نازانن. کاتێ کەسێك بەچۆنێتیەکی نایابەوە دێتە لای من. من لەشوێنی خۆم بەرز نابمەوە. بەڵام ئەگەر چۆنێتی ئەوان ناڤین بێت. من لەشوێنی خۆم هەڵدەستم، بەڵام هەرکاتێ نزمترین کەس بێتە لام من تەنانەت تاکو دەری دەروازەش بەپێشوازییەوە دەچم، هەر مرۆڤێك بەئاستی حورمەتی نەفسی خۆی تینوی ڕێزو خۆشەویستیە.

هەرچەن بێخەوشترو سادەترین کەمتر نیازمەندی نواندنی گەورەیی و ڕێزی کەسانیتر دەبین.

> خۆتبە... ڕەفتاری کەسانیتر پەیوەندی بەئاستی هەست و بەهاداری تۆوە نییە

# بێداریی

——**——

داستانێکە لەیۆرگ لوییس بورگز Jorge Luis Borges یەکێك لەگەورەترین نوسەرانی میتافیزیکی ئەم سەردەمەیە، داستانی دوژمن : Episode of the Enemy

" دوژمن لەپشتمەوە ڕاوەستابوو، سالآنێك بوو بەدوامەوە بوو چاوەڕێی ڕۆژێکی وایدەکرد. لەپەنجەرەکەوە بینیم کەڕێگەی لەپەیژەکەوە دۆزییەوە بێتە ژورەوە.

بەپەیژەکەدا هەوڵی دەدا سەرکەوێت گۆچانێکی بەدەستەوە بوو گۆچانێکی ئاسایی پیرەمێردان نەك چەکێك. وێڕای ئەوەی چاوەڕێم کرد لەدەرگادانی گەلێك لاواز بوو بەسەختی گوێم لێ بوو.

کلیلەکانم جۆرکرد تاکو مۆڵەت بەو پیاوە بدەم بێتە ژورەوە دەترسام بکەوێ بەزەویدا، وێڕای ئەمەی ئەو هەنگاوی لەرزۆکی هەڵدەگرت بەوپەڕی شەکەتییەوە بەرەو تەختەکەم ڕێگەی گرتەبەر. بۆی چەمیمەوە تا بتوانێ گوێێ لەدەنگم بێت: "مرۆۋ وادەزانێ تەنها خۆی پیر دەبێت، کەچی ساڵەکان بۆ هەمووان بەیەکسانی تێدەپەڕێت.

ئێستا دوبارە یەکتر دەبینینەوە، ڕو بەڕو، ئەوەی پێشتر ڕویدابوو چیتر هیچ مانایەکی نەبوو."

کاتێ کەقسەم کرد. ئەو قۆپچەی چاکەتەکەی دەکردەوە، لەوێ شتێك نیشانەی لێگرتبومەوە، دەمزانی یەك حەوتیرە.



Scanned with CamScanner

پاشان بەدەنگێکی لەرزۆك پێی وتم: کاتێ هاتمە ماڵەکەتەوە بەزەییم بەتۆدا هاتەوە. ئێستا لەژێر بەزەیی مندایت، بەڵام لێت خۆشنابم.

هەوڵمدا شتێك بڵێم، من پیاوێکی بەهێز نیم تەنها بەقسەکانم بوو دەمتوانی خۆم ڕزگار بکەم.

بەزەحمەت وتم: "ڕاستە کەمن لەمێژە لەگەڵ کوڕێکدا بەدڕەفتاریم کردووە، بەڵام تۆ چیتر ئەو کوڕە نیت منیش چیتر ئەو دڵڕەقە بێ بەزەییە نیم. لەلایەك، تۆڵەکردنەوە بێ هوودەترو گاڵتەجاڕتر لەبەخشین نییە؟" وەڵامیدایەوە: "دروستە. چونکە من چیتر ئەو کوڕە نیم، دەمەوێ بتکوژم. ئەمە پەیوەندی بەتۆڵەکردنەوە نییە. ئەمە دەسپێکی دادوەرییە، قسەکانی تۆ، بورکز تەنها قسەی ترساندنە کەمن لەئەرکەکەم دوابخەیت. ئیدی هیچی دیکەت پێناکرێت."

وتم: "کارێك هەیە دەتوانم ئەنجامی بدەم."

وتی: "چ کارێك؟"

وتم: "بێدار ببمەوە." و بێدار بوومەوە.

سەرنج:

گرفتی ژیانمان ئەمەیە ئێمە لەخەونداین، خەونی غەفلەت، خەونی بێ ئاگایی بۆئەوەی ئاگامان لەم پرسە بێت لەخەون بێدار ببینەوە. تەواوی ڕەنج و ئازارەکانمان کۆتایی پێ دێت.

**خۆتبە... بێدار ببەوە**

# وتەی حەکیمانە بۆ ژیانێکی باشتر

—**—

- بۆ ئەوەی فێربین چۆن بدوێین دوو ساڵ بەسە، بەڵام بۆ ئەوەی فێری بێدەگی ببین ٥٠ ساڵ هێشتا کەمە.
- گەنجینـەی کەسـی چاوچنۆك کاتـێ لـەژێر زەوی دێتـە دەرەوە کەخۆی بخرێتە ژێر زەمینەوە.
- بەهای پیاو بەو نرخەیە کەخۆی بۆ خودی خۆی داناوە.
- نەفرەت تەرمێکە، کێ لەئێوە دەیەوێ بۆی ببێتە گۆڕێك.
- هەرچـەن دەتـەوێ جیاوازبـە بـەڵام هەوڵبـدە ئەوانـەی لـەتۆ جیاوازترن بەرگەیان بگریت.
- بوار مەدە کەسێك بێتە لای تۆ باشترو شادتر بەجێت بێڵێت.
- نیوەی خەڵکی دنیا ژنان پێکی دەهێنن نیوەکەی دیکە ئەوان بەخێوی دەکەن.
- کاتێ لەئەخلاقی کەسێك سەر دەرناکەیت سەرنجی هاوڕێکانی بدە.
- ژیان شتێکە وەکو شەیپور. ئەگەر لێی نەدەیت شتێکی لێ نایەتە دەرەوە.



Scanned with CamScanner

مرۆڤ بەخودای وت: خودایە هەموو شتێکم پێ ببەخشە تاچێژ لەژیان ببینم.
خودا وتی: من ژیانم پێ بەخشیویت تاچێژ لەهەموو شتێك ببەیت.

## ماسیگرو ماسی زێڕین

**

ڕۆژێك بازرگانێکی جولەکە لەدەریاچەیەدا ڕاوە ماسیی دەکرد لەناکاو ماسییەکی زۆر سەیری ڕاو کرد. ئەو هەرگیز ماسیی بەوجۆرە سەیرو سەمەرەی نەدیتبوو، پولەکەکانی لەئاڵتون و باڵەکانی لەزیو بوون. کاتێ کردیە ناو قایغەکەیەوە. لەپڕ ماسی دەنگێکی لێوە هات وتی:

"ئاغای میهرەبان، ئەگەر بمخەیتەوە دەریاچەکە، من سێ دانە لەئاواتەکانت بۆ بەدی دێنم."

پیاوی بازرگان کەمێ بیری کردەوە پاشان وتی: "بیکە بەپێنج و مامەڵەکەمان تەواوە."

ماسی لەکاتێکدا هەوڵی دەدا وتی: "من تەنها دەتوانم سێ دانە لەئاواتەکانت بەدی بێنم."



Scanned with CamScanner

بازرگان پێشنیاری کردەوە: "چوارو نیو!"
ماسی بەدەنگێکی لاوازەوە وتی: "سێ."
بازرگان وتی: "باشە، لەسەر چوار ڕێدەکەوین، وانییە؟"
بەلام ئەمجارە ماسی وەلامێکی نەبوو گیانی تەواو دەرچووبوو.
ژیان گەلێ کورتە، چێژی لێ ببینە. ژیانت مەگۆڕە بەچەنەبازییەکی بێ هوودە...



Scanned with CamScanner

# مەلای مەشهورو کۆمۆنیست

—**—

مەلای مەشهور بوبو بەکۆمۆنیست.

بۆیە لێیان پرسی: "مەلا، دەزانی کۆمۆنیست مانای چی؟"

وتی: "دەزانم."

وتیـان: " دەزانــی ئەگـەر دوو ئۆتۆمبێلـت هـەبێت کەسـێکی دیکـە نەیبێت ناچار دەبیت دانەیەکی پێ بدەیت؟"

وتی: "ئامادەم هەر لەئێستاوە."

وتیان: "دەزانی ئەگەر دوو دانە کەرت هەبێت، ناچاریت دایەکیان بدەی بەکەسێك خاوەنی کەر نەبێت؟"

وتی: "ئەمەیان ناکەم. ناتوانم بیدەم، ناتوانم ئەم کارە بکەم!"

وتیان: "بۆچی؟ ئەمە هەمان مەنتیقەو هەمان ئەنجامی مەنتیقی."

وتـی: "نـا، ئەمـەیان وانییـە، مـن دوو دانـە کـەرم هەیـە، بـەڵام دوو ئۆتۆمبێلم نییە!"

سەرنج:

زۆرینـەی خـەڵکی تائـەو کاتـە پابەنـدن بەبنـەماو دروشمەکانـەوە بەرژەوەنـدییان نەکەوێتـە مەترسـییەوە. ئـەوان قـسەی زل دەکـەن بـەڵام لەمەیدانی کرداردا هەرگیز ئەوەی بەزمانیاندا دێت ڕەفتاری پێ ناکەن.



Scanned with CamScanner

# ڕیخۆڵەی زیادە

**

هاوسەری پزیشکێکی برینپێچ کە دوچاری حەواس پەرتی بوو لێی پرسی: "بۆچی بەرگی پشتەوەی کتێبەکەت دڕاند؟" پزیشک لەوڵامی هاوسەرەکەی وتی: "چونکە وشەی ڕیخۆڵەم بینی هەرلەخۆمەوە لێم کردەوە."

ئەو بەدرێژایی تەمەنی بنکە ڕیخۆڵەی نەخۆشەکانی بڕی بوو، ناخودئاگایانە بەردەوام بوو لەم کارە تائەو شوێنەی تەنانەت بەدیتنی وشەی ڕیخۆڵە وایدەزانی دەبێت بیقرتێنێت.

ڕەوشی ژیان و کاری ئێمە هەروایە. ژیانمان بەنائاگایی هاوشانە، ئەگەر هەماهەنگی ئێمە لەگەڵ ژیان بەبێ ئاگایی بێت، هەماهەنگی ڕاستەقینە نایەتە ئاراوە.

**خۆتبە... بەئاگابە**

# دوباره

---**---

ڕۆژێك گۆرانی بێژێك بۆ پێشكەشكردنی بەرنامەی خۆی ڕۆشت بۆ شارێك كەتاڕادەیەك خەڵكی ئەو شارە مۆسیقار بوون. هەموو كۆ بوونەوە تاگوێ لەهونەرەكەی بگرن. ئەو لەقۆناغێكی تازەدا بوو تەنها ئەلف بای مۆسیقای دەزانی هەمیشە دەچوو بۆ ئەو شوێنانەی خەڵكەكەی لەبارەی مۆسیقاوە هیچیان نەدەزانی، تاكو نەزانینی گەورەی ئەم دەركەوێ. بەڵام لەم شارەدا شارەزایانی بێ وێنە هەبوون، لەڕاستیدا مۆسیقای كلاسیك لەخوێنیاندا بوو.

ڕۆژی پێشكەشكردنی بەرنامە. هێشتا یەكەم بەشی ئاهەنگەكەی تەواو نەبو بوو هەموو هاواریانكرد "دوباره! دوباره!" لەدڵی خۆیدا وتی، "ئەم خەڵكە چەن سەیرن! بەڕاستی عاشقانی مۆسیقا لێرەن! دروست هەر ئەوەن كەمن لەبارەیانەوە بیستبووم."

دوباره بینەران هاواریانكردەوە، "دوباره! دوباره!" بەمجۆرە ئەو حەوت هەشت جار ئاوازەكەی دوباره كردەوە.

چیتر گەروی گیراو ماندو بوو.



Scanned with CamScanner

دواجار وتی: "من بەڕاستی لەژێر کاریگەری بەتینی عەشقی ئێوەدام، بەڵام بمبورن، لەمە زیاتر ناتوانم! بڕستم لێ بڕا."

ئەو کاتە بینەران بەیەك دەنگ هاواریانکرد: "پێویستە هێندە بخوێنیت تا بتوانی دروست بخوێنیت." لەتەواوی ئەو ماوەیەدا گۆرانی بێژی لاو وایدەزانی هاواری "دوبارە!" لەستایشی ئەودا بووە، بەڵام بینەران مۆسیقایان دەناسی، ئەوان هاواریان دەکرد، "ئەگەر هەناسەت تێدا نەماوە ناچاریت هێندە بخوێنیت تاکو بتوانی دروست بخوێنیت."

سەرنج:

ژیان گەلێ دەرفەتی فێرکاریی بۆ ڕەخساندوین، ئەگەر ئێمە وانەکانی ژیان فێربین، ڕەنگە دوپاتبونەوەی ئەو دۆخانە لەژیاندا نەبینینەوە ئەگەر سەرنجی دەرفەتەکانی فێرکاریی نەدەین.دوبارەو چەنبارە گیرۆدەی دۆخەکان دەبینەوە کە دەگەینە ژیریی و کەماڵی پێویست ئەم داستانەی تاکاتێ سەرنجی هۆی ڕوداوێك نەبین (ژێر بوون و بەدەست هێنانی ئاگایی زیاتر) نەبین دوبارە دەبێتەوە.



Scanned with CamScanner

ئەبراهام لینکۆڵن کوڕێ پیاوێکی پینەدۆز بوو کە دواتر بویە سەرۆك کۆماری ئەمریکا. دیارە هەموو بەگزادەو ئەشرافزدەکان گڕیان گرتبوو، دڵتەنگ و توڕە بوون. ئەمە هەرگیز ڕێکەوتێك نەبوو کەئەبراهام لینکۆڵن بێتە مایەی گومانی خراپ. ئەوان نەیاندەتوانی بەرگەی ئەم مەسەلەیە بگرن کەسەرۆك کۆماری ئەمریکا کوڕی کابرایەکی پینەدۆز بێت.

لەیەکەم ڕۆژدا کەڕۆشت تاکو لێدوانی خۆی لەگۆنگرێسی ئەمریکادا پێشکەش بکات، دروست ئەوکاتەی ویستی لەشوێنی خۆی هەستێت تاکو بچێتە سەر سەکۆی پێشکەش کردن. ئەشرافزادەیەکی باڵابەرز هەستاو وتی:

"بەڕێز لینکۆڵن، هەرچەن تۆ بەڕێکەوت پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری ئەم وڵاتەت گرتە دەست. بەڵام بیرت نەچێت هەمیشە لەگەڵ باوکت دەهاتیت بۆ ماڵی ئێمە تاکو پێڵاوی خۆمان و بنەماڵەکەمان نوژەن و خاوێن بکەنەوە، لێرە زۆرێك لەسیناتۆرەکان پێڵاوێکیان لەپێدایە کەباوکی تۆ دروستی کردوون. بۆیە هیچ کاتێ ئەسڵی خۆتت بیر نەچێتەوە."

ئەو پیاوە وایدەزانی بەمە سوکایەتی پێدەکات. بەڵام نەیتوانی سوکایەتی بەکەسێکی وەك ئەبراهام لینکۆڵن بکات. تەنها دەیتوانی

کەسانی بچوک کەداخیان لێدەهات. سەرشۆڕبکات.کەسانی بەڕێز بەرزترو مەزنترن لەسەکایەتی پێکردن.

ئەبراهام لینکۆڵن قسەیەکی کرد دەبێت ئێمە وەك ئەڵقە لەگوێی بکەین ئەو وتی:

" من سوپاست دەکەم کەدروست پێش لەیەکەم لێدوانم منت خستەوە بیری باوکم. باوکم هێندە خاوەنی شکۆ بوو، هێندە هونەرمەندێکی بەدی هێنەر بوو کەهیچ کەسێك نەیدەتوانی بەونایابیەی ئەو پینەدۆزی بکات. من چاك دەزانم هەرکارێك ئەنجام بدەم، هەرگیز ناتوانم بەئەندازەی ئەوەی ئەو کەبەدی دەهێنا. من سەرۆك کۆمارێکی مەزن بم، من ناتوانم پێشی ئەو بدەمەوە.

هاوکات دەمەوێ بەهەموو ئەشرافزادەکان ڕاگەێنم، ئەگەر ئەو پێڵاوە دەسکردانەی دەستی باوکم ئازاری قاچتان دەدات منیش هەمان هونەر لەبەردەستی ئەودا فێر بووم. دیارە من پینەدۆزێکی کارامە نیم. بەڵام لانیکەم دەتوانم پێڵاوەکانتان نۆژەن بکەمەوە، هێندە بەسە پێم بڵێن تاکو خۆم بەتایبەتی دێمە ماڵەکانتانەوەو ئەوکارەتان بۆ ئەنجام دەدەم."

بێدەنگییەکی گران بەسەر فەزای کۆڕەکەدا باڵی کێشاو سیناتۆرەکان تێگەشتن سوکایەتی کردن بەم پیاوە مەحاڵە.

**خۆتبە... شانازی بەخۆتەوە بکە.**



Scanned with CamScanner

# ئەو ڕستانەی شایانی تێڕامانن

**

- ئەوەی بەئاسانی بەدەست بێت. بۆ هەمیشە نامێنێتەوە.
- ئەوەی هەمیشە دەمێنێتەوەز بەئاسانی بەدەست نایەت.

***

- بەردێك هێندە بەرەو ژور دەڕوات هێزێکی لەپشتەوە بێت.

بەتەواو بوونی هێزەکە. کەوتن و بەربونەوەی بەردەکە شتێکی ئاساییە. بەلام سەرنجی چڵە گیایەك بدە!! کەچۆن لەژێر خاك و بەردەوە سەری دەردێنێت، تەنانەت چیمەنتۆو قیر دەقلیشێنێت سەری بەرز دەکاتەوە.

گەر تۆ بەئەندازەی ئەو چڵە گیایە، ڕەگ دابکوتیت لەژێر خاك و بەرددا، لەژێر نەریت و غەریزەو لەژێر قسەو هەواو هەوەسدا سەر دەربێنیت سەر بەرز دەبیت.

پیشەو ڕەگی تۆ، هەمان دەرکی تۆ، حەزو ئارەزوی تۆو هەڵبژاردنی تۆیە!

خەم خواردن بۆ لەدەسچونی شتێك وەکو ڕاکردنە بەشوێن ڕەشەبادا.

هەموو کەسێك دەتوانێ بێتە ژیانتەوە پێت بڵێت کەزۆر خۆشی دەوێیت. بەلام ئەمە لەکەسێکی تایبەت دەوەشێتەوە کەلەژیانی تۆدا "بمێنێتەوە" و"نیشانی بدات" چەندەی خۆشدەوێیت.



Scanned with CamScanner

# وەرەو چاکە بکە

**

گوتلیب وتی:

"رابی جاکوبز! من بۆ دانەوەی قەرزەکەم پێویستم بەپەنجا دۆلارە."

پاشان دەستیکرد بەگریان‌و وتی:

"من داوام لەخودا کرد کۆمەکم بکات. بەڵام وەك بڵێی تائێستا کۆمەك نەگەشتووە."

رابی وتی: "ئیمانی خۆت لەدەست مەدە. دوعا بکە."

دوای ئەوەی گوتلیب‌و رابی، لێك جیابوونەوە، رابی لەدڵی خۆیدا وتی: " خاوەن قەرزەکەم نەهاتووە! بەڵام ئەو هەژارە پێویستی بەپارە هەیە، باشترە لەگیرفانی خۆم بیست‌و پێنج دۆلاری پێ بدەم."

هەفتەیەك دواتر، رابی لەبەدەم گوتلیبدا وەستا وتی: "خودا ئەم پارەیەی بۆ تۆ ناردووە!"

گوتلیب بەرەو ماڵ ڕێی گرتە بەر، پاشان سەری دانەواند وتی:

"خودایە من سوپاست دەکەم! بەڵام ئەمجارە کەویستت پارەم بۆ بنێریت مەیدە بەڕابی. چونکە ئەو فێڵبازەو نیوەی پارەکە بۆ خۆی هەڵدەگرێت!"

**هەموو شتێك بەخودی ئێوە بەوەی دەیبینن وابەستەیە.**



Scanned with CamScanner

ئێوە دەتوانن وابزانن یەك رۆژ بەدوو شەو دەورە دراوە یان ئەوەی هەر شەوێك دوو رۆژی لەخۆ گۆتووە. ئەوە لێكدانەوەی ئێوەیە كارەكان بەجیاواز دەبینن.

سەرنجی گوڵێكی سوور بدەن، ئەگەر هەست بەگوڵی سوور بكەن، ئەگەر بۆنی گوڵی سوور بكەن. ئەگەر بوار بدەن بۆنە خۆشەكەی بخزێتە ناخ و دەرونتانەوە. ئەگەر تەڕو تازەیی تنۆكەكانی شەونم پرتەوی سەماكەری هەتاوی لەسەر هەست پێبكەن. ئەگەر لەزەتی دیتنی گوڵ و جوانی وەسف نەكراوی ئەزمون بكەن، چیتر دڕو داڵی گوڵی سوور ناكەوێتە بەرچاوتان! تەنانەت هەزاران دڕو داڵ بەچڵی هەر گوڵێكی سورەوە بێت ئەمە تەنها گوڵی سورە بەلای ئێوەوە گرنگە دڕكەكان شتێكی بێ نرخن، هەموو وردبونەوەیەكی ئێوە دەگۆڕێت تەنانەت ئەگەر لەدڕكەكان ورد ببنەوە ئەم وردبونەوەیە وردبونەوەیەكی نوێ دەبێت.

ئێوە دڕو داڵ وەك دوژمنی گوڵی سوور دەبینن بەڵكو ئەوان دەبێت بزانن ئەوان هەر ساتێ سەرگەرمی پاسەوانی گوڵەكانن. ئەوان هاوڕێن. پارێزگاری گوڵ و بەبێ هەبوونی ئەوان بەردەوامی ژیان بۆ گوڵی سوور مەحاڵە ئەو دڕكانە حەتمەن دەبێت هەبن.

كاتێ دەست بەدیتنی جوانییەكانی ژیان دەكەن. ناشیرینیەكان وردە وردە دەپوكێنەوە. ناشیرینیەكان وەك سێبەر دەڕۆن. ئەگەر بەشادیو خۆشییەوە لەژیان بڕوانن بێگومان خەم و ئازارەكان دەڕەوێنەوە، ئێوە ناتوانن لەیەك كاتدا بەهەشت و دۆزەختان پێكەوە هەبێت، بۆ ئێوە لەیەك ساتدا تەنها هەبوونی یەكێكیان گونجاوە. ئێستا



Scanned with CamScanner

خۆتان سەرپشكن لەیەك ساتدا كامیانتان هەبێت. ئەگەر دۆزەختان دەوێت. دەتوانن هەر ئەو دۆزەخەتان هەبێت. ئەگەر بەهەشتتان بوێت، بەهەمانشێوە.

خۆتان سەرپشكن، هەڵبژاردنی هەریەكێ لەوانە بەدەست خۆتانە ئەمەش پەیوەستە بەوەی ئێوە چ لێكدانەوەیەكتان هەبێت.

**خۆتبە... ئەندێشەو هەڵبژاردنی نایابت هەبێت**

Scanned with CamScanner

# فەنا بوون

**

مرۆڤ دەبێت فەنا ببێت تاکو خودا دەرکەوێ. تەنها شتێك پێویستە ئەم دەرکەوتە سادەیە نادیار بێت. بەڵام چونکە نامانەوێ لەناو بچین. تەواوی ئەو کردارە تاقەتپڕوکێن دەبێت. دەست دەکەین بەیاری کردن. لەلایەك خودامان دەوێ و لەلایەکیش دەمانەوێ خۆمان بپارێزین.

لەبایەزیدی بەستامییەوە دەگێڕنەوە:

ڕۆژێك لەگەڵ موریدەکانی بەڕێگەیەکدا دەڕۆشتن، تووشی سەرێکی بڕاو بوون. لەسەر تەوێڵی ئەم ئایەتە قورئانیە نوسرابوو "هەم دنیاو هەم ئاخیرەتی لەدەست دەچێت."

بایەزید کەللە سەرە بڕاوەکەی هەڵگرتەوەو ماچی کرد. کاتێ موریدەکان لێیان پرسی ئەمە کێ بوو؟ ئەو وەڵامیدایەوە: "ئەمە سەری دەروێشێکە کەهەردوو دنیای بۆ خودا لەدەستداوە. من هێشتا نەمتوانیوە وەك ئەو بکەم، من گەشتومەتە ئەو خاڵەی ئەمەش دەتوانێ بەسەر مندا بێت بەڵام ئەو دەرفەتەم فەوتاندووە."

مرۆڤ دەبێ بۆ گەیشتن بەخودا هەردوو دنیا بدات، دەبێت هەموو شتێك بخاتە پێناوی، تەنها بەم شێوەیە دەتوانێ خودا بەدەست بێنێت.

**خۆتبە... لەکۆت و بەندی خۆت ڕەهابە.**



Scanned with CamScanner

# گۆڕان لەخۆتەوە دەست پێ بکە

**

پیاوێکیان بەتۆمەتی دزیکردن بردە بەردەمی قازی شاری ئارکانزاس.

قازی سەیرێکی پیاوەکەی کرد وتی: "ئایا تۆ ناوت جیم مورە؟"

- "بەڵێ، قوربان"
- "ئایا دەزانی سزای تاوانەکەی تۆ ساڵانێك زیندانە؟"
- "بەڵێ، قوربان"
- "ئایا دان بەتاوانەکەی خۆتدا دەنێیت؟"
- پیاوەکە شانەکانی هەڵتەکاند وتی: "بەڵێ، قوربان"
- "ئایا داوای لێبوردن و بەخشینم لێناکەیت؟"
- "نەخێر قوربان"

قازی بەدڵڕەقییەوە بزەیەکی کردو وتی: "تۆ دوو ساڵی کۆتایی گرفتی زۆرت هەبوو؟"

- "هەمبوو قوربان"
- " زۆرجار ئاواتت دەخواست بمریت؟"
- "بەڵێ، قوربان، بەڵێ!"



Scanned with CamScanner

- "تۆ دەتویست پارەیەکی تەواو بەدەست بێنیت تاکو لەشاری ئارکانزاس دورکەویتەوە؟"
- "دروستە قوربان"
- "ئەگەر کاتێ لەفرۆشگەیەکدا دزی بکەیت کەسێك تەقەت لێ بکات و بتکوژێت، تۆ پێی دەڵێیت: "سوپاس، بەڕێز" وانییە؟"
- "ئاه، بەڵێ، قوربان، بەڵام قازی، بەڕاست چۆن ئەم هەموو زانیارییە لەبارەی منەوە دەزانیت؟"

قازی بەویقارێکی تایبەتەوە وتی: "ماوەیەك لەمەوپێش من ژنەکەم تەڵاقدا. دوای ئەوە شووی بەتۆ کرد. ئەنجام دیارە. من بەئەستۆ پاك کۆتایی بەدادگاییەکەت دێنم. وەرە ئەم پەنجا دۆلارە وەربگرە. تۆ بەئەندازەی تەواو ڕەنجت کێشاوە!"

بێجگە لەزەینی خۆمان، ڕێگەیەك بۆ گۆڕان و گۆڕانکاریی بوونی نییە، تۆ دەبێت بزانیت ئەگەر ئەم ژنە تەڵاق بدەیت دۆخەکەت باش دەبێت. تۆ لەهەڵەدایت. تەواو لەهەڵەدایت. تۆ هیچ شتێك لەبارەی دەرونی مرۆڤەوە نازانیت. تۆ جارێکی دیکە دەکەویتەوە هەمان داو. تۆ جارێکی دیکە بەدوای ژنێکدا دەگەڕێیت. تۆ زۆر بیری ئەم ژنە دەکەیت. ئەویش بیری تۆ دەکات. جارێکی دیکە ئەم ژنەت دەسدەکەوێتەوە. سەیری زەینی خۆت بکە. دەبێت کارێکی لەگەڵ بکەیت ئەمە دەرکەوتنی تۆیە. ئێمە نازانین ئەو چی دەڵێت. ئەگەر ئێمە هەموو قسەکانی تۆ وەربگرین ئەوا دەرهەق ئەو ژنە نادادوەریمان کردووە ڕەنگە تۆ پەنجا لەسەد لەسەر هەق بیت، بەڵام ئەی پەنجا لەسەدەکەی دیکە چی؟



Scanned with CamScanner

تـۆ دەتوانـیٚ ژیـانی خـۆت بگۆڕیـت. بـەڵام بـیر لـەوە مەکـەرەوە هاوسەرەکەت بگۆڕیت، ئەمە کارێکی هەڵەیە، تۆ خۆت بگۆڕە گۆڕانێکی بنەڕەتی. ئەو کارانەی هەمیشە ئەنجامت دەدان دەستیان لیٚ بکێشەوە. کارگەلێك ئەنجام بدە کەپێشتر هەرگیز نەتدەکردن. لەڕەگ و ڕیشەوە بگۆڕیٚ. ببەو بەوکەسە نایابەی کەخۆت پێت سەیر بێت، هاوسەرکەشت دەبێتـە کەسێکی تـازە بـۆ کاردانـەوەی بـۆ تـۆ ئـەو دەبیٚ چـی بکـات. لەسەرەتاوە بۆ ئەو دژوارە چونکە وەك ئەوەیە شووی بەپیاوێکی دیکە کردبێت. بەڵام وردە وردە دەبینیت ئەگەر تۆ توانیت بگۆڕییت چۆن ئەو ناتوانێت. هەرگیز باوەڕ مەکە بتوانی کەسێکی دیکە بگۆڕیت، لەهەر پەیوەندییەکدا گۆڕان لەخودی خۆتەوە دەست پێبکە.

ژیان هێشتا دەتوانیٚ بەهەشت بێت. هەرگیز درەنگ نییە بەڵام بۆ گۆڕان تەنها پێویستی بەبوێرییە. تەنها شتێك پێویستی سەرەکی بێت بڕێك هۆشیاری زیاترە ڕەفتارت باخودکار نەبێت. تـەنها ببینە تائێستا چیت کردووەتـۆ هـەمان ئـەو کارانـە دەکـەیت هاوسـەرت کاردانـەوە دەنوێنیٚ و ئـەم نمونەیـە دەبێتـە جێگـرەوەی. هـەموو ئـەو ژن و مێردانە ببینـە. ڕەفتـاری ئـەوان تاڕادەیـەك شـایانی پـێش بینیـە. بـەیانی مێرد ڕۆژنامەکەی دەکاتـەوە دەسدەکات بەخوێندنـەوە ژن هـەمان ئـەو شتانە دەڵێـت کەسـاڵانیٚ خـووی پێـوە گرتـووە. مێـرد بەهەمانـشێوە ڕەفتـار دەکـات. ڕەفتـاری ئـەوان تاڕادەیـەك دروسـتکراوو بەرنامەڕێـژیی کـراوە. تـەنها هێنـدە بەسـە گۆڕانکارییـەکی بچوك بکـەیت و ئـەنجامێکی سەیر بەدەست بێنیـت. سـەبی بـەیانی لەسـەر نیـشتۆکەکە دانیشەو ڕۆژنامە مەخوێنـەوە، دەسـت بکـە بەخاوێنکردنـەوەی ماڵـەوەو بزانـە چـی ڕوو



Scanned with CamScanner

ئەدات. چاوەکانی هاوسەرەکەت لەسەرسامیدا دەبریسکێتەوە ئەو توانای ئەوەی نییە لەتۆ تێبگات چیت بەسەر هاتووە. کاتێ هاوسەرەکەت دەبینی بزەی بۆ بکەو لەئامێزی بگرە ئەو زۆری پێ سەیر دەبێت تۆ هەرگیز بەمجۆرە لەئامێزت نەگرتووە، سالانێك تێپەڕیوە تۆ نیگای چاوەکانی ئەم ژنەت نەکردوە.

ئەمشەو ڕوبەڕوی دانیشە سەرنجی چاوەکانی بدە، سەرەتا ئەو وادەزانێ تێکچویت، بەڵام خەمت نەبێ. دەستی بگرەو دڵخۆشبە. ئەگەر ناتوانی بەڕوخسار بزەی بۆ بکە بەبێ هیچ شتێك!

ئایا بیرت ماوە ماوەی چەندە دەستەکانیت نەگرتوون؟ ئایا تا ئێستا بەیانیەك لەگەڵ خۆت بردوتە بۆئەوەی پێکەوە پیاسەیەك بکەن، یان شەوێکی مانگەشەوی تەواو لەگەڵ خۆت بردوتە بۆ دەرەوە. دیارە ئەویش خاوەنی هەستو سۆزەو عەشقێکی هەیە.

ئایا وەك مرۆڤێکی خاوەن هەست ئەو ڕێزو بەهایەت بۆ هاوسەرەکەت داناوە؟

ئەو کاتەی توڕە دەبێت ئاساییە: ئەگەر هەستی ناکامی بکات ئەو هیچ خۆشییەکی دیکەی لەژیاندا نییە، هیچ شتێکی پڕ ماناو گرنگی لەژیاندا نییە. ئایا تا ئێستا ڕویداوە بەبێدەنگی لەلای دانیشیت دەستەکانی بگریتو بەبێ هیچ وشەیەك هەستی پێ بکەیتو بوار بدەی ئەویش هەستت پێ بکات؟

بۆی پێبکەنە. پێکەوە گوێ بیستی مۆسقا ببن. لەپشووەکاندا سەردانی شوێنە جوانو خۆشەکان بکەن. نەوزاشی بکە. چونکە کاتێ ئەندامەکان نەوازش نەکرێن دەست دەکەن بەگرژبوونو چونەوە یەك

ئەو کاتەش تۆ دەڵێی: بۆچی هاوسەرەکەم جوان نییە؟ تۆ بازنەیەك ناخولقێنیێ ئەو جوانی خۆی تێدا نمایش بکات.

ئەگەر کەسێکت خۆشبوێت، دەسبەجێ ئەو کەسە جوان دەبێت. عەشق کیمیاگەرێکی مەزنە. بەچاوی عاشقانەوە لێی بڕوانە لەناکاو دەبینی حاڵەتی دەگۆڕێت. ڕوخساری دەدرەوشێتەوە. خوێنێکی زیاتر بەڕوخساریدا دێت و دەچێت رازاوەترو جوانترو هۆشمەندتری دەکات. ئەمەش وەك پەرجویەکی لێ دێت.

بەڵام تەرزی بیرکردنەوەکانمان تەواو هەڵەیە. ئێمە فەرامۆشمان کردووە چۆن ژیان بکەین: بەهەستەوە، بەسۆزو خۆشەویستیەوە، هەستەکان هەروەك هەموو شتێکیتری ئیلاهییە. تەواوی وجودی ئیلاهییە.



Scanned with CamScanner

# باشترین ڕێسای گۆڕینی کەسەکان

**

تۆ کەسانیتر فێر دەکەیت چۆن هەڵسوکەوتت لەگەڵ بکەن.

کاتێ تۆ دەگۆڕێیت ئەوانیش دەگۆڕێن.

کاتێ لەڕێز گرتنی خودی خۆتدا دەسبەکار دەبیت، لەڕاستیدا ڕەوشی هەڵسوکەوتێکی بەڕێزانەی خۆتت فێری ئەوان کردووە.

کاتێ لەپەیوەندییەکانتدا وەك کەسێکی بەهێز دەردەکەویت. کەسانیتر فێر دەبن ڕوبەڕوی کەسێکی بەهێز دەبنەوە.

دەتەوێ کەسەکەکان بگۆڕیت؟

باشترین ڕێگەی گۆڕینی ئەوان بەدی هێنانی گۆڕینی خودی خۆتە.

تۆ خۆت باشتر بکە تاهاوڕێکانت هەڵسوکەوتێکی باشتر لەگەڵ تۆدا بکەن.

"مەسعود لەعلی"



Scanned with CamScanner

# بژاردەی ووتەکانی ناپلیۆن هیل:

**

- دسـپەنجێکی زۆرو ئـەرکێکی کـەم. ئـەم دووانـە ڕاسـتییەکن بەدەگمەن پێکەوە دەردەکەوون.
- ئەگەر بەسەر هەناسەکانی خۆتدا زاڵ نەبیت ئەو بەسەرتدا زاڵ دەبێت.
- ترس، شتێك نییە بێجگە لەزەینی خۆت.
- کردار، پێوەری ڕاستەقینەی هۆشە.
- ئەگـەر دەم لـەخراپی کەسـانیتر دەکوتیـت، بێدەنگبـەو ئەوانە لەسەر زیخی ڕۆخی ڕوبارێك بنوسە.
- جیهان، عادەتی ئەوەی هەیە دەرفەتی چاکسازیی بڕەخسێنێت کارەکانی نیشاندەری ئەوەیە بەرەو کوێ دەڕوات.
- زۆربـەی کەسـانی سـەرکەوتوو. تـەنها بەیـەك هـەنگاو بـەرەو گەورەترین شکستی خۆیان گەورەترین سەرکەوتنیان مسۆگەر کردووە.
- دەرفەتی گەورەی ژیانی ئێوە، ڕەنگە هەر ئەمێستا بێت.
- دەرفـەت، زیـاتر لـەجلێکی گـۆڕاو بەشـێوەی بەدبـەختی یـان شکستی کاتی دێتە پێشەوە.



Scanned with CamScanner

- خۆ فریودان، نەریتێکی نەخوازراوو پەکخستنی کارەکانی دوێنێ و پێرێیە بۆ سبەی.
- شکست، نەخشەی سروشتە، تاکو بۆ ئەرك و بەرپرسێتی گەورە ئامادەتان بکات.
- ترس لەرەخنەکان. رەگی وێرانیی زیاتر ئەو ئەندێشانەیە کەهەرگیز بەقۆناغی بەرنامرێژیی و کردار نەگەشتووە.
- هیچ کێلگە گەنمێك نییە بەروبومی زیاتر لەکاتی چاندنی نەبێت.
- ئەو کەسەی سەرەرۆیی ناکات. دەبێت ئەو کاتەی کەسانیتر بێ وچان لەحاڵەتی هەڵبژاردندان. ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو هەڵی بژێرێت.
- جیهان، بەمرۆڤەکان لەبارتەقای زانستەکانیان پاداشتێك نادات.
- رێك لەو شوێنەی لێی وەستاویت دەسبەکاربە، نەریتی رۆشتنی چەن میلیك زیاتر بەپێشکەشکردنی خزمەتی زیاترو باشتر دەربارەی ئەوەی ئێستا پارەی لەسەر وەردەگریت، بەکاربێنە.
- خەڵکی لەسەرەرۆیی کردن لەکارو بازرگانیدا خۆیان بەدور دەگرن. چونکە لەو رەخنەیە دەترسن کەرەنگە بەدوای شکستەکەیاندا بێت.
- گرنگترین مەرجی دەوڵەمەندبوون. خووگرتنە بەئەندێشەی و بیری بەسوودەوە.

# کچانی نایاب

**

"ئەو کچانەی لەخێزانە هەڵوەشاوەکاندا گەورە دەبن، ڕوخسارێکی هێندە سەرنج ڕاکێشیان نییە!" بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەزانکۆی ئاندریۆ ئەنجام دراوون. دەریخست ئەو کچانەی باوك‌و دایکیان لێك جیابونەتەوە یان پەیوەندییەکی باشیان پێکەوە نییە. ڕوخسارێکی گرژو پیاوانەتریان دەبێت.

لەم توێژینەوەیەدا، فۆرمی ڕوخسارو جەستەی ٢٢٩ ژن خرایە ژێر لێکۆڵینەوەو دەرکەوت، ئەو ژنانەی لەخێزانی ئاسودەدا گەورە بوون‌و پەیوەندییەکی بتەوی نێوان باوك‌و دایکیان هەبووە ڕوخسارێکی جوانترو ژنانەتریان هەیەو لەهەمووان ساغترن، ڕەنگە ئاکامی ئەو توێژینەوەیە لەگەڵ ئاستی بەرزی هۆرمۆنی "تستوسترۆن" لەم ژنانەدا پەیوەندی هەبێت. بەڵام هێشتا دەرنەکەوتووە ئایا بەرزتربونی تستوسترۆن لەو کەسانەی باوك‌و دایکیان جیابونەتەوە، ژینتیکییە یان بەهۆی ئستریسەو ژیانێکی ناخۆشەوە بەدی هاتووە.

لەم توێژینەوەیەدا فۆرمێك بەو کەسانە درا دەربارەی دۆخ‌و چۆنێتی ژیانیان پڕ بکرێتەوە هاوکات هەمان فۆرم بەپێچەوانەکاینان درا، دەرکەوت ئەو ژنانەی باوك‌و دایکیان پێکەوە پەیوەندییەکی



Scanned with CamScanner

بتەویان هەبووە بەشێوەیەکی بەرچاویی ڕوخسارێکی نایابتریان سەبارەت بەو کەسانە هەیە کەدایكو باوکیان لێك جیا بونەتەوە.

ئەو کەسانەی باوكو دایك لێك نەترازابوون بەڵام پەیوەندی بتەویان پێکەوە نەبووە لەڕوی نایابییەوە ڕوخساریان لەنێوان ئەو دەستەیەدا بوو.

لەتوێژینەوەیەکی دیکەدا کەلەسەر ٨٧ کەس لەخانمانی جوان ئەنجامدرا دەربارەی کێشو کەمەرو دەوری شانو سنگیان، دەرکەوت گەشەکردن لەخێزانی ئاڵۆزو نائارامدا هۆکاری باڵاچوونی ئەندازەی دەوری کەمەرو ڕوخساری پیاوانەترە.

بەگریمانەیەکی زۆر سوڕی مانگانە لەم کچانەدا زووتر دەست پێدەکات زووتر لەهاوتەمەنی خۆیان هاوسەرگیریی دەکەنو منداڵیان دەبێت کەدەتوانێ لەتێکشکانو تێکچوونی زووتری ڕوخسارياندا کاریگەری بەتینی هەبێت.

# ده فەرمان

لەسەردەمی کۆندا مرۆڤەکان گەلێك ستەمیان لەیەکتر دەکردو ئەو پەڕیِ زوڵم و ستەم لەنێویاندا باو بوو.

تاکو پەیامێك لەلایەن خودا وە بۆ ئەوان ڕەوانەکرا...!

ده فەرمان!!!

١. ... هیچ کەسێك، کەسێکی دیکە نەکوژێت.

٢. ... هیچ کەسێك، دەسدرێژیی نەکاتە سەر کەسێکی دیکە.

٣. ... هیچ کەسێك، درۆ لەگەڵ کەسێکی دیکەدا نەکات.

٤. ... هیچ کەسێك، کەسێکی دیکە تۆمەتبار نەکات.

٥. ... هیچ کەسێك، لەپاشە ملە باسی کەسێکی دیکە نەکات.

٦. ... هیچ کەسێك، ماڵی کەسێکی دیکە نەخوات.

٧. ... هیچ کەسێك، زۆر لەکەسێکی دیکە نەکات.

٨. ... هیچ کەسێك، خۆی لەکەسێکی دیکە بەگەورەتر نەزانێت.

٩. ... هیچ کەسێك، لەکاری کەسێکی دیکەدا سیخوڕیی نەکات.

١٠. ... هیچ کەسێك، کەسێکی دیکە نەپەرستێت.

دوای ئەمە سالآنێکی دژوار بەسەر شەیتان و هاوکارانیدا تێپەڕیی تا ئەوەی ڕۆژێك شەیتان بیری لەڕێچارێك کردەوە.



Scanned with CamScanner

ئەو وتی: هاوڕێیان وشەیەکم دۆزیوەتەوە زۆری لێی بێزارم، بەڵام بەو زوانە بەلکاندنی تەنها ئەو وشەیە بەو دە فەرمانەوە هەموو شتێك لەبەرژەوەندی خۆماندا دەبێت.

دە فەرمانەکە بەمجۆرەی لیٚ هات:

١. ... هیچ کەسێك، کەسێکی ئیماندار نەکوژێت.

٢. ... هیچ کەسێك، دەسدرێژیی نەکاتە سەر ئیمانداریك.

٣. ... هیچ کەسێك، درۆ لەگەڵ ئیمانداریکدا نەکات.

٤. ... هیچ کەسێك، کەسێکی ئیماندار تۆمەتبار نەکات.

٥. ... هیچ کەسێك، لەپاشە ملە باسی ئیمانداریك نەکات.

٦. ... هیچ کەسێك، ماڵی کەسێکی ئیماندار نەخوات.


٧. ... هیچ کەسێك، زۆر لەکەسیچکی ئیماندار نەکات.

٨. ... هیچ کەسێك، خۆی بەگەورەتر لەئیمانداریك نەزانێت.

٩. ... هیچ کەسێك، لەکاری ئیمانداریدا سیخوڕیی نەکات.

١٠. ... هیچ کەسێك، کەسێکی دیکە نەپەرستێت! مەگەر ئەوەی ئیمانێکی بتەوی هەبێت!

کەواتە هاوڕێیان، بەرەو مرۆڤەکان هەنگاو بنێن دودڵیان بکەن کاریك بکەن هیچ کەسێك، کەس بەئیماندار نەزانێت. بێجگە لەوەی لەدنیا دەرچوون!






Scanned with CamScanner

# داستانی باوکێکی گوندیی و کوڕەکەی

—**—

ڕۆژێـک بـاوکو کـوڕێکی گونـدیی دەچـنە مەڵبەنـدێکی بازرگـانی گەورەوە. کوڕەکە سەرنجی دوو دیواری بریقەداری زیوینیدا بەشێوەی ڕاکێـشان لەیـەك دور دەکەوتنـەوە دوبـارە پێکـەوە دەچەسـپینەوە، لـەباوکی پرسـی: ئەمـە چییە؟ باوکی بەهـەموو تەمـەنی ئاسانسواری نەدیتبوو وتی: کوڕەکەم تائێستا من شتی بەوجۆرەم نەدیتووە.

لـەم کاتـەدا ژنێکـی زۆر قەڵـەویان بـینی لەسـەر گالیـسکەیەك دانیشتبوو لەو دیوارە زیوینە نزیك کەوتەوە بەدەستی فشاری لەشتێك کـرد لەسـەر دیوارەکـە دیـوارە بریقەدارەکـە لێـك جیابویـەوە ئەو ژنە بەزەحمەت خۆیکرد بەژورێکی بچکۆلانەدا. دیوار داخراو باوكو کوڕ هەدوکیان چاویان بەژمارەکانی سەرو ئاسانسوارەکە کەوت کەلە ژمارە یەکـەوە دەسـتی پێکـردو لـەژمارە سـییدا وەسـتا، هـەردوکیان بەواق بوونـەوە تەماشـایان دەکـرد لـەناکاو دیتیـان ژمارەکـان بەپێـچەوانەو بەهێواشـیی تـاکو ژمـارە یـەك هاتـەوە، لـەم کاتـەدا دیـوارە زیوینەکە کرایـەوە ئـەوان سەرسـام بـوون و کـچێکی قژ زەردیـان بـینی لەو ژورە بچوکەوە هاتە دەرەوە.

باوکی نەیدەتوانی چاوی لەسەر ئەو کچە لابدات ڕویکردە کوڕەکەی وتی: کوڕەکەم خێرا بڕۆ دایکت بێنە بۆ ئێرە.

سەرنج: کاتێ کەسێك لەبەر جوانی تۆ هەڵدەبژێرێت،

ڕۆژێکیش دێت بەهەمان هۆ لێت دوردەکەوێتەوە.

# ڕازی ئەفراندنی "تەنز"

**

خودا کەری دروستکردو پێی ووت:

تۆ باربەری دەکەیت، هەرلەبەیانییەوە تاکو ئێوارە، هەمیشە باری گرانت لەسەر دەبێت. تۆ گژو گیا دەخۆیت بەهرەیەك لەئەقڵ نابەیت و پەنجا ساڵیش دەژیت.

کەر، وەڵامیدایەوە:

خودایە!! من دەمەوێ کەر بم، بەڵام پەنجا ساڵ بۆ کەرێکی وەك من تەمەنێکی درێژە. کارێك بکە تەنها بیست ساڵ بژیم، خودا ئارەزوی کەرەکەی بەدی هێنا.

خودا سەگی دروستکردو پێی وت:

تۆ پاسەوانی ماڵی مرۆڤەکانیت باشترین هاوڕێ و وەفادارترین هاودەمی مرۆڤیت. ئەو خواردنەی بەتۆی دەدەن بیخۆو تەمەنت سیی ساڵ دەبێت.

سەگ وتی: سیی ساڵ ژیان تەمەنێکی درێژە کارێك بکە من تەها پانزە ساڵ بژیم. خودا ئارەزوی سەگی بەدی هێنا.

خودا مەیمونی دروستکردو وتی:

تۆ لەملا بۆ ئەولا و لەم چڵەوە بۆ ئەو چڵ خۆت هەڵدەدەیت و بۆ سەرگەرمکردنی کەسانیتر کاری سەیرو سەمەرە دەکەیت تەمەنت بیست ساڵ دەبێت.

مەیمون وتی:



Scanned with CamScanner

بیست ساڵ تەمەنێکی درێژە، من دەمەوێ دەساڵ بژیم، خودا ئارەزوی مەیمونی بەدی هێنا.

سەرەنجام خودا مرۆڤی دروستکردو پێی وت:

تۆ مرۆڤیت و تاکە دروستکراوێکی هۆشمەندی سەر زەوی، تۆ دەتوانی سوود لە هۆشی خۆت ببینیت سەروەری هەموو بونەوەران لەئەستۆ بگریت و بەسەر هەموو دنیادا زاڵ بیت بیست ساڵ بژیت.

مرۆڤ وتی: گەرچی من حەز دەکەم مرۆڤ بم بەڵام بیست ساڵ تەمەنێکی کەمە بۆ ژیانی من ئەو سیی ساڵەی کەر نەیویست و ئەو پانزە ساڵەی سەگ نەیویست و ئەو دەساڵەی مەیمونم پێ بدە.

بەمجۆرە خودا ئارەزوی مرۆڤی بەدی هێنا.

لەوساوە تا ئێستا مرۆڤ تەنها بیست ساڵ وەکو مرۆڤ دەژی!

دوای ئەوە هاوسەرگیریی دەکات سیی ساڵ وەکو کەر کار دەکات و دەژی و باربەری دەکات.

دوای ئەوەی منداڵەکانی گەورە بوون، وەك سەگ پانزە ساڵ ئەو ماڵەی ژیانی تێدا دەکات پاسەوانی دەکات و هەرچی پێبدەن دەیخوات!

کاتێکیش پیر بوو، وەکو مەیمون دەژی لەماڵی کوڕەکەیەوە دەچێت بۆماڵی کچەکەی هەوڵدەدات وەکو مەیمون نەوەکانی سەرگەرم بکات!

ئەمەش ئەو ژیانە بوو کە مرۆڤ داوای لەخوا دەکرد.

**خۆتبە... مرۆڤبە**



Scanned with CamScanner

# دڵبەستەیی

**

ڕۆژێك گەدایەك چوو بۆ دیدەنی دەروێشێك و بینی ئەو لەسەر دۆشەکێکی ئاوریشمی لەنێو چادرێکدا کەتەنافەکانی بەمێخی تەڵایی داکوتراوون دانیشتووە. گەدا کاتێ ئەمەی بینی هاواری کرد: ئەمە چ حاڵێکە؟ دەروێشی بەڕێز! من باس و خواسێکی زۆرم دەربارەی گۆشەنشینی و زاهیدی تۆ بیستووە بەڵام بەدیتنی ئەم هەموو جوانی و نەشەنگیەی لەدەوری تۆدایە تەواو گێژ بووم. دەروێش بزەیەکی کرد وتی: من ئامادەم لەمانە دور بکەومەوە لەگەڵ تۆدا بم، بەوتنی ئەم قسەیە دەروێش هەستا و بەدوای گەدادا بەڕێ کەوت. ئەو تەنانەت خۆی دوانەخست تاکو کەوشەکانی لەپێ بکات.

دوای ماوەیەکی کەم، گەدا بەناڕەحەتی وتی: من کاسەی گەداییەکەم لەچادرەکەی تۆدا بەجێ هێشت، من بەبێ کاسەی گەدایی چی بکەم؟ تکایە کەمێ بۆستە تاکو بچم کاسەی گەداییەکەم بێنمەوە.

دەروێش پێکەنی وتی: مێخە تەڵاییەکانی چادرەکەی من بەزەویدا ڕۆچوون چادرەکەم کەوتووە لەدڵمدا نەماوون، بەڵام کاسەی گەداییەکەی تۆ هێشتا بەدوای تۆدا هەڵوەدایە.

لەدنیادا بوون وابەستەیی نییە. وابەستەیی. هەبوونی دنیا لەزەیندایە. کاتێ دنیا لەزەیندا نەمێنێتەوە، وابەستەیی دەردەکەوێت.



Scanned with CamScanner

# ئەدەبیاتی پشتی کامیۆنێك

**

- قوربانی وجودت کەوجودم لەوجودت هاتۆتە وجود دایە.
- پەلە مەکە مەنزڵ خاکە.
- خۆزگە ڕێگەی ژیانیش گێڕی بەگی دەبوو.
- خۆزگە چارەنوس لەسەرەوە دەنوسرایەوە.
- خێرا ڕۆشتن پیاوەتی نییە، چاوەڕێی گەڕانەوەتم.
- یا ئەقدەس یا هیچ کەس.
- هەموو لەمەرد دەترسن من لەهاوڕێی نامەرد.
- لەبیاباندا سەدان ساڵ سەرگەدان بیت باشترە لەماڵدا موحتاجی نامەردان بیت.
- سەرەنجام دەرکرام لەقوتابخانە.



Scanned with CamScanner

# ڕستەی نایاب

**

بەپیاوێکی عاریفیان وت: بەزمانێك دوعا بکە گوناهی پێنەکرابێ. تادوعاکەت وەڵام بدرێتەوەو قبوڵ بێت.

عاریفەکە وتی: چۆن؟

پێیان وت: بەخەڵکی بڵێ دوعات بۆ بکەن، چونکە تۆ بەزمانی ئەوان گوناهت نەکردووە.

***

دەزانیّ بۆچی ناگەیت بەخواستەکانت؟

چونکە بوونەکانت لەخواستەکانت زیاتر خۆشدەوێت،

هەرکاتێ بتوانیت بوونەکانت لەدڵ دەربکەیت، ئەوکاتە هەنگاوێك لەخواستەکانت نزیکتر دەبیتەوە ئەمەش دەسپێکی هەوڵەکانی تۆیە...

***

لۆمەی دۆستان دەکرێت، لۆمەی بێگانە ناکرێت، وەك ئەوەی دار لەقاڵی دەدەرێت تاگەردو تۆزی بتەکێت.

(فیە مافیە)

ئەوەی دەمانەوێ نیمانە
ئەوەی هەمانە نامانەوێ
ئەوەی حەزی لێدەکەین نیمانە
ئەوەی هەمانە حەزی لێناکەین
سەیرە کەهێشتا هیواداری بەیانییەکی ڕوناکین...



Scanned with CamScanner

# ژیان چی دەڵێت؟

——**——

ئەمڕۆ لەخەو بێدار بوومەوە لەخۆم پرسی: "ژیان چی دەڵێت؟" وەڵامـــم لەژوورەکەمـــدا وەرگرتـــەوە. پانکـــەی ژوورەکـــە وتـــی: "خوێنسارده."

بنمیچ وتی: "ئامانجی بەرزت هەبێت."

پەنجەرە وتی: "دنیا بەجوانی ببینە."

سەعات وتی: "هەموو چرکەیەك بەنرخە."

ئاوێنە وتی: "پێش هەر کارێك بیر لەڕەنگدانەوەی بکەرەوە"

ڕۆژ ژمێر وتی: "ڕۆژێکی خۆش."

دەرگا وتی: "لەڕێی ئامانجەکانت، سەختیەکان کەنار بدە."

زەوی وتی: "بەبێ دەماریيەوە نزا بکە."

> خۆتبە... بەڵام لەهەموو
> شتێك و هەموو کەسێکەوە فێربە.



Scanned with CamScanner

# هەڵەکانی ژیان

---**---

پیرەمێردێـك بەتــەنیا لەگوندێکـدا ژیـانی دەکـرد، هــەموو ڕۆژێــك بەچاکەتێکی درێـژو پینـەدارەوە بـەدەوری گوندەکـەدا پیاسـەی دەکـرد تاسەرنجی خەڵکی ڕاکێشێت.

ڕۆژێك ڕێبوارێك بەگوندەکەدا تێپەڕیی بەدیتنی پیرەمێردو جلەکانی زۆر سەری سوڕما و لێی پرسی: ڕەنگی پینـەکانی چاکەتەکەت زۆر بەرچاوییەو چۆن بەمجۆرە جلەوە دێیتە دەرەوە!؟

پیرەمێرد وتـی: هـەر ڕەنگێك بەچاکەتەکەمەوەیە نیشانەی هەڵـەی یەکێ لەهاوسێکانمە، حەز ناکەم هەڵەکانیان فەرامۆش بکەم بۆیە بۆ هــەر هەڵەیــەکی ئــەوان ڕەنگــێکم بــۆ پینــەکان دانــاوە دوریمــە بەچاکەتەکەمەوە.

پاش کەمێ ڕێبوارەکە وتـی:

پینە ڕەنگ سپییەکانی ژێر باڵت چ مانایەکیان هەیە؟ ئایا ئەوانیش بەهۆی هەڵەی هاوسێکانتەوەیە؟

پیرەمێـرد بەناڕەحەتییـەوە وتـی: ئـاه، ئـەوە نیـشانەی هەڵـەکانی خۆمە، دەمەوێ لەشوێنێکدا بن دەرنەکەوون.

ڕەنگـە ئـەم ڕەفتـارە ڕۆژێـك حـاڵی ئێمـەش بگرێتـەوە، کەهـەموو هەڵەکانی خۆمان ببینین و کەسانیتر هێندە گەورە نەکەین.



Scanned with CamScanner

# گاڵتەی چارەنوس

——**——

گەڤەزنێکی[1] تینوو هاتە سەر جۆگەیەك دوای ئاو خواردنەوە وێنەی خۆی لەئاوەکەدا بینی، شاخە گەورەو درێژەکانی بەبازوی بەهێزی گرت بەڵام لەقاچە باریك و ناشرینەکانی خۆی ناڕازی بوو.

لەکاتێکدا لەئەندێشەدا نووقم بوبو، لەناکاو شێرێك پەیدابوو خۆی بۆ هەڵدا، گەڤەزن بازێکیداو بەئاسانی لەشێر دورکەوتەوە، چونکە هێزی گەڤەزن لەقاچیدایەو هێزی شێر لەدڵیدا، تائەو شوێنەی فراوان بوو توانی لەدەستی شێر هەڵبێت بەڵام کاتێ گەشتە جەنگەڵێکی چڕ شاخەکانی گیرانە لق و چڵی درەختەکان و بەمەش نەیتوانی زیاتر بڕوات.

لەدڵی خۆیدا وتی: "مەخابن ئەو قاچانەی وامدەزانی مایەی بێ هێزی منە مایەی پاراستنم بوو، ئەوشاخانەی مایەی شانازیی دڵنیایی من بوون مایەی تیاچوون و نەمانم بوون."

سەرنج:

زیاتر ئەمە ڕوو دەدات کاتێ دەکەوینە مەترسییەوە، ئەو دۆستانەی دەربارەی وەفادارییان گومانمان هەیە دەمان پارێزن. هاوکات ئەو کەسانەی متمانەی ڕەهامان پێیان هەبووە دەماندەنە دەستی دوژمن.

---

[1] گەڤەزن: گاکێویی.

# وەرزێرێکی تووڕە

وەرزێرێک لەڕێوییەک تووڕە بوو کەزیانێکی زۆری پێگەیاندبووز داوێکی بۆ نایەوەو ڕێوی لەداو کەوت و ویستی تۆڵەیەکی سەختی لێ بکاتەوە. بۆیە چەپکێك پوش پاوانی بەست بەدەم و لمۆزی ڕێوییەوە ئاگری پێوەنا و بەرەڵای کرد. ڕێوی بەدەمی ئاگرینەوە کاتی هەڵاتن بەرەو شارای گەنمی وشکی کێڵگەکە رۆشت. وەرزێر بەدوایدا ڕایەکرد، خەریك بوو بۆ بەرهەمی لەدەستچووی شێت دەبوو!

"گاندی" دەڵێت:

"هەمانشێوە ئەگەر گەرمی جڵەو بکرێت دەگۆڕێت بۆ وزە، تووڕەبونیش ئەگەر جڵەو بکرێت دەتوانێ بگۆڕێت بۆ وزەیەك هەموو جیهان بهەژێنێت.

خۆتبە... تۆڵە سێن مەبە.

# سێ گەشتیار

---**---

سێ پیاو خۆیان بۆ سەفەرێك ئامادە كرد. هەریەكەیان دوو تورەكەی بەملیدا هەڵواسی بوو: یەكێكیان لەپێشەوە ئەویتریان لەدواوە. كامیان سەفەرەكەی خۆی زوتر كۆتایی پێ دەهێنا.

لەپیاوی یەكەم دەربارەی ناواخنی تورەكەكە پرسیاریان لێكرد. ئەو وتی: ئەو تورەكەیەی لەدواوە هەڵمواسیوە، پڕە لەكاری چاكەی هاوڕێكانم. ئەوان دورن لەچاوی منو ئەوەی دووریش بێت لەچاو دەچێتە دڵەوە، بەمجۆرەش من بەپێویستی نازانم كارێكیان بۆ ئەنجام بدەم ڕەنگە بیرم بچنەوە. ئەو تورەكەیەی لەپێشەوە هەڵواسراوە، پڕە لەو خراپەو نامیهرەبانیانەی كەلەخەڵكی بینیوومە، لەدرێژەی سەفەرەكەدا ڕۆژی جارێك دەیكەمەوە یەك بەكیان دەردێنم تاجارێكی دیكە چاووم پێیان نەكەوێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی خاویی سەفەرەكە، بەڵام هیچ كامێكیان ناتوانن بەسەلامەتی لەدەستم دەربچن.

پیاوی دووەم وتی: "من كارە چاكەكانی خۆم هەمیشە لەتورەكەی پێشەوە هەڵدەگرم، چونكە حەز دەكەم ڕۆژانە هەریەك لەوانە دەربێنم بیدەم بەدەم باوە." كەسێك پرسی: "ئەو تورەكەیەی لەدواوە



Scanned with CamScanner

هەڵواسراوە قورس دەردەکەوێت، دیارە شتێکی تێدایە؟" پیاوی دووەم وتی: "پڕە لەهەڵەی بچوکی خۆم. من هەمیشە بەپشتی ملمدا هەڵیدەواسم."

وەك ئەوان پرسیاریان لەپیاوی سێیەم کرد، ئەو وتی: "من کرداری چاکەی هاوڕێکانم لەم تورەکەیەی بەردەممدا هەڵدەگرم."

ڕێبوارێك بەوێدا تێدەپەڕیی، پرسی: "گەلیٚ پڕ دەردەکەویٚ دیارە گەلیٚ قورسە؟" پیاوی سێیەم وەڵامیدایەوە: "نا، وانییە، گەلیٚ گەورە بێت. وەکو چارۆکەی کەشتییە کۆمەکم دەکات تا هەمیشە بەرەو پێش بڕۆم." هەمان ڕێبوار وتی: "ئەو تورەکەی بەپشتی تۆوە هەڵواسراوە کونە. یانی خاڵی خاڵییە هەرگیز سوودی لێنا بینیت." پیاوی سێیەم وتی:

"ئەو تورەکەیە شوێنی ئەو قسە ناشایستانەیە کەلە خەڵکی دەبیستم، وەك دەبینیت هەر کام لەوانە لەکونێکەوە بەردەبنەوەو ووندەبن، بۆیە قورساییەکی نییە تاکو سەفەرەکەم دوا بخات."



Scanned with CamScanner

# خۆ پەرست مەبە

ئەسپێك و كەرێك پێكەوە سەفەرێكیان دەكرد. كەر بەئەسپەكەی ووت: "ئەگەر حەز دەكەیت من نەمرم كەمێ لەبارەكەم بۆ هەڵبگرە." بەڵام ئەسپ هیچ گوێی پێنەدا.

كەر، نەیدەتوانی بەرگەی قورسایی ئەو هەموو بارە بگرێت، كەوت و گیانی دەرچوو. ئەو كاتە خاوەنی ئەسپ تەواوی بارەكەی لەگەڵ پێستی كەرەكە لەئەسپەكە بار كرد. ئەسپ لەژێر قورسایی باردا پشتی چەمی بوو ناڵە ناڵی دەكرد و بەخۆی دەوت: "حەیف! چ كەرێتیەكم كرد، ئامادە نەبووم كەمێ لەباری كەرەكە ئاسان بكەم. ئێستا نەك ناچارم ئەو بارەی بەكۆڵی ئەوەوە بوو هەڵیبگرم بەڵكو دەبێ پێستەكەشی بەكۆڵی منەوە بێت."

خۆتبە... خۆتت خۆش بوێت،
بەڵام خۆ پەرست مەبە.



Scanned with CamScanner

# بزمار هەڵکێشە

—**—

پیاوێك لەکێڵگەیەکدا خانویەکی کڕیو لەوێ نیشتەجێ بوو. لەهەر دەرفەتێك بۆ پشوودانو حەوانەوەی دەرونی سوودمەند دەبوو. ڕۆژێك لەسەر نیشتۆکەکەی پاڵی دابویەوە پشوو بدات. دەنگی نوکە نوکی سەگێك بێداری کردەوە. دەنگەکە لەنزیکەوە دەبیسترا، بەرەو دەنگە ڕۆشت بزانێ چی ڕویداوە. کاتێ نزیك بویەوە سەگێکی بینی لەتاو ئازار دەتلێتەوە. وایزانی ئەو بەستەزمانە بریندارە یان نەخۆشە. لەدەرگای ماڵی هاوسێکەیداو وتی: "ببورە، چی بەسەر سەگەکەتان هاتووە؟" خاوەنماڵ بەخوێنساردییەوە وەڵامیدایەوە: "شتێکی گرنگ نییە، ئەو لەسەر بزمار دانیشتووە!" پیاوەکە وتی: "ئەی بۆچی لەشوێنی خۆی ناجوڵێت؟" خاوەنماڵ وتی: "ئاخر هێندە ئازاری نییە بجوڵێت!"

سەرنج:

زیاتر خەڵکیش لەسەر بزمار دانیشتوونو دەناڵێنن، بەڵام لەوەی تەکانێك لەخۆیان بدەن حاڵی ئەوەیان نییە خۆیان بگۆڕن!

لەژیاندا بزمارەکان ئامرازی نادیاری گیرۆدەیی وەك کرێچێتی، هەرزاریی، نەبوونیو زۆرێك لەو نیگەرانیانەن کەگەمارۆی ئێمەیانداوە.



Scanned with CamScanner

# هاندان

******

لەکۆندا لەیەکێ لەگوندەکانی وڵاتی ئیسپانیا پیاوێك بەناوی "جك" دەژیا. ئەو بەدوای هاوسەرێکی گونجاوی خۆیدا دەگەڕا، نەریتی ئەو سەردەمەی ئەو شوێنەش ئەمە بوو، کەداواکار دەبوو چوار گا بدات بەبنەماڵەی کچەکە ئەوسا دەیتوانی هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، دیارە پێدانی چوارگا نرخێکی گەلێ گران بوو. "جك" کچێکی لەڕو لاوازی ڕەنگ پەڕیوو شەرمنی لەخێزانێکی هەژاردا دۆزییەوەو هەشت گای بەخشی بەباوکی کچەکە، خەڵکی بەناباوەڕیی گاڵتەیان بەو پێشنیارەی "جك" دەکرد.

ڕۆژێك کەسێك هات بۆ ئەو گوندەو بەسەر هاتی گرانبەهای ژنی "هەشت گایی" جكو هاوسەرەکەی بیستو چوو بۆ چاوپێکەوتنیان، کاتێ "جك"و هاوسەرەکەی بینی زۆری پێ سەیر بوو. ئەو ژنێکی لەڕو لاواز ڕەنگ پەڕیوو شەرمنی لەبەردەمی خۆیدا نەبینی، بەڵکو ژنێکی جوان، بەویقارو متمانە بەخۆی لەبەر دەمی خۆیدا دیتەوە.



Scanned with CamScanner

کاتێ "جك" سه‌رسامی له‌ڕوخساری پیاوه‌که‌دا به‌دیکرد وتی: "من ژنێکی هه‌شت گاییم هێناوه، کاتێ بۆ به‌ده‌ست هێنانی ئه‌و هه‌شت گام به‌خشی له‌گه‌ڵ ئه‌ودا وه‌ك ژنێکی هه‌شت گایی ڕه‌فتار ده‌که‌م. ئه‌و ئیمانی به‌خۆی هێناو باوه‌ڕی به‌خۆی کرد ژنێکی به‌نرخی دیوه. ئه‌و هه‌ستی کردبوو نرخی له‌هه‌موو ژنه‌کانی ئه‌و گونده زیاتره. ئه‌وه‌ی به‌ناسانی زۆرترین نرخی هه‌یه ئه‌مه‌یه ژن چۆن ده‌رباره‌ی خۆی بیر ده‌کاته‌وه‌و چ وێنه‌یه‌کی ده‌رباره‌ی خۆی هه‌یه."

**خۆتبه... و ئه‌مه‌ش فێری که‌سانیتر بکه.**



Scanned with CamScanner

# وەڵامی ڕاست لەپزیشکی سەر ڕاست

**

یەکێ لەقوتابییەکانی دکتۆر پێی وت: "ئەمە سێ خولە تۆ من دەرناچێنێت، من کەنامەێ موشەك هەڵبدەم. دەمەوێ لەگوندەکەی خۆماندا ببمە مامۆستا."

دکتۆر وتی: "تۆ ئەگەر نەتەوێ موشەك هەڵبدەیت و تەنها بتەوێ ببیتە مامۆستا ئەمەیان باشە، بەڵام ئایا دەتوانی گرەنتی ئەوەم پێ بدەیت ئەگەر یەکێ لەقوتابییەکانت لەگوندەکەی خۆتان نەیەوێ موشەك هەڵبدات!"





Scanned with CamScanner

# پابەندی ئامانجەکانی خۆتبە!

—**—

دانیشمەندێك ساڵانێك كای خۆی لەتوێژینەوەی ئەمەدا خەرج كردبوو ئاو بگۆڕێت بۆ نەوتی خاو، بڕوای وابوو تەنها شتێك ئەو پێویستی بێت مادەیەكە بۆ گۆڕینی ئەمە. بەڵام هەرچەن زیاتر توێژینەوەی دەكرد فۆرمولی ئەو مادەیە زیاتر جیا دەبویەوە، تاكو هەواڵی ئەوەی بیست لەشاخەكانی تبت كەسێكی زانا لەوێ دەژیو گەلێك زانیاری هەیەو ئەو دەتوانێ ئەو فۆرموله ئاشكرا بكات، لەلایەكی دیكەشەوە ئەوەی دەزانی بۆ كۆمەك خواستن لەو سێ مەرج هەیە: سەفەركردن بەتەنهایی، سەفەری سەختو ڕێگە بڕین.بەكێوە بەرزەكاندا.

كاتێ ئەو سەركەوتوو دەبوو بەم قۆناغانەدا تێپەڕێتو بگاتە ئەو كەسە زانایە. تەنها دەبوو یەك پرسیار بكات كەئەمە مەرجی سێیەم بوو.

ماوەیەكی زۆر ڕەنجو سەختیو مەترسی تاكو توانی بەسەر دوو مەرجی یەكەمدا سەركەوێت.



Scanned with CamScanner

کاتێ ئەویان بردە لای ئەو زانایە چاوەڕوانی دەکرد ڕوبەڕوی پیرەمێردێکی چڵکنی ڕیشدار ببێتەوە. بەڵام بەدیتنی ژنێکی جوان سەرسامو لەجێی خۆی وشك بوو. ژنێکی جوان! چەندە دور بوو لەخەیاڵو ئەندێشەی ئەوەوە!

ژنەکە خەندەیەکی شیرینی بۆ کردو بەدەنگێك لەگوێی ئەودا سەدایەکی بەهەشتی بوو وتی: پیرۆزە غەریبە! بۆ گەیشتن بەم شاخو کێوە دوو مەرجی یەکەمت بەخێرایی تێپەڕاند، ئێستا چ پرسیارێکت هەیە؟"و ئەو پیاوە دانیشمەندە لەوپەڕی ناباوەڕی دەنگی خۆی بیست کەدەڵێت: "دەکرێت بپرسم: ئایا شووت کردووە؟!"

خۆتبە... خۆتت خۆش بوێت،
بەڵام خۆ پەرست مەبە.



Scanned with CamScanner

# وانەی خۆ ناسین

ڕۆژێك لەماڵی پیاوێکی دەوڵەمەند. کاتێ ماڵ چۆڵ بوو هەموو شتە گرانبەهاکانی ماڵەکە دەستیان کرد بەگفتوگۆ کردن. ئەڵقەیەکی ئاڵتونی بەغرورەوە بەخۆی وت: "من گرانترین شتی ئەم ماڵەم."

گەردنبەندی ئاڵتون بەغرورێکی زیاترەوە بەخۆی وت: "نا، تۆ نیت ببینە من چەندە جوانو خاوەن دروستکردێکی ئاڵۆزم. ئەڵقەیەکی سادە ناتوانێ خۆی بەمن بەراورد بکات."

سەعاتێکی ئاڵتون وتی: "هەردوکتان لەهەڵەدان. من دە بەرامبەر ئاڵۆزتر لەهەرجۆرێکی گەردنبەندم وێڕای ئەوەش بەسوودترم."

ئەم مشتومڕە بەردەوام بوو تائەوەی سەعاتی باپیرە لەگۆشەیەکەوە هاتە دەنگو وتی: "هەمووتان لەهەڵەدان. ئەڵقە لەگەردنبەند ناچێتو گەردنبەندیش لەسەعات ناچێت، بەڵام هەمووتان لەئاڵتونی بێخەوش دروستکراوون بۆیە هەمووتان لەئاستێکی یەکساندان."



Scanned with CamScanner

سەرنج:

گەردون وەك ئەو سەعاتەی باپیرەیە کەهەموو بەشێوەی جەوهەری دەبینێت. بەڵام ئێمە بەدوای جیاوازی ڕوکەشەوەین، زیاتر وادەزانین ڕواڵەتمان گوفتارو کردارمان دیاری دەکاتو بەهای بۆ دادەنێت. لەبەر ئەمەیە گەردون تاکە شتێکی لەئێمە دەوێ ئەویش ئەو پەردە ڕوکەشەی خۆمان لادەین. ئەو کاتەی تۆ خۆت بەوجۆرەی گەردون دەتبینێت دەبینیت، هەمان ئەو شتەیە کەگەردون لەتۆی دەوێ، ئاڵتونی بێخەوش لەم چیرۆکەدا بەنرخترین شتی سەر زەوییە، هەمان شێوە کەڕۆح بەنرخترین شتی سەر زەوییە.



خۆتبە... بزانە هەموو مرۆڤەکانی
دیکە لە"خودی" خۆیاندا
خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ تۆدا هەیە.

# چیرۆکی پرتەقاڵەکان

لەباخێکی گەورەی پرتەقاڵدا لەسەر یەکێ لەدرەختە بەرزو گەورەکان بێجگە لەو سەدان پرتەقاڵەی بەو درەختەوە ژیانیان دەکرد، حەوت پرتەقاڵ بەیەك لقەوە لەتەنیشت یەکترییەوە دەژیان.

ئەم حەوت پرتەقاڵە پێکەوە هەمیشە مشتومڕییان دەکرد هەریەك بانگەشەی ئەوەی دەکرد خۆی پرتەقاڵی سوورە، ئەوان باوەڕیان وابوو لەم درەختەدا تەنها یەك پرتەقاڵی سوور هەیەو هەمان ئەو پرتەقاڵەش پاشای ئەم درەختەیە، هەریەکێك لەوانە جەختی دەکردەوە حەتمەن ئەو پرتەقاڵە منم.

بەڵام کاتێ هەموو ئەمە بڵێن، کام لەو پرتەقاڵانە پاشایە؟ بۆیە بڕیاریاندا پێشبڕکێ بکەن، پێشبڕکێ بەخەیاڵ.

هەرکەسەو جوانترین ڕوئیای لەخەیاڵێ خۆیدا سازکرد، وایدەزانی پاشایە، چونکە تەنها پاشا جوانترین خەیاڵی هەیە، پاشان دەستیان پێکردو چوونە جیهانی خەیاڵەوە.



Scanned with CamScanner

دوای ماوەیەك بیرکردنەوە، یەکەمیان وتی: مَن ئامادەم. دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم هەروەها.

یەکەم وتی: "من خۆم لەبەستەرەی کۆشکدا دەبینم، شاژن پرتەقاڵی دەوێت و یەکێ لەکەنیزەکانی دەستی درێژ دەکات و من لەنێوان هەزاران پرتەقاڵدا کەلەو بەستەرە گەورەیەدایە هەڵمدەگرێ و بەسەلیقەیەکی تەواوەوە دەمباتە بەردەمی شاژن.

شاژن کاتێ توێکڵەکەم لێدەکاتەوە دەبینێ من سورم، زۆر دڵخۆش دەبو ئەو بەچێژێکی تەواوەوە دەمخوات.

دووەم وتی: "هە... هە! جا ئەوە چییە. من لەجیهانێکی خەیاڵدام کەرۆژێك بەڕاست دەگەرێ بیر لەوە دەکەمەوە کەشاژن کاتێ قەبارەی خڕو نارنجیی ڕەنگی من ببینێت بۆنم بکات لەڕوخساری جوان و دڵنشینی من بێ هۆش دەبێت و دەکەوێت بەزەویدا. کاتێ بەهۆشدا دێتەوە بۆ هەمیشە لەشوشەی بلورداو لەباشترین شوێنی ژورەکەی خۆی هەڵمدەگرێت."

سێیەم وتی: "هە... هە...! بەمە دەڵێن ڕوئیا؟ ئێستا گوێ لەڕوئیای من بگرە تاخۆت بێ هۆش بیت. من خۆم لەدەمی شاژندا دەبینمەوە لەتاو تامی شیرینی من دڵی نایە قووتم بدات."

چوارەم دەستی کرد بەپێکەنین بەدەنگی بەرز وتی: "توخوا تۆ هێندە هاوارت دەکرد ئەمە ڕوئیاکەت بوو؟ ئێستا گوێ لەمن بگرە.

من خۆم لەتاقیگەیەکی گەورەو بەریندا دەبینمەوە کە دانیشمەندێك خاوەنی ئەم تاقیگە مەزنەیە زۆری خۆش دەوێم و دوو باڵی دەسکردم

بۆ دروست دەکات دەیچەسپێنێ بە توێکڵەکەمەوە هیچ کاتێ لێم جیا نابێتەوە من بۆ هەمیشە دەبمە پرتەقاڵێکی باڵدار."

پێنجەم دەستیکرد بەگاڵتە پێکردن وتی: " هیوادارم کاتێ خەونەکەت بەدی هات، کەسێك بێتو پاکت بکاتو بتخوات بەمەش تۆ چیتر باڵت نابێت بەڵام گوێ لەڕوئیاکەی من بگرە تاکو فێر بیت.

من خۆم لەنمایشگایەکی گەورەدا دەبینمەوە کەلەوێ منیان نمایش کردووە هەموو دانیشمەندانو کەسانی گرنگ لەهەموو شوێنێکی دیناوە هاتوون تاکو من ببینن."

شەشەم وتی: "کاتی منت گرت؟! ئاخر بڵێ کێ پرتەقاڵ دەخاتە نمایشگاوە؟ گوێ لەمن بگرە تاکو فێر بیت.

من خۆم لەنمایشێکدا دەبینمەوە جادوبازێك دێتو دەڵێت دەمەوێ ئەمڕۆ باشترین کاری خۆم پێشکەش بکەم، کاتێ هەموو چاوەڕوانن تاببینن چی دەبێت، جادوباز من دەردێنێت بەڕێزەوە دەمداتە دەست یەکێ لەبینەران ئەویش بۆ هەمیشە وەکو ئەڵماس هەڵمدەگرێت."

حەوتەمین پرتەقاڵ وتی: "من یەکێکم لەنیعمەتەکانی خوای میهرەبان، خودا منی دروستکرد بەندەکانی بمخۆنو سوپاسی ئەو بکەن. خودا منی دروست نەکردووە کەسێك لەبینین یان بۆنکردنی من بێ هۆش بێت، بەلای منەوە فەرقی نییە لەبەستەرەی کەسێکی هەژاردا بم یان لەبەستەرەی شازندا بم، منی هێندە شیرین دروست نەکردووە کەس دڵی نەیەت قووتم بدات، خودا ئەگەر خۆی ویستی هەبوایە باڵی پێدەبەخشیم، باڵی پێنەبەخشیووم چونکە ئەگەر کەسێك بیەوێ

بمخوات من دەفڕیم بەمەش ئاسمان پڕ دەبوو لەپرتەقاڵی باڵدارو کەس نەیدەتوانی پرتەقاڵێك بخوات.

ئەو تەنها منی وەك میوەیەك دروست کردووە، ئەگەر پاش پێگەشتنم نەخورێم خراپ دەبم و کەسیش ناتوانێ لەنمایشگادا دامبنێت. پرتەقاڵ هیچ کەسێك بێجگە لەخودای میهرەبان ناتوانێ دروستی بکات. جادوبازی تەنها فێڵێکە بۆ سەرگەرمبوونی بینەران هەرکەسیش بیەوێ دەمخوات و ئەمەش بەدەستی خۆم نییە.

لەم کاتەدا فریشتەیەکی بچوك دەرکەوت بەپرتەقاڵی حەوتەمی وت: "ئافەرین بۆ تۆ باشترین و جوانترین خەون و ڕوئیات هەبوو! من لەلایەن خودای میهرەبانەوە نێردراووم کەبڵێم لەمە بەدواوە تۆ پاشای ئەم درەختەیت."



Scanned with CamScanner

# پەندو وتەی جاویدانە

—**—

- ئەزموونەکانم فێرییان کردم، کاتێ دەگەمە دادڤانی کە بۆ لایەنی بەرامبەرم ئەوەم بوێت.

"مهاتما گاندی"

- زۆرێک لەقسەو کردارەکانمان بۆ خاڵی بوونەوەیە نەک تێگەشتن.
- هەندێک مامەڵەی خراپ دەکەن، هیچ شتێک لەشەرافەت گرانتر نییە.
- لەنێو کەسانی بچوک و سووکدا، درۆکردن فراوانە.
- ئامانجە مەزنەکان. گۆڕانکاری مەزنیان دەوێت.
- هەمیشە سەرسامم بەوەی، ئێمە خۆمان لەکەسانیتر خۆشتر دەوێت بەڵام زیاتر نیگەرانی بیرو باوەڕی ئەوانین تاخۆمان.

" مارکۆس ئارلیۆس"

- دەوڵەتێکی ناشایستە، شوێنکی نییە بێجگە لەزیندانی ژنان و پیاوانی شایستە.

"مهاتما گاندی"



Scanned with CamScanner

# لەگەمەی مارو پەیژەدا هیچ کاتێ

## لەهەڵدانی"زار" نائومێد مەبە

**

هەموومان کاتێ منداڵ بووین یاری مارو پەیژەمان کردووە.

دەتوانیت ژیانی ڕاستەقینە بچوێنیت بەم یارییە! وانازیت ژیانیش جۆرێکە لەیاری مارو پەیژە؟

ئەگەر دیقەت بدەیت لەژیانی ڕاستیدا هەم مارمان هەیەو هەم پەیژە. هەندێجار دەبێت هێندە خۆڕاگر بیت تاکو ژمارە شەشە بێنیت بتوانیت لەیارییەکەدا دەسبەکار بیت. ڕەنگە ساڵانێك بژیت. بەڵام هیچ کاتێ نەتوانیت شەش بێنیت. ئەم شەشە دەتوانێ هەمان ئەو ئامانجو ڕێگەیە بێت کەلەژیاندا هەڵی دەبژێریت.

شەشت کەهێنا، دەست پێدەکەیت بەڕۆشتن، ڕەنگە لەسەرەتاوە یەك بێنیت، یان ڕەنگە پێنج یان دوبارە شەش. نابێت ناڕەحەت بیت لەوەیکە یەکت هێناوە لەوەیکە شەشت هێناوە دڵخۆش بیت! کێ نالێ بەهێنانی ئەو یەکە نەگەیتە پەیژەکەو شەشیش نەتخاتەوە دەمی مارەکەوە کەناچار بیت دوبارە لەسەرتاوە دەست پی بکەیتەوە؟

بتەوێو نەتەوێ لەڕێگەتاندا هەم مار هەیەو هەم پەیژە.



Scanned with CamScanner

ئەگەر مار پێوەیدان، خۆتان لەدەست مەدەن، دوبارە دەتوانن دەست پێ بکەنەوە.
یاسای ئەم یارییە بەمجۆرەیە بەهیچ جۆرێك مەیدان چۆڵ ناکەیت، مەگەر خۆتان حەز بکەن، دەبێت تاکۆتایی یارییەکە بڕۆیت، ئێستا پەیوەندی بەخۆتانەوە هەیە چەندە خاوەنی ئیرادە بن تاکۆتایی بڕۆن، بەڵام لەوە دڵنیا بن هەرچەندە مار پێتانەوە بدات هێشتا هەر دەتوانن بگەنە خانەی کۆتایی، گرنگ چۆنێتی گەیشتنە.
لەم گۆشەیەوە مەسەلەکە ببینە. ڕەنگە ژمارەیەکی بچوك و ناشایستەی وەکو ژمارە یەك بەپەیژەکەدا سەرتان بخات و زۆر بتانباتە پێشەوە، بەڵام دوبارە وریابن دەست و پێی خۆتان ون مەکەن، چونکە هێشتا لەڕێگەدا مار هەیە پێتانەوە بدات، تەنها دەبێت بەخۆڕاگریی و وریاییەوە بەرەو پێش بڕۆن. کاتێ گەشتنە خانەی کۆتایی، دەمتان گەرم! ئامانجێکتان پێکاوە، دوبارە زارەکە هەڵبدەنەوە بۆ گەیشتن و بردنەوەی یارییەکی دیکە دەسبەکار ببنەوە.
ئێستا زانیت دەڵێم چی؟ ژیان وەك مارو پەیژەیە.
من نازانم لەژیانی ئێوەدا تائێستا چەنجار مار پێوەی داوون؟ بەڵام هیوادارم هەرکاتێ مار پێوەیدان دوبارە زارەکە هەڵبدنەوە. دەزانن ئەگەر مار نەبوایە پەیژە هیچ مانایەکی نەدەبوو؟ تەنها ئەمە بزانن ژمارەی ئەو کەڕەتانەی دەبێ زار هەڵبدەن سنوردارە. چونکە هەموو دەیانەوێ لەم یارییەدا بەشدار بن.

# شکۆی دەسهەڵگرتن لەگوێزەکان

******

ڕۆژێك پیاوێکی دەوڵەمەند سەبەتەیەکی گەورەی پڕ کرد لەگوێز، لەئەسپێکی بار کردو ڕۆشتە بازاڕی ئاواییەکەوە، پاشان سەبەتەکەی داگرت و بەخەڵکیی وت: "ئەم سەبەتە گوێزە دەکەمە خەڵاتی خەڵکی ئەم ئاواییە، تەنها بەڕیز ڕاوەستن و یەکی گوێزێك هەڵگرن. بەئەندازەی ژمارەی خەڵکەکە گوێز لەم سەبەتەیەدا هەیە بەشی هەمووی دەکات." پیاوی دەوڵەمەند ئەمەی وت و ڕۆشت.

خەڵکی ئاوایی بەدوای یەکدا ڕیز بوون هەریەکەو گوێزێکیان هەڵگرت، منداڵێکی زیرەك لەڕیزەکەدا وەستا بوو، کاتێ نۆبەی هات لەتەنیشت سەبەتەکەوە وەستا و نۆبەکەی خۆی دایە کەسی دوای خۆی، بەمجۆرە هەرکەسەو گوێزێکی هەڵدەگرت و دەڕۆشت بەلای کاری خۆیەوە. پیاوێك زۆر هەستی بەزیرەکی خۆی دەکرد بەخۆی وت: "کەنۆبەی من هات دوو دانە گوێز هەڵدەگرم و ڕادەکەم. سەرەنجام هیچ گوێزێك بۆ ئەو منداڵە زیرەکە نەمایەوە." ئەو پیاوە دوو دانە گوێزی هەڵگرت و تێی تەقاندو خۆی وون کرد.

سەرەنجام کاتێ هەموو گوێزی خۆیانیان هەڵگرت و ڕۆشتن. منداڵەکە بەبزەیەکەوە سەبەتەکەی هەڵگرت و دای بەکۆڵی خۆیدا وتی: "من هەر



Scanned with CamScanner

لەسەرەتاوە گوێزم نەویست ئەم سەبەتەیەش بەهای هێندەی هەموو گوێزەکانی ئێوەیە."

ئەمەی وت و بەخۆشییەوە بەرەو ماڵ ڕۆشتەوە.

سەرنج:

مەخابن، زۆرێك دڵیان بەگوێزبازیی خۆشەو غافڵن لەوەی ئەوەی گرانبەهایەو نرخێکی بەرزی هەیە. هەمان ئەو سەبەتەیە کەئەو گوێزانەی لەخۆ گرتبوو، زۆرێك قەدری خێزان، هاوسەرو منالی خۆیان نازانن هەمیشە لەگەڵیاندا گرژو مۆن و توندو تیژن، بێ ئاگان لەم خاڵە زێرینەی ئەو سەبەتەیەی ئەو کەسانەی تێدا کۆبۆتەوە بەناوی خێزانەوە بەهایەکی گرنگتری لە توندو تیژیی و مشتومڕکردن لەگەڵ ئەندامانی خێزاندا هەیە.

زۆرجار لەژیاندا گوێزەکان هێندە مرۆڤ بەخۆیانەوە سەرگەرم دەکەن کە مرۆڤ ئاگای لەوە نابێت لەبەر کەللەڕەقیی و خۆپەرستی لەحاڵەتی لەدەستدانی کەسەکاندایە، کۆمەڵێکیش لەحاڵەتی لەدەستدانی سەبەتەی هەڵگرتنی گوێزەکاندایە کاتێ سەبەتەکەی لەدەستچوو، گوێزەکان بەزەویدا بڵاو دەبنەوە هەریەکەو بەلایەکدا دەڕۆن، وەختێ بەخۆی دەزانێ کەڕۆڵی سەبەتە لەم ناوەدا چەندە دیاریکەر بووە.



Scanned with CamScanner

# سواخدان بەماست

******

زاراوەیەکی پەندئاسایە کەلە زمانی فارسیدا زۆر بەکار دەهێنرێت، ئوستاد محەمەد عەلی جەمالزادە لەکتێبی فەرهەنگی زاراوەی عامیانەدا بەوجۆرە مانای کردووە، کارێك مایەی مشتومڕ بێت، ڕوپۆشکردنی مەسەلەیەك بێت.

عەلامە دەهخودا ڕوونی کردۆتەوە کە سواخدان بەماست ماناو چەمکی چەورکردن و داپۆشین یان نادیدەگرتنی مەسەلەیەك کەمایەی تورەبوون یان دژایەتی بێت.

ئەم داستانە لەسەردەمی بونیادنەری زنجیرەی پەهلەوی "ڕەزاشا" ڕویدا، کۆچکردوو محەمەد مەسعود ئەم ڕوداوەی لەیەکی لەڕۆژنامەی پیاوی ئەمرۆدا بەمجۆرە باس کردووە:

"سواخدان بەماست، زەماوەندی محەمەد ڕەزاشا و فەوزییە"

کاتی زەماوەندی محەمەد ڕەزاشا پەهلەوی و فەوزییە. چونکە بڕیار بوو میوانە میسرییەکان و هاوتاکانی بووك بەهۆی ڕێگەی ئاسنی خواروی تاراندا بێنە نێو شارەوە. لەلایەن دەربارو شارەوانی فەرمانێك دەرکرا دیواری هەموو ئەو گوندانەی کەوتونەتە سەر ڕێگەی هێڵی



Scanned with CamScanner

ئاسن‌و ماڵی گوندە هاوسێکانی هێڵی ئاسن سپی بکرێن. لەیەکێ لەگوندەکاندا چونکە گەچی لێنەبوو. بەرپرس فەرمانیدا بەکەشك‌و ماست کەلەو گوندەدا کەشك‌و ماستێکی زۆری لێبوو دیوارەکان سپی بکرێنەوە، زیاتر لەهەزارو دوسەدە ڕیاڵ لەکوێخای ئەو گوندە وەرگیراو بەکڕینی کەشك‌و ماست‌و دیواریان پێ سپی کردەوە.

وەك دەبینرێ ڕیشەی مێژویی ئەم زاراوەیەو پەندەکانی دیکە لەگەڵ ئەمەدا دێتەوەو زیاتر لەهەفتا ساڵ نابێت بەڵام زەماوەندی ناوبراو ساڵی ١٣١٧ هەتاوی ڕێکخراوەو لەمێژە ئەو مەسەلەیە مایەی گاڵتەو گەپی کۆڕو کۆبونەوەکان بووە تائێستاش شایانی باس‌و قسەیە.

بەڵێ سوخدان بەماست واتا کۆتایی هێنانی مەسەلەکە بەڕوکەش، ئەوکاتە دەبێتە ویردی سەرزاری خەڵکیی‌و لەکاتێ پێویستدا بەکاری دێننەوە.



Scanned with CamScanner

# قسەی دڵت بکە

**

پەیوەندییەکی نزیک لەنێوان چۆنێتی یەك پەیوەندیو قسەی نەکراودا هەیە.

هەر چەندە قسەی نەکراو زۆرتر بێت، فاسیلەکان زۆرتر دەبن بەهەر ئەندازەیەك هەردولا بیرو بۆچونو قسەکانی دڵیان زیاتر بدرکێنن زیاتر لەیەك نزیك دەبنەوە.

لەجیاتی ئەوەی بێزاریو ناڕەحەتییەکانت بەشێوەی توڕەیی، بێدەنگیی، گفتوگۆی خەشمگینانەو بێدەنگی ڕەخنەگرانە دەربڕیت. دەتوانی زرنگانەو بەئارامی بیان درکێنیت.

"مەسعود لەعلی"



Scanned with CamScanner

# حەوت قۆناغ بۆهەمیشە ناڤین بوون

**

کێ دەیەوێ کەسێکی سەرکەوتوو، خاوەن متمانە، بەرجەستەو مەزن بێت هاوکات ناڤین بوون هەمیشە سادەترو ئاسانترە.

کەواتە ئەگەر ئێوەش دەتانەوێ کەسێکی ناڤین بن ئەوا ئەم حەوت ڕەوشە پیادە بکەن!

١. نیگەرانی قسەی خەڵکی مەبە.

بۆ پشتیوانی و ڕاستاندنی کەسانیتر بژی. ئەوەی خەڵکی دەیانەوێ ئەنجامی بدە، ئەوەی نایانەوێ ئەنجامی مەدە. پێوەری هەڵسەنگاندنی تۆ بۆ بڕیاردان بەلای کەسانیترەوە گشتگیر دەبێت.

٢. سەرنجی کۆبەندی کۆتایی بدە.

بیری خۆت تەنها بەسەرکەوتنەوە خەریك بکە. تەنها بەخەون و ئارەزوەکانەوە ژیان بکە. ئامانجی گەورەی خۆت بەئامانجی بچوکتری شایانی ئەنجامدان دابەش بکە قۆناغ بەقۆناغ بڕۆ پێشەوە.

٣. بەئاسودەییەکی بالأوە کار بکە.



Scanned with CamScanner

هیچ کاتێ بیر لەمەترسی مەکەرەوە. سەرەڕۆیی بچوك، گەورە یان ناوەند هەرگیزو بەهیچ شێوەیەك لەجیاتی خۆت لەپلەیەکدا بەند مەکە. ئەگەر پێشتر بەم ڕەوشە کارتکردووە ئێستاش بەردەوامبەو بەسەر هێڵی ئارامیدا ببزوێ.

٤. بۆ هەمیشە بیر بکەرەوە.

لەهەر دەرفەتێکی ژیان بەچاوێکی هەتاییو جاویدانی بڕوانە. ئەمڕۆ پێویست ناکات کارێك بکەیت چونکە هەمیشە بەیانییەك هەیە بۆ ئەنجامدانی کارو هەوڵمەدە کاری زۆر بکەیت. هیچ پەلەیەکت نەبێت. چاوەڕوانبە چونکە تەممەڵی هەستێکی خۆشی هەیەو چاوەڕوانی دەرفەتەکانی دوایی بکە.

٥. خۆت بەکەسانی نزمتر بەراورد بکە.

خۆت بەکەسانێك لەتۆ لاوازتر، هەژارترو تەممەڵترن بپێوە. ئەم کارە هەستێکی باشت پێدەبەخشێتو هەموو گرفتە دەرونیەکانت دەڕەوێنێتەوە. تاکاتێ نوورقم نەبوویت پێویست بەدەستو پێ کوتان ناکات.

٦. با لەتەو مژدا بیت.

لەگەڵ ترسەکانتدا ڕوبەڕو مەبە، ئەوان بەشێوەی خۆیان واتا تەمو مژاوییو سەخت ڕەهایان بکە، بائەم تەمو مژە داتپۆشێت هەمیشە لێی بترسە. لێگەڕێ ئەم گومانو دودڵیانە هۆکاری لەرزینو دڵتەنگیت بێت. ترسی خۆت بەدۆزینەوەی هەقیقەتو ڕەوینەوەی تەمو مژەکان کەم مەکەرەوە.

٧. شکست بەچارەنوسی خۆت بزانە.



Scanned with CamScanner

هەمیشەو هەمیشە کۆتایی کار بەشکستو ناکامی ببینە، باوەڕت هەبێت بەهەر لێدانێك یارییەکە دەدۆڕینیت، تۆ ناتوانیت دوای شکست هەستیتەوەو خۆت ڕێك بخەیتەوە، کاری تۆ دروستکراوە پێویست نییە وەك گەمژەو گێلەکان هەوڵی بێ هوودە بدەیت.

ئەم قۆناغە ساکارانە بەکار بێنە تاکو لەباشترین حاڵەتی کەسێکی ناڤیندا بیت!

یان بەپێچەوانەوە کار دەکەیت، ژیانێکی باشتر فەراهەم دێنیت، ژیانێکی بەجۆشو هەژین.

کاتی گەڕانەوەیە

ئەگەر ئێستا ئامادەی گۆڕینی ژیانی خۆتیت. من هەواڵێکی خۆشم پێیە، ڕازێك بوونی هەیە بەکۆمەکی ئەوە دەتوانیت هێزو سەرکەوتن مسۆگەر بکەیت.

"هاوسەنگی بێنە ئاراوە"

ئەمە هەمان ئەو کارەیە بەرەو سەرکەوتنت دەبات.

ئەمە سەرکەوتوترین بەرنامەیەکە تا ئێستا دام هێنابێت بەمشێوەیە فێر دەبیت چۆن ئەوەی دەخوازیت مسۆگەری بکەیت، هەر شتێك.

ئامانجی ئەم کارە بەدی هێنانی ئیرادەیەکی پۆڵایین نییە بەڵکو ئامانجەکەی مسۆگەرکردنی کارامەییەکە کەفێری گۆڕانو جیاواز بوونت دەکات.

- نوسەر: جیسۆن گارسیا



Scanned with CamScanner

# ژیان بەشێوەی ستیڤ جۆبز

**

- نوێکاریی ڕووی جیاوازیی یەك ڕێبەرە لەگەڵ لاسایی کەرەوەیەك.
- ئەگەر پاڵەوانێتیەکانی کەسێك بزانیت، دەتوانی گەلێ شت لەبارەی ئەو کەسەوە بزانیت.
- من ئامادەم هەموو هونەرەکەم لەدوا نیوەڕۆیەکی دانیشتنی سوقراتتدا بگۆڕمەوە.
- لەنێو ئەو کەسانەی دەیانناسم من تاکە کەسێکم لەماوەی یەك ساڵدا ۲٥٠ملیۆن دۆلارم لەدەستداوە. بێگومان ئەم ئەزمونە لەدروستکردنی کەسێتیمدا گەلێ کاریگەریی هەبوو.
- ناتوانیت سەیری دواوە بکەیت و بڵێیت: "خوایە گیان، بریا لەو کۆمپانیایە دەرنەدەکرام، خۆزگە لەفلان شوێن دەبووم، خۆزگە ئەمەم دەبوو، خۆزگە ئەوە دەبووم، ئەم باسانە هیچ سودێکیان نییە. وەرن باڵەجیاتی نیگەرانی بۆ ڕوداوو کارەساتەکانی دوێنێ، سبەی بەدی بێنین.



Scanned with CamScanner

• کاتێ دارتاشێك کۆمێدییەکی جوانی جل تێکردن دروست دەکات. هەرگیز نایەوێ پشتی ئەو کۆمەدە بەچەن پارچە تەختەیەك بگرێت، هەرچەن پشتی کۆمەد هەمیشەوە بەدیوارەوەیە هەرگیز کەسێك نایبینێت.

خودی دارتاش دەزانێت پشتی کۆمەد چییە؟

بۆیە دەیەوێ بۆ پشتی کۆمەدەکە پارچەیەك تەختەی جوان بەکار بێنێت.

بۆئەوەی شەوان بەئاسانی خەوتان لێ بکەوێت،

لەهەموو شتێکدا پێویستە مەسەلەی جوانناسیو چۆنێتی ڕەچاو بکرێت.

"ستیڤ جۆبز"



Scanned with CamScanner

# کۆڕی ژنان

******

کۆڕێک بۆ ژنان بەناوی " چۆن لەگەڵ هاوسەرەکەت عاشقانە دەژیت" بەڕێوە چوو. لەم کۆڕەدا پرسیار لەخانمان کرا:

چ کەسانێک عاشقی هاوسەرەکانیانن؟

هەموو ژنان دەستیان هەڵبڕیی.

پرسیاری دواتر ئەمە بوو کە: دوایین جار کەی بوو بەهاوسەرەکەیان وتووە خۆشم دەوێی؟

هەندێکیان وتیان ئەمڕۆ... هەندێکیان وتیان دوێنێ... هەندێکیان وتیان بیریان نایەت.

پاشان داوایان لێکردن پەیامێک بۆ مێردەکانیان بنێرن بڵێن هاوسەری خۆشەویستم من خۆشم دەوێیت.

هەموو ئەو کارەیان کرد.



Scanned with CamScanner

دوبارە داوایان لێکردن بەدەنگی بەرز ئەو پەیامانە بخوێننەوە لەڕێی تەلەفۆنەکانیانەوە کەبۆیان نێردراوەتەوە.

با لێرەدا کەمێ لەو پەیامانە بخوێنمەوە.

- تۆ؟
- وای دایکی مناڵەکانم، نەخۆش کەوتویت؟
- من لێت تێناگەم؟
- دوبارە چیترت لەژور سەردایە، ئەمجارە لێت نابورم.
- خێرا برۆ سەر بابەتەکە، چەندێك پارەت پێویستە؟
- وابزانم ئەڵێی خەون دەبینم؟
- ئەگەر پێم نەڵێیت ئەم پەیامەت بۆ کێ ناردووە بەڵێن بێت یەکێك دەکوژم.



Scanned with CamScanner

## هەموو مردوون

**

هاوڕێیەکم وتی: ساڵانێك لەمەوبەر کەقوتابی بووم، هەندێ لەئوستادەکان عادەتی حزورو غیابیان هەبوو، هەندێکیان بۆ مەحکەمکاریی دوجار ئەم کارەیان دەکرد، سەرەتاو کۆتایی وانەکە. بەمەش ناچار دەبویت تەواوی ماوەکە لەپۆلدا بمێنیتەوە. هاوڕێیەکان هەبوو شەیدای یەکێك لەکچەکانی هاوپۆلیی خۆی بوو، هەر کاتێ ئەم کچە لەپۆلدا ئامادە بوایە تەنانەت ئەگەر نیوەی پۆلەکە غایب بوایە، جەناب مەجنون دەیوت: "ئوستاد، هەموو حازرین!" بەپێچەوانەشەوە ئەگەر بەتەنها ئەم کچە غایب بوایە دەیوت: "ئوستاد، ئەمڕۆ هەمووی غایبە، کەس نەهاتۆتەوە!"

لەکۆتایی ساڵانی دواییدا هاوسەرگیرییان پێکەوە کردو دوربەدور بیستم گەلێك باش و خۆشحاڵن پێکەوە. ئەمڕۆ زانیم خانم ئەم ناوەڕۆکەی بەچاپ گەیاندووە:

"هیچ کەس زیندوو نییە... هەموو مردوون."

خۆتبە... لەپێناوی کەسدا مەبە.

# دوو بازرگان

——**——

ڕۆژێك دوو بازرگان خەریكی پاكتاوكردنی مامەڵەی نێوان خۆیان بوون. لەكۆتاییدا، یەكێكیان بەویتریانی وت: بەپێی ئەو حسابەی نێوانمان من یەك دینار قەرزاری تۆم.

بازرگانەكەی دیكە وتی: هەڵە دەكەیت!

تۆ دینارو نیوێك قەرزاری منیت، هەردوكیان لەسەر نیو دینار كردیانە مشتومڕو تانیوەڕۆی خایاندو هێشتا ڕێك نەكەوتن و بەدەست یەكترەوە تووڕە بوون و تائێوارەی خایاندو سەرەنجام بازرگانی یەكەم ماندوو بوو وتی: زۆر باشە!

تۆ ڕاست دەكەیت ئێمە لەبەر نیو دینار ڕۆژێكمان لەكیس چوو، پاشان نیو دیناری دابە بازرگانی دووەم و ڕۆشت، بازرگانی دووەم نیو دینارەكەی وەرگرت و رۆشتەوە بۆماڵەوە.

شاگردی بازرگانی یەكەم بەڕاكردن دوای بازرگانی دووەم كەوت و وتی: بەڕێز بەخشیش!

بازرگان دە دیناری بەخشیش پێدا، كاتێ شاگرد گەڕایەوە بازرگانی یەكەم وتی: مەگەر شێت بویت؟!



Scanned with CamScanner

کەسێك لەبەر نیو دینار ڕۆژێك تا ئێوارە مشتومڕ بکات چۆن بەخشیش بەتۆ دەدات؟!

شاگردەکە دە دیناری بەخشیشەکەی پێ نیشاندا، ئەو زۆر سەرسام بوو بەدوای هاوکارەکەیدا ڕۆشتن کاتێ پێی گەشت بەواق بوونەوە لێی پرسی:

تۆ لەسەر نیو دینار ئەو هەموو مشتومڕەت کرد چۆن دە دینارت دابە شاگردەکەم؟!

بازرگانی دووەم وەڵامیدایەوە: پێت سەریر نەبێت هاوڕێم، ئەگەر کەسێك لەمامەڵەیەکدا نیو دینار زیان بکات لەڕاستیدا هێندەی نیوەی تەمەنی زیانی کردووە، چونکە مەرجی بازرگانیی تەواو ئەمەیە هیچ بڕێك نابێت بەکەم بزانرێتو دەبێت هەموو شتێك حسابی تایبەتی بۆ بکرێت بەڵام ئەگەر کەسێك لەکاتی بەخشیشو کۆمەك بەکەسانیتر بێ ویژدانو ماڵپەرست بێتو خۆی لێ بدزێتەوە نیشانەی سروشتێکی پیسو چاوچنۆکییە.

بۆیە من نامەوێ بەئەندازەی نیوەی تەمەنم زیان بکەمو ئامادەش نیم سروشت پیسو چاوچنۆك بم.

"لەکتێبی قابوس نامە"



Scanned with CamScanner

# خۆشەویستی دایک

کچێك لەگەڵ دایکی شەڕی کردو بەتوڕەیی لەماڵ چوویە دەرەوە. دوای بڕینی ڕێگەیەکی دورو درێژ، کاتێ بەلای دوکانێکی شیرینیدا تێپەڕیی هەستی برسێتی کرد. بەڵام گیرفانی بەتاڵ و هیچ شتێکی تێدا نەبوو، خاوەنی فرۆشگا ژنێکی بەتەمەن و میهرەبان بوو.

پیرەژن بینی کچێك لەبەردەم کێك و شیرینیەکاندا وەستاوە بەحەسرەتەوە لێیان دەڕوانێت، لێی پرسی: ئازیزەکەم، برسیتە؟ کچەکە سەرێکی لەقاندو وتی: بەڵێ، بەڵام پارەم پێ نییە.

پیرەژن بزەیەکی کرد وتی: قەیناکات. میوانی منیت، پیرەژن خێرا پارچەیەك کێك و پەرداخێك شیری بۆ هێنا. کچەکە گەلێ سوپاسی کرد. بەڵام تەنها کەمێ کێکی خوارد و فرمێسك سەرەتا بەڕومەتیداو پاشان بەسەر پارچە کێکەکەدا هاتە خوارەوە. پیرەژن لەکچەکەی پرسی: ئازیزەکەم، چی بووە؟

کچەکە فرمێسکەکانی سڕین وتی: شتێك نییە. من تەنها سوپاستان دەکەم، هەرچەن ئێوە من ناناسن تێرم دەکەن. من لەگەڵ



Scanned with CamScanner

دایکم شەڕم کردووە. بەڵام دایکم دەریکردم و پێی وتم چیتر مەیەرەوە بۆ ئەم ماڵە. پیرەژن بەبیستنی قسەکانی کچەکە وتی: ئازیزەکەم، چۆن دەتوانیت بەوجۆرە بیر بکەیتەوە؟ من تەنها پارچەیەک کێکم بەتۆدا، تۆ زۆر سوپاست کردم. بەڵام دایکت سالانێک خواردنی بۆ دروست کردویت، چۆن سوپاسی ناکەیت و چۆن شەڕی لەگەڵ دەکەیت؟ کچەکە ماوەیەک بێدەنگ بوو. پاشان بەپەلە کێکەکەی خوارد و بەرەو ماڵەوە ڕۆشتەوە. کاتێ گەشتە ماڵەوە، بینی دایکی لەبەر دەرگا چاوەڕوانی دەکات. بەدیتنی کچەکەی بەپەلە پێکەنی و وتی: ئازیزەکەم خێراکە خواردنم دروست کردووە، ئەگەر دوابکەویت خواردنەکە سارد دەبێتەوە. لەم کاتەدا فرمێسکی کچەکە دوبارە بەچاویدا هاتەوە خوارەوە.

بەڵێ، هاوڕێیان، هەندێجار، ئێمە بۆ چاکەو میهرەبانی گەلێ سوپاس گوزار دەبین، بەڵام میهرەبانی ئەندامانی خێزان زیاتر نادیدە دەگرین.

لەیەکەم بەیانی بوك و زاواییدا، ژن و مێرد کۆك بوون لەسەر ئەوەی دەرگا لەهیچ کەسێك نەکەنەوە.

سەرەتا باوك و دایکی کوڕەکە هاتن. ژن و مێرد سەیرێکی یەکترییان کرد. بەڵام چونکە پێشتر ڕێکەوتبوون. هیچ کامیان دەرگایان نەکردەوە.

سەعاتێك دوای ئەوە باوك و دایکی کچەکە لەدەرگایاندا. ژن و مێرد سەیرێکی یەکترییان کرد.

فرمێسك لەچاوەکانی ژنەکەدا قەتیس مابوو لەم حاڵەدا وتی: ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم دایك و باوکم لەبەر دەرگا وەستابن و من دەرگایان لێنەکەمەوە.

مێردەکەی هیچی نەووت، دەرگای لێکردنەوە. بەڵام ئەمەی لەدڵی خۆیدا هەڵگرت.

ساڵانێك تێپەڕی و خودا چوار کوڕی پێبەخشین و پێنجەم منداڵیان کچ بوو. بۆ لەدایکبوونی ئەم منداڵە، باوکی زۆر خۆشحاڵ بوو چەن سەر مەڕی سەربڕی و میوانداری گەورەی ساز کرد.

خەڵکی بەسەرسوڕمانەوە لێیان پرسی: هۆکاری ئەم هەموو خۆشی و میواندارییە چییە؟

پیاوەکە بەسادەیی وەڵامیدایەوە:

چونکە ئەمە هەمان ئەو کەسەیە دەرگام لێدەکاتەوە!



Scanned with CamScanner

# سەرنج لەخاڵی لاوازی کەسانیتر

**

یەکێ لەئوستادەکانی زانکۆ گێڕایەوە...

چەن ساڵێك لەمەوپێش بۆ خوێندن لەزانکۆی سانتا کلارا، کالیفۆرنیا چووم بۆ وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا. سێ چوار مانگێك بەسەر دەسپێکی خوێندندا تێپەڕی بوو کارێکی بەکۆمەڵ بۆ قوتابیان دیاریکرا کەلەگروپی پێنج شەش کەسیی بەبەرنامەیەکی کاتیی دەبوو ئەنجام بدرایە.

ڕێك لەبیرمە ئەو کچە ئەمریکییەی کەلەتەنیشتمەوە دانیشتبوو ناوی کاترینا بوو پرسیم بۆ ئەم کارە بەکۆمەڵە پلانی ئەو چییە؟

وتی: سەرەتا دەبێت بەرنامەی کاتەکان ببینێت. بەرنامەکە لەدەست قوتابیەکدا بوو بەناوی فلیپ.

وتم: فلیپ دەناسیت؟

کاترینا وتی: بەڵێ، ئەو کوڕە قژ لولەی هەمیشە لەپێشەوە دادەنیشێت!

وتم: نازانم باسی کێ دەکەیت!

وتی هەر ئەو کوڕە ڕێك و پێکەی هەمیشە چاکەت و پانتۆڵی شیك دەپۆشێت!

وتم: نازانم مەبەستت کێیە؟



Scanned with CamScanner

وتی: هەر ئەو کوڕەی کیفەکەیی و پێڵاوەکانی ڕێك خستووە!

هەر نەمزانی مەبەستی کێ بوو!

لێرەدا بوو کاترینا بەدەنگێکی نزمەوە وتی: فیلیپ، هەر ئەو کوڕە میهرەبانەی خاوەن پێداویستی تایبەتە...

ئەوکاتە تێگەشتم کێ دەڵێت بەڵام بەلامەوە ناباوەڕیی بوو، مرۆڤ چەندە دەبێت تێڕوانینی ئەرێنی بێت بتوانێ لەخەسڵەتە نەرێنیەکان و ناتەواوییەکان چاوپۆشی بکات...

چەندە نایابە تێڕوانینی ئەرێنی...

ساتێك خۆمم خستە شوێنی کاترینا، ئەگەر پرسیاری فلیپپیان لەمن بکردبایە ئەووم بناسیبایە چییم دەووت؟

بێگومان بەخێرایی دەمووت هەر ئەو کەمئەندامە ئیتر!!

کاتێ تێڕوانینی کاترینام بەتێڕوانینی خۆم بەراورد کرد گەلێ شەرمەزار بووم...

تۆ دەڵێت چی؟

چەندە نایابە ئەگەر هەوڵ بدەین. تایبەتمەندییە ئەرێنیەکانی کەسانیتر زیاتر ببینین و بتوانین لەکەم و کورتییەکانیان چاوپۆشی بکەین.

خۆتبە... خاڵی ئەرێنی فەرامۆش

لەدیتنی نیوەی پڕیکەسێتی مرۆڤەکان بێ ئاگا مەبە.

# شوان‌و بزنی چالاك

شوانی داماو هەرچی هەوڵێکی دەدا نەیتوانی بزنێکی بزێو لەجۆگە ئاوێکی بەرتەسك بپەڕێنێتەوە، ئەو دەیزانی ئەگەر ئەم بزنە لەو جۆگە بەرتەسکە بپەڕێتەوە ئەوا ڕانە مێگەلەکەی بەدوایدا دەتوانن بپەڕنەوە.

پانتایی جۆگەکە هێندە سەخت نەبوو ئاژەڵێکی بەوجۆرە نەتوانێت بپەڕێتەوە... نەلێدان‌و نەدارو نەهاوار سودێکیان نەبوو.

پیرەمێردێکی دنیا دیدە بەوێدا تێپەڕیی، کاتێ ئەمەی بینی هاتە پێشەوە وتی: "من چارەسەری ئەم کارە دەزانم." پاشان بەگۆچانەکەی ئاوە ڕونەکەی شێواندو لێڵی کرد.

بزنەکە هەرکە لێڵی ئاوی جۆگەکەی بینی بازی هەڵداو توانی بپەڕێتەوەو ڕانە مێگەلەکەش بەدوایدا...

شوانەکە واقی وڕمابوو، ئەمە چ کارێك بوو چ کاریگەرییەکی هەبوو؟!

پیرەمێرد، کەڕوخساری مات‌و مەلولی شوانەکەی بینی وتی: "سەیر نییە. ئەو ئەو ئاژەڵە کەخۆی لەئاوە ڕونەکەدا دەبینی ئامادەی



Scanned with CamScanner

ئەوە نەبوو بپەڕێتەوە، بەڵام کەئاوەکەم شێواندو لێڵم کرد چیتر خۆی لەبەر چاو وون بوو ترسی نەماو توانی بپەڕێتەوە."

ئەو بزنـە، کـەئاژەڵێك زیـاتر نییـە، پێـی بەخۆیـدا نـەدەنا، خـۆی نەدەشکاند، کەچی مرۆڤ لەخودی خۆی بتێك دروست دەکات هەندێجار دەیپەرستێت!!

خۆتبە... بەڵام شەیدای خۆت

# بوکەڵە

کیژۆڵە بەمیوانی وت: دەتەوێ بوکەڵەکانم ببینیت؟

میوان بەمیهرەبانییەوە وتی: بەڵێ.

کیژۆڵە بەڕاکردن رۆشت هەموو بوکەڵەکانی هێنا، هەندێکیان زۆر جوان بوون لەنێویاندا بوکەڵەیەك لەوانیتر جیاوازتر بوو دەستێکی شکابوو.

میوان لێی پرسی: کامەیانت لەهەموویان زیاتر خۆشتر دەوێ؟

کیژۆڵە بیرێکی کردەوە وتی ئەمەیان...

زۆر سەری سوڕما کاتێ کیژۆڵە ئاماژەی بۆ بوکەڵەدە دەست شکاوە کردو وتی ئەمەیانم لەهەمویان زیاتر خۆشدەوێ.

میوانەکە لێی پرسی: ئەمەیان زۆر جوان نییە:

ئاخر ئەگەر من خۆشم نەوێت کەس نییە یاری لەگەڵ بکاتو خۆشی بوێت، ئەو کاتە ئەویش دڵشکاو دەبێت.



Scanned with CamScanner

# عەشقی ڕاستەقینە

**

لەسەردەمی حەزرەتی سلێماندا دوو چۆلەکە لەگۆشەیەکدا نیشتبوون. چۆلەکەی نێر بۆ چۆلەکەی مێ خۆشەویستی دەردەبڕیی دەیوت تۆ خۆشەویستی منیت. تۆ هاوسەری منیت. خۆشم دەوێی. عاشقتم. بۆ چی دەربارەی من بێ مەیلیت؟ بۆچی گوێم پێنادەیت. وادەزانی من بێ هێزم، من ئەگەر بمەوێ دەتوانم بەدەنوك تەخت و تاجی سلێمان هەڵگرم و بیخەمە دەریاوە.

"با" کەملکەچی سلێمان بوو ئەم پەیامەی گەیاندە گوێی حەزرەتی سلێمان، حەزرەت بزەیەکی کرد فەرموی: ئەو چۆلەکانە بێن بۆلام. هێنایان. حەزرەت بەچۆلەکە نێرەکەی وت: داواکەت ئاشکرا بکە بزانم. وتی: من هێندە بەهێز نیم. حەزرەت وتی: ئێستا بەهاوسەرەکەت وت؟ وتی: کاتێ مێرد قۆپی لەژنەکەی دەکات یەك خاڵ وەردەگرێت. عاشق لۆمە ناکرێت. من عاشقم. شتێکم وت. بەڵام بەخوا من خۆشم دەوێ. ئەو نایەت بەلامەوە.



Scanned with CamScanner

حەزرەت بەچۆلەکەی مێینەی وت. ئەو عەشق بۆ تۆ دەردەبڕێت بۆچی گوێی پێنادەی؟

چۆلەکە وتی: چونکە درۆ دەکات هەم منی خۆشدەوێت هەم چۆلەکەی دیکەش. مەگەر لەدلێکدا چەن خۆشەویستی جێگەی هەیە؟ ئەم قسەیە هێندە کاریگەریی لەدڵی حەزرەتدا بەجێ هێشت تاچل رۆژ گریا تەنها دوعای دەکرد دەیوت... خودایە بێجگە لەخۆشەویستی خۆت هەموو خۆشەویستیەك لەدڵی سلێماندا دەربێنە.

# ژیریی چییه؟ ژیرڤان کێیه؟

**-**-**

- ژیرڤان کێیه؟ کەسێکە لەهەمووان فێر دەبێت.

"بنیامین فرانکلین"

- هونـەری ژیرڤـانی، هونـەری زانینـی ئەمەیـە دەبێـت لەچـی ببورێت و دەبورێت.

"ویلیام جیمز"

- لەدەسـتدانی شـتێك زیـاتر ژیـرت دەکـات تابەدەسـت هێنـانی ڕاستییەك.

"لیو ڤیك بودنە"

- کاتێ ژیانتان کۆتایی پێ دێت. تازە فێری ئەوە بوون بتوانن دوبارە دەست بەژیانێکی خۆش بکەنەوە.

"ئەلنور مارکس"

- کەسـی ژیـر سـوکایەتی فـەرامۆش دەکـات، هـەروەك کەسـی پێنەزان چاکەکان بیر دەباتەوە.

"پەندی چینی"



Scanned with CamScanner

- کاتێ ناخی مرۆڤ پڕ بێت لەداڤانی، ڕوبەرێکی بچوك بۆ ژیریی دەمێنێتەوە.

"مالکوم دماین"

- من لەو باوەڕەدام ژیری مانای زۆر گرنگیدان بەشتە گرنگەکان کەژمارەیان کەمەو کەمترینیش گرنگی نەدان بەپاشماوەی شتەکان.

"سوجان باکی"

- ژیرترین مرۆڤ ئەو کەسەیە تەنانەت ساتێکیش خەیاڵی ئەوە نەکات کەسێکی ژیرە.

"نیکۆلا بوئالو"

- من هەمیشە لەحاڵەتی فێر بووندام و کێلی گۆڕەکەم بڕوانامەکەم دەبێت.

"ئەرتا کیت"

- ئەو ژیرییەی تەنها لەکتێبەوە بەدەست بێت ژیریی نییە.

"هوراس"



Scanned with CamScanner

# قاوەی "نەوەکو"

لەگـەڵ یـەکێ لـەهاوڕێکانم چـووین بـۆ قاوەخانەیـەکی بـچوك و داوامـانکرد. بـەرەو مێزەکـەمان چـووین و دوو کەسـی دیکـە هاتنـە ژوورەوەو داوایان کرد. پێنج دانە قاوە... دوان بۆ ئێمە سێ دانە قاوەی نەوەکو!!

پارەیانـداو دوو قاوەیـان هـەڵگرت و ڕۆشـتن. لەهاوڕێکـەم پرسـی: بەسەر هاتی ئەم قاوەیەی نەوەك چی بوو؟

ئەگەر ئارام بگریت کەمێکیتر تێدەگەیت؟

کەسانیتر هاتنـە قاوەخانەکـەوە... دوو کـچ هـاتن. هەریەکـەو داوای قاوەیەکی کرد. پارەیانداو ڕۆشتن. داواکردنی دواتر حەوت دانە قاوە بوو لەلایەن سێ کەسـەوە. سێ دانـە بۆ خۆیان و چواردانە نـەوەکو،



Scanned with CamScanner

بەوجۆرەی باسی قاوەمان دەکردو لەو دیمەن جوانی بەرامبەر کافەکە ورد دەبووینەوە پیاوێک بەجلێکی شڕەوە هاتە قاوەخانەکەو زیاتر لەگەدایەك دەچوو. بەمیهرەبانیەوە لەقاوەچییەکەی پرسی: قاوەی نەوەکو هەیە؟

وتم: زۆر ئاسانە، خەڵکی لەجیاتی ئەو کەسانەی ناتوانن پارەی قاوەیەك بدەن بەحسابی خۆیان قاوەی نەوەك دەکڕن. نەریتی قاوەی نەوەکو لەشاری ناپۆلی ئیتالیاوە دەستی پێکردووە وردە وردە بەهەموو شوێنێکی دنیادا بڵاو بویەوە.

لەهەندێك شوێن تۆ نەك هەر دەتوانی خواردنەوەیەکی گەرم لەجیاتی کەسێك بکڕیت. بەڵکو دەتوانی بەپێدانی پارەی ساندویجێك یان ژەمە خواردنێکی تەواوی نەوەکو جێبەجێ بکەیت.

# ماسی

**

ماسی لەنێو ئاکواریۆم[1] دەیوست شتێکم پێ بڵێت.

تاکو دەمی کردەوە ئاو چوویە دەمیەوە نەیتوانی بڵێت.

دەستم برد دەرم هێنا.

لەخۆشیا دەستی کرد بەهەڵبەزینەوە. دڵم نەهات دوبارە بیکەمەوە ئاکواریۆمەکەوە. هێندە هەڵبەزییەوە ماندوو بوو خەوی لێکەوت.

وتم باشترین کاتە تاکو خەوتووە بابیخەمەوە ئاوەکە.

بەڵام ئەوە چەن سەعاتە بێدار نەبۆتەوە یانی وابزانم بێدار دەبێتەوە وتم ڕەنگە توڕە بوبێت. خۆی کردووە بەخەوتوو؟؟

ئەمە داستانی هەندێك لەکەسانی دەورو‌بەرمانە.

خۆشمان دەوێن و خۆشیان دەوێین. بەڵام لێمان تێناگەن تەنها لەدنیای خۆیاندا باشترین ڕەفتارمان لەگەڵ دەکەن.

[1] ئاکواریۆم: ئاوژێدان، شوێنی پاراستنی گیاندارێك.



Scanned with CamScanner

# دوو دڵۆپ ئاو

دوو دڵۆپ ئاو کەلەیەك نزیك دەبنەوە، دڵۆپێکی گەورەتر پێك دێنن.
بەڵام دوو پارچە بەرد هیچ کاتێ نابنە یەك.

هەرچەن سەختروتوندتر بین دەرکی کەسانیتر بۆمان دژوارترو سەرەنجام ئەگەری گەورەتر بوونمان نزم دەکاتەوە، ئاو بەپێی نەرمو نیانیی بەبەراورد لەگەڵ بەرد سەرسەختترو بۆ گەیشتن بەئامانجی خۆی لاسارترو لێ براوترە، بەرد لەودیو یەکەمین بەربەستەوە دەوەستێت.
بەڵام ئاو ڕێی خۆی بەرەو دەریا دەگرێتەبەر.

لەژیاندا مانای ڕاستەقینەی سەرسەختی، پێداگریی و لێدابڕان لەدڵنەرمی و لێبوردندا دەدۆزرێتەوە. جاری واهەیە پێویستە لێبوردە بیت. جاری واش هەیە ناتوانی بەخشندەو لێبوردە بیت.

بەڵام دەتوانی چاو بنوقێنیت و بڕۆیت، جاری واهەیە ناچار دەبیت نادیدە بیگریت.

جارێک سەیری لایەکی خۆت بکە کەنەبینی بەڵام بەئاگایی و زانینەوە فێری بەخشین دەبیت.



Scanned with CamScanner

# حاجی ئاغا

**

حاجی ئاغا لەشەقامێکدا منداڵێکی هەژاری بینی خواردنەکەی خۆی دەدات بەسەگێکی برسی.

لێی نزیك بویەوە وتی:

بۆچی خواردنەکەت دەدەیت بەم سەگە؟

منداڵەکە وتی:

ئەم سەگە نەماڵی هەیە، نەخواردن. هیچ کەسێکیشی نییە ئەگەر من کۆمەکی نەکەم دەمرێت.

حاجی ئاغا وتی:

سەگی بێ لانە لەهەموو جێیەك هەیە، ئایا تۆ دەتوانی فریای هەموویان بکەوی؟

ئایا تۆ دەتوانی دنیا بگۆڕی؟

منداڵەکە سەیرێکی سەگەکەی کرد وتی:

بەڵێ، بەڵام ئەو کارەی من بۆ ئەم سەگەی دەکەم. تەواوی دنیاکەی دەگۆڕێت.



Scanned with CamScanner

# قاچی گەورە، دڵی گەورەتر

**

هەوا گەلێ گەرم بوو، هەربۆیە وەستان لەبەردەم دوکانی بەستەنی فرۆشیدا شتێکی ئاسایی بوو.

کیژۆڵەیەك کەپارەکەی بەتوندی لەدەستیدا قایم کردبوو، چوویە دوکانی بەستەنی فرۆشییەکەوە. فرۆشیارەکە بۆ ئەوەی ئەو کیژۆڵەیە وشەیەك بدرکێنێ بەتاڵییەوە پێی وت: لەدوکانەکە برۆ دەرەوە ئەو تابلۆیە بخوێنەوە تاکو پێڵاو لەپێ نەکەیت مەیەرە دوکانەکەوە.

کیژۆڵە بەئارامی چوویە دەرەوە، پیاوێکی کەڵەگەت بەدوایدا هاتە دەرەوە، کیژۆڵە لەبەردەم تابلۆکەدا وەستاو خوێندیەوە: هاتنە ژوورەوەی پێ پەتیی قەدەغەیە! کیژۆڵە لەکاتێکدا فرمێسك بەچاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە ملی ڕێی گرت بڕوات. لەم کاتەدا پیاوە کەڵەگەتەکە بانگی کرد. ئەو لەسەر پیادەڕۆکە دانیشت، پێڵاوە گەورە ژمارە ٤٤ کەی خۆی داکەندو لەبەرامبەر کیژۆڵەدا جوتی کردو وتی:



Scanned with CamScanner

وەرە ئەم پێڵاوانە لەپێ بکە. ڕاستە بەم پێڵاوانەوە ناتوانی بڕۆیت بەڵام ئەگەر ئەمانە لەپێدا بێت دەتوانی بەستەنی بکڕیت. کیژۆڵەی لەشوێنی خۆی هەستاندو پێیەکانی پێکردە پێڵاوەکانەوە وتی: هێندە بەم پێڵاوانەوە گەڕاووم ماندوو بووم تاکو دەڕۆیت و دەگەڕێیتەوە من لێرە دادەنیشم بەستەنیەکەم دەخۆم، بریقەی چاوی کیژۆڵە کاتێ بەرەو بەستەنی فرۆشەکە دەچوو دیمەنێك نەبوو بیر بچێتەوە.

بەڵێ، ئەو پیاوێکی کەڵەگەت و ورگن بوو، پێڵاوەکانی گەورە بوون، بەڵام لەهەمووی گرنگتر دڵێکی گەورتری هەبوو.

خۆتبە... دڵت گەورە بێت.

# هەڵەی فریشتەکان

******

دەروێشێك بەهۆی هەڵەی فریشتەکانەوە بردیان بۆ دۆزەخ.

پاش کەمێك شەیتان بەدادو هاوارەوە ڕویکردە فریشتەکان و وتی:

جاسوستان هێناوە بۆ دۆزەخ!؟

لەو ڕۆژەوەی ئەم کەسەتان هێناوە بۆ دۆزەخ، ڕینمایی دۆزەخیان دەکات و...

ئەو دەروێشەی برابوو بۆ دۆزەخ قسەکەی ئەمە بوو (بەجۆری عەشقەوە بژی تەنانەت ئەگەر بەڕێکەوت هێنرایت بۆ دۆزەخ خودی شەیتان بتباتەوە بۆ بەهەشت.)



Scanned with CamScanner

# کێ دێوانەیە؟ کێ ژیرە؟

لەشاری ئێمەدا شیتێك هەیە لەکۆڵان و کوچەکاندا منالان گاڵتەی پێدەکەن. ڕۆژێك ئەووم لەکۆلان بینی لەگەڵ منالاندا بەخۆشییەوە یاری و گەمەی دەکرد، لەگەڵ خۆم بردمەوە بۆماڵەوە وتم بۆچی ئەو منالانەی قسەت پێ دەڵێن و گاڵتەت پێدەکەن لەخۆتیان دور ناخەیتەوە؟

بەپێکەنینەوە وتی:

"مەگەر شێت بووم بەندەکانی خودا لەخۆم دوربخەمەوە لەکاتێکدا بتوانم پێکەنین بکەمە خەڵاتی ئەوان؟" وەڵامەکەی ئەو ماوەیەك منی خستە قوڵایی بیرکردنەوە... دوبارە لێم پرسی: جوانترین و ناشیرینترین شتێك تائێستا بینبێتت پێم بڵێ!

پەرداخێك ئاو دانرابوو هەڵیگرت و نای بەسەرییەوە بەسەر قوڵەکانی ئەو ئاوەی بەدەم لێویدا ڕژابوو خاوێنی کردەوە وتی:



Scanned with CamScanner

"جوانترین شتێك لەژیانمدا دیبێتم ئەو بزەیە بوو باوکم لەکاتی سەرەمەرگیدا لەسەر لێوەکانی بوو. ناشیرینترین شتێکیش کاتی بەخاسپاردنی باوکم بوو کەهەموو بەدەم گریانەوە تەرمەکەیان خستە گۆڕەوە.

وتم: بۆچی بەلای تۆوە ناشیرین بوو؟ مەگەر مەراسیمی بەخاکسپاردن بەبێ گریان دەبێت؟

وتی: "مەگەر دەکرێت بۆ کەسێك بگریت پێکەنینی بەمردن بێت؟"

لەو ڕۆژەوە بیر لەوە دەکەمەوە ئایا ئەم کەسە شێتە؟ یان خەڵکی ئەم شارەی ئێمە شێتن کەئەو بەشێت دەزانن؟!



Scanned with CamScanner

# پەروەردە

---**---

چاووم بەکیژۆڵەیەکی تەمەن سێ چوار ساڵە کەوت کەمێ لەدایكو باوکییەوە دور بوو سەیری دەکردم. هێندە ڕوخسارێکی جوانو ناسکی هەبوو کەبەدەست ئاماژەم بۆ کرد بێت بۆ لام. بەڵام بەترسو گومانەوە لێی دەڕوانیم لەجێی خۆی نەبزوا دوسێ جاری دیکەش بۆم دوبارە کردەوە بەڵام هەر نەهات.

وەك هەمیشە، دەستم کەخاڵی بوو مشتم کردوو بۆم ڕاگرت تاکو وابزانێ شتێکم پێیە. دەسبەجێ بەرەو ڕووم هات، لەم کاتەدا باوکی وەك بڵێی ئاگای لێ بوو بەپەلە بەرەو ڕووم هات نەستەلەیەکی بەدزییەوە خستە دەستمەوە. مناڵەکە هاتو نەستەلەکەی وەرگرت.

بەباوکیم ووت من نەمویست ئازاری بدەم.

وتی: دەزانمو دڵنیام دەتەوێ یاری لەگەڵ بکەیت، بەڵام کاتێ دەستی خاڵیت دەکردەوە ئەو متمانەی بەتۆ لاواز دەبوو.

کارەکەی تۆ وایدەکردمناڵەکە ئەزمونی درۆ بکات چیتر بۆ هەموو تەمەنی باوەڕ بەکەس نەکات.

ئێستا بزانن زۆربەمان چ کارێك دەرهەق مناڵەکانمان دەکەین، باوك لەماڵەوە دادەنیشێت لەبەر چاوی مناڵەکەی بەژنەکەی دەڵێت فلانی زەنگی لێدا بڵێ من لەماڵەوە نیم.



Scanned with CamScanner

# دەبێت بەزێر بنوسرێت

**

- کاتێ شەڕ لەگەڵ هاوڕێکانت دەکەیت، تازە دەزانیت ئەوان چەندە لەنهێنیەکانی تۆ ئاگادارن.
- ئەگەر ناتوانیت لەگەڵ ماردا بجەنگێیت، دەتوانی بەنەوای نەی سەرسامی بکەیت.
- تۆ لەبەر جوانی ژنت خۆشناوێت، ئەو جوانە چونکە خۆشت دەوێت.
- نادان پیاسە دەکات، زانا سەفەر.
- بەهای دوژمنەکانتان بزانن چونکە کەمو کورتی ئێوە دەردەخەن.
- هۆکاری بەدبەختی ئێمە دنیایەکە لەسینەماندایە نەک ئەو دنیایەی گەمارۆی داوین.
- کاتێ وردبوونە لەئایندە نیگەرانئامێزو وردبونەوە لەڕابردوو ترسناکە. سەیرێکی لای خۆت بکە بزانە ئایا هاوڕێیەکت هەیە؟
- هەموو دەنگت دەبیستن. دۆستەکانت گوێت لێدەگرن بەلام تەنها هاوڕێی دڵسۆز دەتوانێ ئەوەی بەزمان نایدرکێنیت گوێی لێ بێت.



Scanned with CamScanner

# نواندنی پازول[1] "نەخشە"

—**—

داوات لێدەکەن خشتەی وێنەیەکی پارچ کراو پێکەوە بچەسپێنیتەوە تاکو وێنەی مەبەست دەرکەوێت.

پێشتر لەم کارەدا دەستبەکار بویت. بەهەژینەوە دێیت و بەپەلە دەستبەکار دەبیت. ١٠٠٠ پارچە لەسەر مێزێکی گەورە بڵاو دەکەیتەوە. دەمی پاکەتەکە دەکەیتەوە تاکو نەخشەکە بخوێنیتەوە. بەڵام وێنەیەکی تێدا نییە لەجیاتی نەخشە پەڕەیەکی سپییان تێکردووە.

چۆن دەتوانیت بەبێ ڕێنماو نەخشەیەك بزانیت دەتەوێ چی دروست بکەیت تاکو نەخشەکە تەواو بکەیت. ئەگەر نەخشەکەت نەبوایە چ جیاوازییەکی گەورەی دەبوو؟ بەبێ نەخشە ناتوانیت بزانیت لەکوێوە دەست پێبکەیت.

ئێستا بیر لە١٠٠٠ پارچەی ژیانت بکەرەوە، ئایا ئامانج و مەبستێکت لەخەیاڵدا هەیە؟ ئایا دەزانیت دەتەوێ چ کەسێك و چۆن کەسێك بیت؟ دەربارەی پێنج ساڵی ئایندەی ژیانت دەڵێیت چی؟ ئایا بەدوای بەرنامەو ئامنجێکی تایبەتیدا دەگەڕێیت.

---

[1] پازول: نەخشەی لکاندی وێنەی پارچەکراو.



Scanned with CamScanner

# دابەشکردنی گاکێویی

—**—

ڕۆژێك ڕێویەك، گورگێكو ورچێك پێکەوە ڕۆشتن بۆ ڕاوو شکار هەریەکەیان گایەکی کێویی ڕاوکرد.

مشتومڕ کەوتە نێوانیان کەچۆن نێچیرەکانیان دابەش بکەن.

ورچ لەگورگی پرسی: چۆن ئەم کارە ئەنجام بدرێت.

گورگ وتی: "ئاسانە. هەریەکێ لەئێمە دەبێت گاکێویەکمان بەرکەوێت." هەرکە گورك قسەکەی تەواو کرد ورچ پەلاماریداو خواردی.

پاشان ورچ لەڕێویی پرسی: دەبێت چی بکات.

ڕێویی نێچیرەکەی خۆی لەگەڵ ورچدا دابەشکردو وتی: قوربان، نێچیرەکەی گورگیش نۆشی گیانی تۆ بێت.

ورچ وتی: "لەکوێوە ئەم ژیریی و بلیمەتیەت بەدەست هێناوە؟"

ڕێوی وتی: "لەگورگەوە فێر بووم."



Scanned with CamScanner

هەندێجار جێگرەوەیەك وەك پێویست بۆ تاقیكردنەوە بوونی نییە، بەڵام هەڵەی تاقیكردنەوە لەمەدایە تاكاتێ زۆر تەنگاو نەبیت بەزەحمەت بەدەستی دێنیت.

ئەزموون زیاتر فێركارێكی سەختگیرە. چونكە سەرەتا تاقیت دەكاتەوە دواتر پەندو عیبرەتت فێردەكات.

بەم هۆیەشەوەیە دەڵێن: كاتێ كەسێكی بەئەزموون تووشی كەسێكی پارەدار دەبێت. ئەوەی خاوەن ئەزمونە پارە وەردەگرێت ئەوەی خاوەن پارەیە ئەزمون بەدەست دێنێت."



Scanned with CamScanner

# دەرمانی درزە دەرونیەکانی خۆت بکە

**

زەمین لەرزە لەدەمدانەوەو قلّیش و درزەکانی زەوییەوە ڕوو دەدەن. واتا فشارێك کەدەبێتە هۆی توێکڵی زەوی بقلّیشێنێت. دەربارەی مرۆڤەکانیش هەمانشێوەیە. کاتێ مرۆڤ لەژێر گوشاری دەرونیدایە درزەکانی بەرەو کارەساتی دڵتەزێنی ژیانی دەبەن.

ئەو کارەساتەش ڕەنگی وەستانی لێدانی دڵ یان نەخۆشییەکی مەترسیدار یان دارمان و لێك بچڕانی ژیانی خێزانی و هاوسەرداریی بێت. وێڕای ئەمانە بەچاکردنەوەی ئەم درزانە دەتوانین جڵەوگیریی لەو کارەساتانە بکەین. ئەگەر درزەکان نەبن زەمین لەرزەیەکیش بوونی نابێت.

وەك زەمین لەرزە، ئێمەش دەکەوینە نێوان درزە دەرونییەکانەوە بەلاّم بەپێچەوانەی زەوییەوە توانای چاکردنەوەی یەك بەیەکی درزەکانمان هەیە، ئەم درزانە چیین؟ دەتوانن ڕابردوویەکی تاڵ، نائاسودەیی، هەستی ڕق لێبوون، خۆشنەویستراویی، هەستی سەرکوتکراو، متمانەی لاواز بەخود، نیگەرانی، پەرێشانی، بێزاریی یان تەنیایی بن.

"گریس سیروکو"



Scanned with CamScanner

# داستانی نەهەنگ

**

ئایا تائێستا بیرت لەوە کردۆتەوە کەچۆن نەهەنگێکی ٨٠٠ کیلۆیی بەجۆرێك ڕادێنن، تاکو بەرزایی ٦ مەتر لەئاودا باز بدات و بەرز بێتەوە؟

یەکەم شتێك دێت بەخەیاڵماندا، ئەمەیە گوریسێك لەئاستی ٦ مەتردا لەئاستی ئاوەکەدا دابنێین و بڵێین، باز بدە، بەڵام ئەو باز نادات، بۆچی؟ ڕەنگە هەژینێکی پێویست بێت کەواتە دەبێت هەژینی بازدانی پێبدەین، سەتڵێکی پڕ لەماسی لەبەرزاییەکی ٦ مەترییەوە لەئاستی ئاوەکە دانێین و نەیدەین بەنەهەنگەکە تاکو بەهەژینی ئەوەی ماسییەکان بگرێت خۆی بۆیان هەڵبدات و بیانگرێت. بەڵام هێشتا ئەو کارە ناکات، بۆچی؟ ڕەنگە پێویستی بەنیشاندانی ئاراستەیەك بێت. کەواتە دەبێت لا و ئاراستەیەکی بۆ دیاری بکەین. دەچینە سەر سەکۆیەکی ٦ مەتریی و خۆمان دەچەمێنینەوە بەنەهەنگ دەڵێین، خۆت هەڵدە، باز بدە، بەڵام ئەو لەشوێنی خۆی نابزوێت.

کەواتە ڕاهێنەرێك لەدەریادا ئەم کارە چۆن ئەنجام دەدات؟ ئەگەر ڕەهەندی ئەو کارەی لێ بپرسیت، دەڵێت: "لەهەنگاوی یەکەمدا ڕاهێنەر گوریسێك لەسەر ئاوەکە دادەنێت بەجۆرێك نەهەنگەکە



Scanned with CamScanner

ڕێگەیەكی دیكەی بێجگە لەوە نییە بۆ تێپەڕین‌و ماسییەكی پێدەدات، نەوازشی دەكات‌و بەهاندانەوە یاری لەگەڵ دەكات.

بەڵام ئەگەر نەهەنگ بەژێر ئاوەكەدا بڕوات چی دەبێت؟ هیچ.

هیچ شۆكی كارەبایی، ئاگاداریی یان مەترسییەك لەئارادا نییە. بەم كارە بۆ نەهەنگ ئەمە بەجێ دەمێنێت كەڕەفتارە نەرێنییەكانی هەرگیز مایەی هاندان نابن.

بنەمای ئەم ڕاهێنانە سادەیە كاریگەرییەكی ئەرێنییە كەدەتوانێ ئەم ئەنجامە بەرچاوی‌و سەیرەی لێ بكەوێتەوە.

كاتێ نەهەنگ دەست دەكات بەپەڕینەوە بەسەر گوریسەكەدا نەك بەژێریدا، ڕاهێنەر وردە وردە گوریسەكە بەرزتر دەكاتەوە، دەبێت گوریسەكە وردە وردە بەرز بكرێتەوە تائەو ئەندازەیەی نەبێتە هۆی فشاری دەرونی‌و فیزیكی لەنەهەنگەكەدا.

پەندی یەكەم كەلە ڕاهێنانی نەهەنگەوە وەریدەگرین، هاندانی بەردەوامە. بۆ هەركارێكی چاك دەبێت پاداشتێك بدرێت.

پەندی دووەم. بەكار نەبردنی تەمبێ‌و ڕەخنەگرتنە. دەربارەی مرۆڤەكانیش تەمبێ‌و بڕیاردان نابێت دڵێ كەسەكە سارد بكەنەوە تاكو بتوانێ كاریگەریی بەتینی خۆی هەبێت هۆكاری دوپاتبونەوەی كاری هەڵە نەبێت، نابێت حاڵەتێكی وا بێتە ئاراوە كەسەكە خۆی بەشكست خواردوو دڵشكاو ببینێت.

كەواتە، هاندانی بەردەوام، هۆشاركردنەوە بەئەندازە، پاشان بەرزكردنەوەی گوریسەكە.



Scanned with CamScanner

# چەن خاڵێکی حیکمەت ئامێز

**

- دوو شت پێناسەتان دەکات:
- خۆڕاگریتان کاتێ خاوەنی هیچ شتێك نین.
- جۆری ڕەفتارتان کاتێ خاوەنی هەموو شتێکن.
- بۆ گەیشتن بە"کبریا" دەبێت نەکیبرتان هەبێت نە ڕیا.
- هەرگیز خەم بۆ پیر بوونتان مەخۆن، چەن زۆرن ئەو کەسانەی لەو دەسکەوتە بیبەری بوون.
- خۆشەویستی وەك نوێژ وایە دوای ئەوەی نییەتت هێنا نابێت سەیری دەوروبەری خۆت بکەیت.
- پێوەری ڕاستەقینەی سەروەت ئەمەیە ئەگەر سەروەتەکەمان لەدەسچوو، بەهای خۆمان چەندە.
- ڕواندنی درەخت نایابە، بەڵام لەوەش نایابتر پێکەوە بوون‌و دروستکردنی دارستانە.
- کەسانێك هەن لەخۆمان دەیانڕەنجێنین. وەك ئەو سەعاتەی دڵسۆزانە سبەینان زەنگ لێدەدەن لەنێوان خەون‌و بێداریدا دەکێشین بەسەریاندا. دواتر تێدەگەین کەزۆر درەنگی کردووە!



Scanned with CamScanner

# ئەزمونێك لە"ستیڤن كاوی"

**

لەقۆڵی چەپمدا پەڵەیەكی زبری كۆن هەیە. وابزانم ئێوەش پەڵەیەكی بەوجۆرە بەقۆڵتانەوە هەبێت، ڕۆژێك لەبەر ئەو ڤاكسینەی دژە نەخۆشی ئاولەیە كەمێ نەخۆش كەوتم هەرگیز بیرم ناچێتەوە، بەچونە ناوەوەی میكرۆبی بچوكی ئاولە، سیستمی بەرگریی لەشم كارا بوو، هەموو هێزێكی خۆی كارا كردو نەیهێشت هەرگیز توشی ئەو نەخۆشییە ببم، ڕەنگە ئەمەش بەسەر ئێوەدا هاتبێت، ئەوساتە دژوارانەم هەرگیز بیرناچێتەوە وێڕای ئەوەی ئەوانەی لەدەورو بەرم بوون دڵنەواییان دەكردم، پێی بێزار بووم ئەو ئازارەم هێشتا لەبیر ماوە.

حەزمدەكرد وام لێنەكەن، لەدەرەنجامەكەی تەواو بێ ئاگا بووم، دایكو باوكم جەختیان لێدەكردمەوە منیش وەك ئێوە خۆشحاڵم كە گوێڕایەڵی ئەو فەرمانەم كرد. ناچار بووم لەوساتە ناهەموارەدا خۆڕاگر بم، دواتر لەگرنگی ئەو كارە تێگەشتم كە ئەوپەڕی سوودی هەیە.

نەخۆشی ئایدز بەو هۆیە مەترسیدارە كەسیستمی بەرگریی لەش بۆ ململانێی نەخۆشییەكان لەناو دەچێت، لەڕاستیدا مرۆڤ بەئایدز لەناو ناچێت بەهۆی زۆرێك لەنەخۆشییەكانی دیكەوەیە كەبەرگەیان



Scanned with CamScanner

ناگرێت. چونکە بۆ زاڵبوون بەسەر نەخۆشییەکاندا ئامرازی بەرگریی پێویستیان پێ نەماوە، بەم پێیەش ئاستەنگو نائومێدی خەڵکی تووشی فەلاکەت ناکەن ئەوان بەهۆی نەمانو تیاچوونی ئامرازی بەرگریکار لەگێژاوی سستیو لاوازیدا تیادەچن.

هەروەها ژیانی هاوبەش هەرگیز بەهۆی دەستێوەردانی دەوروبەر یان پرسە ئابورییەکانەوە هەڵناوەشێت، بەڵکو لەڕووی بەهرمەند نەبوونە لەدۆخی پێویست بۆ ململانێی گرفتو کێشەکانو جیاوازییەکان دەگاتە بنبەست. لەڕاستیدا ژنو مێرد لەجیاتی بەڕێوەبردنی ژیان بەپێی هاوکاریو بەشداریی. سیاسەتی جەنگ یان دابڕان پیادە دەکەن.

# کڕینی توتی

ئێرنست کمپیل، یەکێ لەئەندامانی پێشووی یەکێتی جڤاتی ئاینی دێرەکانی نیویۆرك، بەسەرهاتی ژنێکی گێڕایەوە کەلە فرۆشگەیەکی ئاژەڵاندا توتییەك دەکڕێت، تاکو لەتەنیایی ڕزگاری بێت، ئەو باڵندەکەی بردەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام پاش چەن ڕۆژێك توتییەکەی گەڕاندەوە بۆ فرۆشیارەکە وتی: "ئەم توتییە هێشتا یەك قسەی نەکردووە."

فرۆشیارەکە وتی: "ئایا ئاوێنەیان هەیە؟ توتیەکان حەز دەکەن خۆیان لەئاوێنەدا ببینن." بەبیستنی ئەم قسەیە ژنەکە توتیەکەی بردەوە بۆ ماڵەوەو ئاوێنەیەکی کڕی‌و بەرامبەر بەتوتیەکە داینا. ڕۆژی دواتر دوبارە ژنەکە سەردانی فرۆشگەکەی کردەوە، وتی توتیەکە هێشتا قسەی نەکردووە، فرۆشیارەکە وتی: "ئایا پەیژەیەکت بۆ توتیەکە کڕیوە؟ توتیەکان حەز دەکەن بەپلەکانی پەیژەدا سەرکەوون." بەمەش ژنەکە پەیژەیەکی بچوکی کڕی‌و بردیەوە بۆ ماڵەوە.

بەڵام چونکە توتیەکەی قسەیەکی نەدەکرد، دوبارە ژنەکە سەردانی فرۆشگەی کردەوە.



Scanned with CamScanner

فرۆشیارەکە وتی: "ئایا توتیەکە جۆلانەی هەیە؟ باڵندەکان حەز دەکەن لەسەر جۆلانەیەك بنیشن و پشوو بدەن." ژنەکە جۆلانەیەکی بۆ کڕی و گەڕایەوە، ڕۆژی دواتر دوبارە گەڕایەوە بۆ لای فرۆشیارەکەو ئەمجارەیان وتی توتیەکە مردووە.

فرۆشیار وتی: "گەلێ بەداخم، ئایا توتیەکە پێش مردنی قسەی کرد؟"

ژنەکە وتی: "بەڵێ، توتی پرسی، ئایا کەسێکت دۆزییەوە خواردن بفرۆشێت؟"

کمپل دەڵێت: وانەیەك لەم بەسەرهاتە وەریدەگرین ئەمەیە، بۆ ئارایشکردنی خود ئاوێنە دەکڕین، بۆ سەرکەوتنیش پەیژە ئامادە دەکەین. بۆ چێژ بردنیش جۆلانە، بەڵام بیرمان دەچێت خۆراکێك بۆ دڵ و دەرون ئامادە بکەین.



Scanned with CamScanner

# دەست خوێندنەوە

——**——

پیاوێك چوویە ناو چادری دەست خوێندنەوە، ئەو پارەی دابە دەسخوێنەکە داوای لێکرد تاکو بەختی بۆ بگرێتەوە. بەختگرەوە وتی:

- زۆر شت دەبینم...
- وەکو چی؟
- تاکو تەمەنی ٤٥ ساڵیی برسی و هەژارو بەدبەخت دەبیت.

پیاوەکە بەنائومێدییەوە پرسی:

- سەیرە. بەڵام پێم بڵێ کاتێ دەگەمە تەمەنی ٤٥ ساڵیی چیم بەسەر دێت؟
- هیچ تەنها خووی پێوە دەگریت؟

سەرنج:

مەخابن ئێمە بەزۆرێك لەشتەکانەوە خوو دەگرین، عادەت بەشتی نەخوازراوو قبوڵکردنی وەك ڕاستییەك، عادەت بەهەژاری، عادەت بەنەداری، بەڵام چۆن عادەت چارەنوس و ژیانمان بەدەستەوە دەگرێت، ئەم داستانەی ژێرەوە ئەمە بەجوانی ڕوون دەکاتەوە.



Scanned with CamScanner

ژیژکێك داوای لەمارێك کرد جێگەم بکەرەوە لەهێلانەی تۆدا منیش بهێنمەوە پێکەوە ژیان بکەین، مار داواکەی ژیژکی قبولّ کرد ئەوی بردە لانەی تەنگ‌و تاریکی خۆیەوە! چونکە لانەی مار تەنگ بوو، دڕکە تیژەکانی ژیژك دەچوو بەلەشی نەرمی مارداو برینداری دەکرد.

بەلاّم مار لەڕوی میوانداریی خۆیەوە قسەی نەدەکرد، سەرەنجام مار وتی: ببینە چۆن بریندارو خوێناوی بووم! ئایا دەتوانیت لەلانەی من بچیتە دەرەوە؟

ژیژك وتی: من کێشەیەکم نییە، ئەگەر تۆ ناڕەحەتیت دەتوانیت لانەیەکی دیکە بۆ خۆت ساز بکەیت.

عادەتەکان سەرەتا وەك میوانێك دەبن. بەلاّم زۆر ناخایێنێت خۆیان دەکەن بەخاوەنمالّ‌و جلّەومان دەکەن.

"وریای ژیژکی عادەتە نەرێنیەکانی ژیانتان بن."

# فڕۆکەی کاغەزیی

**

خانم هیکت ماوەی هەفتەیەک وانەی ئیرۆدینامیکی لەپۆلی شەشەمدا دەووتەوە.

بۆ تەواکردنی وانەکە پێشبڕکێیەکی بۆ دروستکردنی فرۆکەی کاغەزیی بۆ قوتابییەکان سازکرد. بڕیار بوو دوو قوتابی بەهاوکاری یەکتریی فرۆکەی کاغەزیی دروست بکەن بەجۆرێك هەر فرۆکەیەك ماوەیەکی زیاتر ببڕێت براوەی یەکەم بێت. تۆم داوای لەجیڤ کرد هاوکاری بکات. خانم هیکت وتی: کتێبەکانتان بکەنەوە تاکو بەشی ئایرۆدینامیك بخوێنین کاتێ تەواو بوو ئێمە هاوکارەکەمان بۆ دروستکردنی فرۆکەی کاغەزیی بۆ پێشبڕکێکە هەڵدەبژێرین.

خانم هیکت، تەواوی ئەو هەفتەیەی بەخوێندنی ئەو هێزەی دەبێتە هۆی فڕین تێپەڕاند.

تۆم داوای لەجیڤ کرد لەم پێشبڕکێیەدا هاوکاری بێت، جیڤ گەلێك زیرەك و تیژ بین بوو بەڵام لەوانەکەیدا هێندە زیرەك نەبوو، هەندێکیان لەقەبی "گەپجاڕ"یان لێنابوو ئەو کەسێکی سەرەڕۆ و هەمیشە لەخەیاڵدا بوو، بەڵام تۆم بەمجۆرە بیری نەدەکردەوە بەڵکو بەلایەوە جیڤ نەك تەنها هاورێیەکی باش بوو بەڵکو شەیدای



Scanned with CamScanner

سەرکەوتن بوو ئەمەش ئەو پاساوە گرنگە بوو کەهانی تۆمی دەدا تاکو جیڤ وەکو هاوبەشێك هەڵبژێرێت.

مامۆستا وتی: وەرن هەریەکێکتان کاغەزێك هەڵگرن، ١٥ خولەك کاتتان هەیە تاکو فڕۆکەی کاغەزیی دروست بکەن. پاشان دەچینە دەرەوە هەڵیان دەفڕێنین ئەو تیمەی فڕۆکەکەی دورتر بڕوات براوەی پێشبڕکێکەیە.

تۆم بەجیڤی وت: دەتەوێ چۆن فڕۆکەکە دروست بکەیت؟ جیڤ وتی: هێشتا نازانم. تۆم وتی: من دەمەوێ تیژترین شتێك بتوانێ هەوا ببڕێت و بچێتە پێشەوە دروستی بکەم.

تۆم، فڕۆکەکەی دروست کرد و نیشانەی تەواو بوونی کارەکەی ڕاگەیاند، بەڵام جیڤ هێشتا بیری دەکردەوە.

فڕۆکەی تیمەکەی دیکە جۆرێك بوو هەرساتەو لەحاڵی بەربونەوەدا بوو، فڕۆکەی تیمێکی دیکە لەوە دەچوو ئەگەر بایەکی گونجاوی هەبوایە دەتوانێ هەڵفڕێت. بەڵام جیڤ هێشتا کاغەزەکەی دەق نەکردبوو.

تۆم ئیتر دڵنیا بوو ئەوان لەپێشبڕکێکەدا نایبەنەوە.

خانم هیکت، ڕایگەیاند هەرکەسەو لەگەڵ تیمەکەیدا لەسەر هێڵێك بوەستن. دەمەوێ فڕۆکەکانتان تاقی بکەمەوە. بۆ هەبوونی دەرفەتی زیاتر، تۆم داوای لەمامۆستا کرد ئەوان دوایەمین کەس بن مامۆستا قبوڵی کرد. تۆم بەجیڤی وت: خێراکە کارێك بکە.

پێشبڕکێیەکی خۆش بوو، هەندێ لەفڕۆکەکان بەزۆر ١,٥ مەتر دەفڕین، هەندێکیان کەمێك لەوە زیاتر دەفڕین بەڵام شتێکی دیار بوو



Scanned with CamScanner

ماوەکەی کورت بوو. جیڤ هێشتا کاغەزەکە بەکراوەیی بەدەستیەوە بوو هیچ شتێکی لێنەکردبوو. تۆم گەلیّ لەهاوڕێکەی تووڕە بوو بەجۆرێك دەیویست بەجێی بێلێت و بڕوات لەناکاو خانم هیکت وتی:

تۆم و جیڤ نۆبەی ئێوەیە.

تۆم چوویە هێڵی دەسپێکی پێشبڕکێکەوە فڕۆکەکەی هەڵفڕاند، خراپ نەبوو لەهەموویان باشتر هەڵفڕیی، ئەگەر جیڤ بتوانیبا هێندە فڕۆکەکەی بفڕێنێت جێگەی سوپاسی هەمووان بوو دەبویە ڕکابەری ئەوانیتر. جیڤ لەهێڵی پێشبڕکێ نزیك بویەوە هاوکات کاغەزەکەی لەپشتیەوە قایم کردبوو، دواتر کاغەزەکەی ساف و دەست لێنەدراو وەك شاکارێك نیشاندان، هەموو پۆلەکە دەستیان کرد بەگاڵتە پێکردن. جیڤ کاغەزەکەی وەکو تۆپێك پێچایەوە ئەو گەلیّ دورترو لەپێشتر لەفڕۆکەکان هەڵیدا.

ئەو فڕۆکەیەی جیڤ دروستی کردبوو لەهەمووی دورتر ڕۆشت جۆری بیرکردنەوەی مامۆستاو هاوپۆلیەکانی گۆڕی و ڕەنگە ئێوەش.

بۆ سەرکەوتن دەبێت هەموو تواناکان و ڕێگەکان ڕەچاو بکرێن.

ئایا هیچ کاتیّ مرۆڤانەتان دیتوە کەشادو دڵخۆش بەخەونەکانیان گەشتوون؟ تا ئێستا حەزتان کردووە لێیان بپرسن تێڕوانیان دەربارەی خۆیان چییە ئایا چۆن دنیا دەبینن؟

سالآنێکە بەتایبەت دەربارەی کەسانی جیاواز کەلەبواری بازرگانی، وەرزش، یان بوارەکانی دیکەدا سەرکەوتوون، دەرکەوتووە، لەم سالآنەدا هەندیّ باوەڕی گرنگ و بنەڕەتی دەربارەی ئەم کەسە سەرکەوتوو ساغ و دڵخۆشانە چەسپیوون.

# فرۆشتنی بیرۆکەیەکی جوان

رۆژێك، ژنانی شار کۆ بونەوەیەکیان سازکرد. هەمووان بەهۆی ئەو کۆبونەوەیە جلی جوانیان لەبەر کردبوو، لەنێویاندا ژنێك کلاوێکی گەلێ جوانی لەسەردا بوو، بەجۆرێك سەرنجی هەمووانی کێش کردبوو، کلاوەکەی ئەو ژنە دەسکردی خۆی بوو، کاتێ ئامادەبووان ئاگاداری ئەم داهێنانە بوون لێی کۆبونەوە داوایان لێکرد لەو کلاوە جوانەیان بۆ دروست بکات.

یەکێ لەئامادەبووان بەرێکەوت برێك تۆڕو دەزووی لەگەڵ خۆی هێنا بوون ئەوانەی دابە ژنەکە تاکو کلاوێکی بۆ دروست بکات، ژنەکە دەسبەجێ دەسبەکار بوو، لەماوەی چەن خولەکێکدا لەو پەت و تۆڕانە کلاوێکی جوانی دروست کرد، دوای ئەوەی کارەکەی تەواو بوو هەموو سەرسام بوون، ژنەکە کلاوەکەی دایەوە دەستی و وتی "دەکاتە سەد دۆلار" بەبیستنی ئەم قسەیە هەموو ناڕازی بوون و وتیان: "زۆر گرانە مەگەر تۆ بێجگە لەپەت و دەزوو شتێکی دیکەت بەکار هێناوە؟" ئەو ژنە وەڵامیدایەوە: "ئەوەی بەکارم هێناوە تەنها دوو دۆلار نرخەکەیەتی، بەڵام بیرۆکە نایابەکەی من ئەو کارامەییەی لەم کارەدا من دەینوێنم بایی ۹۸ دۆلارەکەی دیکەیە!"



Scanned with CamScanner

سەرنج:

هەر سەرکەوتنێکی مەزن کەلەمێژوی مرۆڤایەتیدا شاهیدی دەبین، بەرەنجامی بیرۆکەیەکی نایاب و نۆبەرەیە.

. بیرۆکەی برایانی ڕایت ئەمە بوو مرۆڤ ڕۆژێک دەتوانێ بفڕێت.

بیرۆکەی کۆلۆنیل سندرز، ئەمە بوو یاسای لێنانی مریشك ئەو دەتوانێ بیگەێنێتە ئاستی بازاڕسازیی عادەتی خۆراکی خەڵکی سەرانسەری دنیا بگۆڕێت.

ئەگەر دەمانەوێ سەرکەوتن بەدەست بێنین، دەبێت بیرۆکەکانمان بخەینە قۆناغی کردارەوە تەواوی کارامەییەکانمان بنوێنین، بەبێ هەبوونی بیرۆکەیەك هیچ شتێکمان دەسگیر نابێت، بەڵکو ئەو بیرۆکەیە دەگاتە بەرزترین پلەو مرۆڤ دەخاتە ئاستی بالآچوونەوە.



Scanned with CamScanner

# مشتێك لەهەموو ژیرییەكان

—**—

فەرمانڕەوای هیندستان لەكۆشكەكەیدا كتێبخانەیەكی گەورەی هەبوو كەسەد ڕێكخەری بۆ كتێبەكان دامەزراندبوو. بۆ هەڵگرتنی كتێبەكانی تەنانەت هەزار باری وشتر كەم بوو. بەمەش هێشتا كاتی خوێندنەوەی نەبوو، چونكە گەورەترین ئارەزوی ئەو ڕاوو شكار بوو، بۆیە داوای لەدانیشمەندان كرد باشترین و بەسوودترین ئەو بابەتانەی لەكتێبی كتێبخانەكەیدا هەیە بەڕستەی كورتكراوە بۆی باس بكەن.

دانیشمەندان بیست ساڵ بەبێ وەستان و ماندو بوون كاریان بۆ فەرمانەكەی فەرمانڕەوا كرد، ئەوان توانیان دوای ئەم هەموو ساڵە كورتەیەكی زانست لەدوو هەزار كتێبدا كۆ بكەنەوە كە بەئاسانی باری سیی وشتر دەبوو، پاشان ئەنجامی كاری خۆیان بەفەرمانڕەوا ڕاگەیاند، بەڵام بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە سەرنجیاندا فەرمانڕەوا ناوەڕۆكی باری سیی وشتر بەزۆر دەزانێ، بۆ یە زانیاری مرۆڤیان بۆ كردە ئەندازەی باری پانزە وشترو دواتر كەمیان كردەوە بۆ باری نۆ وشتر، بەڵام فەرمانڕەوا باوەڕی وابوو دانیشمەندا هێشتا زانیارییەكانیان كورت نەكردۆتەوە.



Scanned with CamScanner

بەدرێژایی ئەم ساڵانە نەک تەنها دانیشمەندان بەڵکو فەرمانڕەواش پیر بوو، چیتر فەرمانڕەوا دڵنیا نەبوو هێندە بژی بتوانێ ئەو شاکارە کورتە بخوێنێتەوەز تاکو سەرەنجام نائومێدی خۆی بۆ دانیشمەندێك گێڕایەوە کەچەن ڕۆژێك میوانی ئەو بوو.

دانیشمەند، ڕایگەیاند، خاوەنشکۆ هەرچەن من کتێبخانەیەکی مەزن و بێ وێنەی وەك ئەوەی تۆم نەدیتوە بەڵام ئەو توانایە لەخۆمدا دەبینم لەکورتترین ماوەدا کورتەیەکی زۆر بەسوود لەکۆبەندی ئەو کتێبانە پێشکە بەتۆی بکەم، تۆ چەن خولەکێکی دیکە دەتوانی بیخوێنیتەوەو بۆ هەموو تەمنت بیری لێبکەیتەوە.

پاشان فەرمانیدا کاغەزو قەڵەم بێنن ئەم چوار وانەیەی نوسی:

١. جەوهەری قسەی زیاتری زانستەکان یەك وشەیە: ڕەنگە تەواوی مێژوو لەم سێ وشەیە پێك هاتبێت، خەڵکی دێنە دنیاوە، ئازار دەچێژن و دەمرن.

٢. کاری چاکەت خۆش بوێت و ئەوەی خۆشت دەوێت ئەنجامی بدە، بیری باشت هەبێت هەموو بیرکردنەوەکانت بەزمان مەڵێ. بەمشێوەیە دروستکارو ژیر دەبیت.

٣. خاوەنشکۆ بەسەر ئارەزوەکانی خۆتدا زاڵبەو جڵەوی خۆت بکە. بەمشێوەیەش فەرمانڕەوایی جیهان کارێکی سادە دەبێت.

٤. بەبێ پارێزکاریی، هیچ بەختەوەرییەك بوونی نییە. هەمانشێوە بەبێ هەبوونی بیرو باوەڕو ئیمانێك پارێزکاریی بوونی نییە.



Scanned with CamScanner

# وەرە باقەدری یەکتریی بزانین

**

کۆتایی ساڵ بوو، قوتابیانی پۆل خەریکی گرتنی وێنەی یادگاری بوون.

مامۆستا پێی وتن: کاتێ ئێوە گەورە بوون، سەیری ئەم وێنانە دەکەن و دەڵێن کەئەمە جەمشیدە! بۆتە پزیشک، ئەمەیان پەرویزە بۆتە ئەندازیار و...

یەکێ لەقوتابیان لەناوەڕاستەوە هەستایە سەر پێ وتی

...ئەمەش مامۆستایە کۆچی دوایی کردووە!

سەرنج:

گەورەیەک دەڵێت: تائەو کاتەی مرۆڤەکان هەن، هەستەکانی خۆتیان بۆ دەربڕە، چونکە ڕۆژێک دێت هەستەکان هەن و بەڵام مرۆڤەکان چیتر لای ئێمە نین...

ڕۆژێک دێ من وتۆ بێ یەکتریی دەبین<br>
یەک بەیەک لەم کۆمەڵەدا کەم دەبین<br>
ڕۆژێک دێت چیتر لەبیرەوەریەکاندا<br>
مایەی پێکەنین و پەژارەو خەم دەبین



Scanned with CamScanner

# بەهای تەرازوی شەرافەت

******

تکایە چەن خولەکێ کات بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە تەرخان بکە:

١. ئەو کەسانەی سودێکیان لێنابینم دەبێت چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەم؟

٢. ئایا من کەسێکم بۆ کەسانیتر ئاشکرام؟

٣. ئایا لەبەر تیشکەکان لەتێڕوانیندا هەمان ئەو کەسەم کەبەتەنیا دەبم؟

٤. ئایا پێش ئەوەی بخرێمە ژێر فشارەوە، دان بەهەڵەکانی خۆمدا دەنێم؟

٥. ئایا قازانجی کەسانیتر بەڕەوای خۆم دەزانم؟

٦. ئایا کاتێ بڕیارێکی ئەخلاقی دەدەم، پابەندی بنەماو بەها ئەخلاقیەکان دەبم یان دۆخەکان کاریگەریی لەسەر بژاردەکانم دەبێت؟

٧. کاتێ بڕیارە دەربارەی کەسانیتر بدوێم، ڕوبەڕوی خۆیان دەدەوێم یان لەپاشە ملە.

خۆت بە... بەشەرفبە

Scanned with CamScanner

# کاتی چاوپێکەوتن

**

ڕۆژێک باوکم لەژوورەکەی خۆی سەرگەرمی کار بوو. ئەو خەریکی لێکدانەوەی نامەکان و ڕێکخستنی کاتی چاوپێکەوتن بوو... بەجۆرێک وەختێ کچەکەی هات بۆلای ئاگای لێنەبوو.

کچەکە پاش کەمێ بێدەنگی وتی:

باوکە، چی دەکەیت؟ کچەکەم دەمەوێ ماوەی چاوپێکەوتنەکان لەدەفتەرەکەمدا بنوسم. سەرلەنوێ کچەکە دوای ساتێک بێدەنگی وتی: ئایا لەم دەفتەرەدا ناوی منیشی تێدایە؟

ڕاستە، ئێمە هێندە سەرگەرمی ژیان دەبین کەزۆرێک لەکەسانیتر فەرامۆش دەکەین.

ئەم دنیا گەورەیە هێندە سەرقاڵیمان بۆ دروست دەکات کەبەڕاستی گەورەترین و نزیکترین فەرامۆش دەکەین.

خودا ئێمەی دروست نەکردووە هێندە سەرگەرمی ژیان بین، تەنانەت دەرفەتی ئەوەمان نەبێت لەگەڵ ئازیزانی خۆمان دوو قسە بکەین.

بێگومان ئەگەر هەمووومان دەنگی خودا ببیستین ئێستا پێمان دەڵێت: "ئایا ناوی منیش لەو دەفتەرەدایە؟"

بەهیوای ئەوەی یەکەم ناوی دەفتەری بەرنامەی ڕۆژانەمان خودا بێت.



Scanned with CamScanner

# ئامۆژگاریی

مامۆستایەکی ئاینی عادەتی بوو هەموورۆژێك بەیانیان لەگەڵ قوتابییەکانیدا گفتوگۆ بکات. ڕۆژێك چوویە سەر سەکۆیەك و ویستی دەست بەگفتوگۆ کردن بکات، لەناکاو باڵندەیەکی بچوك بەهێواشی لەسەر لێواری پەنجەرەیەك نیشتەوە بەهەموو هێزی خۆی دەستیکرد بەخوێندن.

دوای ماوەیەکی کورت ئاوازەکەی تەواو کردو هەڵفڕیی. مامۆستا ڕویکردە قوتابیان و وتی: "ئامۆژگاریی" ئەمڕۆمان کۆتایی پێ هات.

خۆتبە... گەڕۆکی دەرەکی مەبە.



Scanned with CamScanner

# دەبێت بەزێڕ بنوسرێت

**

- هەموو کەسێك لەفێرکارەکەی خۆیەوە شتێك فێر نابێت رۆژگار خۆی دەبێتە مامۆستای تایبەتی ئەو.
- ئەگەر نەزانین بەرەو کوێ دەڕۆین، ڕەنگە بگەینە کەسنەزان ئاوا.
- چەقۆ بۆ بڕینە نەك دڕین.
- هیچ شتێك هێندەی هەوڵی خۆ بەزلزانین مرۆڤ بچوك ناکاتەوە.
- هیچ پەیوەندییەك کات نافەوتێنێ. وانەکان لەپەیوەندی هەڵەدا فێرتان دەکەن بۆ پەیوەندی دروست ئامادەبن.
- گرفتی هەندێك تەنها هاوسەرگیریی کردن نییە، لەگەڵ کێدا هاوسەرگیریی کردنە.
- ئەگەر لەژیانی باوك و دایکدا خزمەتیان نەکەیت، ناچاریت بۆ ڕەوینەوەی ئازاری ویژدانت بەردی مەڕ مەڕ بکەیتە کێلی گۆڕەکانیان.
- ئەوەندەی خەڵکم بینی جلیان لەبەردا نەبوو هێندەش جلم بینی کەسیان تێدا نەبوو.



Scanned with CamScanner

# ماسییەکان لەئاودا بگرە

نازانم تائێستا سەرنجتداوە لەکەناری ڕوباردا ئەستێڵی بچوك‌و جۆگەی باریك هەیە؟

ڕەنگە ڕاوچییەکان ئەوانەیان دروست کردبێت پەیوەندییەکیان بەڕوبارەوە نەبێت.

ڕوبار بەردەوام قووڵ‌و فراوانترە، بەڵام ئەم ئەستێڵانە پڕ لەکەفن پاشان پەیوەندیان بەڕوبارەوە نییەو ماسی تێیدا ناژی، تەنها گۆم یان ئاوێکی وەستاوە ڕوباری قووڵ پڕە لەژیان‌و بەخێرایی بەتەنیشتیدا تێپەڕ دەبێت.

ئایا وانازانیت مرۆڤەکان وەك ئەو ئاوگیرانە بن؟ ئەو دور لەڕۆخی خێرای ژیان، ئاوگیری بچوك بۆ خۆیان هەڵدەکەنن‌و تێیدا قەتیس دەبن‌و دەمرن. ئێمە بەمە دەڵێن وجود.

واتا هەموومان خوازیاری دۆخێکی بەردەوامین دەمانەوێ تاهەتایە بمێنینەوە خۆشییەکانمان کۆتایی پێنەیەت. چاڵێکی بچوك هەڵدەکەنین‌و تێیدا لەگەڵ خێزانەکەمان، پێگەکەمان، فەرهەنگمان‌و ترسەکانمان سەنگەر دەگرین‌و تێیدا دەمرین‌و دەهێڵین ژیان بەردەوام بێت، بەڵام ژیان بەردەوام نییە بەڵکو هەمیشە لەگۆڕاندایەو بەخێرایی دەڕوات‌و خاوەنی قوڵایی‌و ژیان‌و جوانیی بێسنورە.



Scanned with CamScanner

# شاڕێو هەڵاتن لەگۆڕانی ئەرێنی

—**—

قاترێك بۆ ڕاوێژکردن هاتە لای وشترو پێی وت: نازانم کاتێ بەڕێدا دەڕۆم سەرسم دەدەم پێیەکانم دەچەمێنەوە دەکەووم بەزەویدا. ئەمڕۆ پێیەکانم لەبەردێك گیر بوون بەبارەکەی کۆڵمەوە کەووتم، بەڵام تا ئێستا نەمبینوەو نەمبیستووە وشترێك بکەوێت، هۆی چییە ئێوەی وشتر باردەکرێن‌و وەك ئێمە بەڕێدا دەڕۆن‌و کەچی سەرسمێك نادەن‌و ناکەوون؟ وشتر وتی: سەرسمدان چەن هۆیەکی هەیە:

١. پەلە کردن، ئێمە هیچ کاتێ پەلە ناکەین.

٢. دیقەت‌و پێش بینی. ئێمە لەکاتی ڕۆشتندا پێشبین‌و دووربینی دەکەین. واتا کاتی ڕۆشتن سەرمان هەڵدەبڕین ئەو ڕێگەیەی دەمانەوێ بیبڕین تاچاومان بڕ بکات تێبینی دەکەین. سەرنجی ئەوە دەدەین چ شوێنێك چاڵەو چ شوێنێك ناهەموارەو چ شوێنێك هەموارە.

قاتر وتی: ئەوانەی تۆ باست کرد منیش دەیزانم‌و ڕەچاوی هەموویان دەکەم. وشتر وتی: لەسازگاری بیرو کرداردا کەسێك ڕێیەك هەڵدەبژێرێت دەبێت بیرو زەینی لەگەڵ کرداریدا سازگارو هەماهەنگ



Scanned with CamScanner

بکات، کاری ئێمە ڕێ ڕۆشتنە، ئێمە ناتوانین وەکو تانجی ڕاو ڕابکەین یان وەك ئەسپ غار بکەین.

قاتر وتی: جەناب وادەزانی ئێمە ئەقڵمان لەدەستداوە ئەوە کەرە کەتێناگات، سەرسمدانی ئێمە هۆکارێکی دیکەی هەیە. وشتر کەزانی قاتر بەدوای ڕیچاردا ناگەڕێ بەڵکو دەیەوێ ڕەفتاری بگۆڕێ، وتی: هاوڕێی خۆشەویست گەر ڕاستت دەوێ هۆکاری سەرەکی سەرسمدان دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی خۆمان پەیوەندی بەڕەفتار یان شێوەی بیرکردنەوەی من و تۆوە نییە، دەزانی بەفارسی بەقاتر دەڵێن ئێسترو بەمنیش دەڵێن وشتر بۆیە جیاوازی نێوانمان سێ خاڵە تۆ لەوە بێ بەهرەیت، هەر ئەم سێ خاڵە کاری تێکداوە. قاتر خۆشحاڵ بوو وتی: ڕاستە، ئەڵێی مەسەلەکەو عەیبی سەرەکی هەر ئەمەیەو ئەمەش چارەیەکی لەدەست ئێمەدا نییە، ئافەرین بۆ تۆ چەن جوان عەیبی کارەکەت دۆزییەوە ئێستا زانیت ئەو سێ خاڵەی باست کرد هیچ پەیوەندی بەمەسەلەکەوە نییە خەتای سەرەکیش ئەم سێ خاڵەیە، من خۆم دەمزانی عەیب و کەم و کورتی لەمندا نییە کاتێ دەکەوتم لۆمەیان دەکردم. قاتر لەم پەیبردنە زۆر دڵخۆش بوو چونکە چیتر پێویستی نەبوو شتێك لەخۆیدا بگۆڕێت.

خۆتبە

ئامادەی هەر جۆرە گۆڕانێکی دەروونی خۆتبە



Scanned with CamScanner

# کۆکینی توتی

**

خانمێکی جگەرەکێش، توتییەکی لەماڵەوە هەبوو. کاتێ سەرنجی کۆکینی بەردەوامی توتیەکەیدا، وازی لەجگەرەکێشان هێنا، نیگەران بوو بەوەی ڕەنگە دوکەڵی جگەرەکەی هۆکاری ئازاردانی توتیەکە بوبێت. توتیەکەی هەڵگرت و بردی بۆلای پسپۆڕی باڵندەکان، دوای پشکنینی پێویست هیچ نیشانەیەکی نەخۆشی لەسییەکانیدا دەرنەکەوت، دواین نۆڕینەکان دەریان خست کۆکینی توتیەکە لاسایی کردنەوەی کۆکینی خاوەنەکەی بووە، دوکەڵی جگەرە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر نەبووە بەڵکو ئەو تەنها لاسایی خاوەنەکەی دەکاتەوە.

دیقەت بدەن ژیانی ئێوەش دەکرێ کتومت وەك ژیانی هەمان ئەو توتیە بێت. ئەگەر وابێت، شتێکی گەلێ بەنرخ لەدەست دەدەن. ژیان لەدەست دەدەن.



Scanned with CamScanner

# گرنگی ئامادەبوون

**

ڕۆژێك ڕێویەك گورگێكی بینی خەریكی تیژكردنەوەی ددانەكانی بوو.

ڕێوی بەگورگی وت: بۆچی ئەم كارە دەكەیت؟ لێرە كەسێك نییە بیەوێ لەگەڵ تۆدا شەڕ بكات.

گورگ وتی: دەمێكە هیچ كەسێك ناوێرێ لەگەڵ من شەڕ بكات، بەڵام ئەگەر كاتی شەڕ هات، ئەوكاتە دەرفەتی تیژكردنەوەی ددانەكانم نابێت.

ئوستاد دەڵێت: ئامادەیی بۆ ململانێ مەرجی یەكەمی سەركەوتنە.



Scanned with CamScanner

# فیل‌و مارمێلکه

ڕۆژێك فیلێك له‌دارستاندا خه‌ریكی گه‌شت‌و گوزار بوو، تووشی مارمێلكه‌یێك بوو. پێی وت تۆ چه‌ن بچوكیت‌و ده‌ستی كرد به‌پێكه‌نین، هه‌روه‌ها به‌ده‌نگێكی ناخۆش پێی وت لاچۆ له‌به‌رچاووم ئه‌گینا پانت ده‌كه‌مه‌وه.

مارمێلكه له‌وه‌ڵامیدا وتی: به‌ڵێ، ڕه‌نگه له‌تۆ بچوكتر بم به‌ڵام ده‌توانم گه‌لێ له‌تۆ خێراتر ڕابكه‌م.

فیل سه‌ره‌تا پێكه‌نی. پاشان توڕه بوو پێێ ووت "بچكۆلانه"

مارمێلكه به‌متمانه‌یه‌كی به‌هێزه‌وه وتی: ئه‌گه‌ر ده‌ته‌وێ وه‌ره سبه‌ینێ خۆمان تاقی ده‌كه‌ینه‌وه بزانین كاممان خێراتر ڕاده‌كه‌ین.

هه‌رچه‌ن ئه‌م پێشنیاره به‌لای فیله‌وه مایه‌ی گاڵته‌جاڕی بوو، پێشنیاره‌كه‌ی قبوڵ كردو بۆ سبه‌ی بڕیاندا، مارمێلكه به‌په‌له هاوڕێكانی كۆكرده‌وه‌و هه‌موو شتێكی بۆ گێڕانه‌وه‌و پێی وتن ده‌بێت



Scanned with CamScanner

سبەی هەموومان یەک شێوەو یەک ڕەنگ بین، ئەو پێی وتن سبەی دەبێت لەشوێنی جیاوازدا خۆیان بشارنەوەو چاوەڕوان بن.

ڕۆژی دیاریکراو فیل هاتە مەیدانی پێشبڕکێ و مارمێلکە لەوێ بوو، کاتێ فیل دەستیکرد بەڕاکردن مارمێلکە بێ ئەوەی فیل بەخۆی بزانێت لەدوای فیلەوە خۆی شاردەوە. فیل بەوپەڕی هێزو خێراییەوە ڕایدەکردو لەپێش مارمێلکەوە بوو گەلێ خۆشحاڵ بوو. جارێک مارمێلکەی بینی لەپێش خۆیەوە ڕایدەکرد. توشی شۆک بوو. لەکاتێکدا زۆر سەرسام بوو. دوبارە بەهەوڵ و کۆشش هەرچەن زیاتر هەوڵی ڕاکردنی خێراتری دەداو دورتر دەکەوتەوە دروست ئەو کاتەی وایدەزانی بەجێی هێشتووە بەخۆی وت: باکەمێ هێواشتر بڕۆم تاکو پشوویەک بدەم، بەوپەڕێ سەرسوڕمانەوە دوبارە بینیەوە مارمێلکە لەپێش خۆیەوە ڕادەکات، هەرچەن زۆر ماندوو بوو بەڵام دوبارە خۆی خێراتر کردەوە، کاتێ دەیویست ئارامتر بڕوات ئەوی لەپێش خۆیەوە دەبینیەوەن ئەمانە هەموویان هاوڕێی مارمێلکە بوون بەڵام فیل بەخۆی نەدەزانی، سەرەنجام فیل ماندوو بوو لەپێ کەوت. مارمێلکەی یەکەم هاتە بەردەمی وتی: پێشبڕکێکە چۆن دەچێت بەڕێوە؟

فیل لەوەڵامدا شکستی خۆی قبوڵ کرد، مارمێلکەکان بەگۆڕینی ڕەنگی خۆیان توانیان ڕکابەری بەهێزیان بەچۆکدا هێناو خۆشحاڵ بوون، فیل بەتواناو هێزی مارمێلکەکان دەرکی کردبوو، سەرنجیدا، ئێمە نەک بەگەورەیی جەستەمان بەڵکو بەگەورەیی ئەقڵمان دەتوانین سەرکەوتوو بین.



Scanned with CamScanner

# بۆتێڕامانی زیاتر

- زۆربەی ئەو کەسانەی دەڵێن ڕقمان لەدرۆیە لەڕاستیدا ڕقیان لەبیستنی درۆیە نەك لەکردنی.
- ماسی تائەو کاتەی دەمی نوقابێت کەس ناتوانێ ڕاوی بکات.
- نهێنیەکانت مەدرکێنە. هەندێك لەئارەزوی ڕاوکردنی هەڵەیەکدا لەچاوەڕونیدان.
- مردن جارێك ڕونادات. چونکە هەمووومان ڕۆژی چەنجارێك دەمرین، هەرکاتێ ماڵاوایی لەئارەزو، خولیاکان، پەیوەندییەکان دەکەین دەمرین.

"مارسیل پروست"

- کاغەزێك تاکو سپیترو خاوێنتر بێت کەس لەچوارچێوەی ناگرێت. بۆ مانەوە دەبێت قسەیەك بۆ وتن هەبێت.
- دڵێکی ترسنۆك نەدڵی مەعشوقەیەك فەتح دەکات نەشارێك.
- بەسوێترین ئازار لەدەستدانی کەسێکی خۆشەویستە، بەڵام ڕاستی ئەمەیە لەدەستدانی خۆمانو لەبیرچونەوەی ئەوەی کێین و چەندێك بەهادارین لەو ئازارە بەسوێترە.



Scanned with CamScanner

# پەموو هەموو شتێکە

**

لەباشوری ئەمریکا ئەو سەردەمەی کەپەموو "هەموو شتێك" ی خەڵکی بوو، ئەسپێی قۆزاخە لەمەکزیکەوە دای بەسەر قۆزاخە پەمووەکانداو فەوتاندی.

جوتیاران ناچار بوون بەرهەمی هەمەجۆرە وەك دانەوێڵەو پاقلەو بادام زەمینی بچێنن. ئەوان فێر بوون زەوییەکانیان بۆ پەروەدەی گوڵ، بەرازو مریشك بەکاربێنن. سەرەنجام جوتیاران لەجاران خۆشتر دەژیان کەهەر پەموویان دەچاند، خەڵکی ئەنتر پرایز لەئالاباماى ئەمریکا لەوەی ڕویدابوو خۆشحاڵ بوون، لەساڵی ١٩١٠ بینای یادکردنەوەی ئەسپێی قۆزاخەیان دروست کرد. ئەوان کاتێ لەسیستمی تاك بەرهەمیەوە گۆڕان بۆ کشتوکاڵی هەمەجۆر زیاتر دەوڵەمەند بوون.

نوسراوی سەر بینای بیرەوەریەکەیان بەمجۆرە بوو: بەمەبەستی پێزانین لەئەسپێی قۆزاخەو ئەو کارەی لەڕوی خۆشگوزەرانی جوتیارانەوە ئەنجامدرا." ئێمە هەموو لەژیاندا حەز دەکەین لەشەڕێ گرفت و کێشەو زۆرە ملێ ڕزگارمان بێت. کاتێ ئەم وەسوەسەیە دەچێتە ئەوجەوە، بیر لەو لاوە بکەرەوە لەپیرەمێردێکی پرسی: "گرانترین باری



Scanned with CamScanner

ژیان چییە؟" پیرەمێرد خەمگینانە وڵامیدایەوە: "نەبوونی بارێك بیدەیت بەکۆڵتدا!"

فەرامۆشی نەکەیت زۆرێك لەکەسانی بەرجەستە بەسەر کێشەکانی ژیانیاندا سەرکەوتوون، بۆ نمونە لویی پاستۆر کەنیوە ئیفلیجی جەستەیی هەبوو هەرساتێ ئەگەری سەکتەی مێشکی هەبوو. فرانسیس پارکمن، مێژوزانی ئەمریکایی لەبەشی سەرەکی ژیانیدا هێندە گیرۆدە بوو لەپێنج خولوك زیاتر نەیدەتوانی کارێك بکات، حاڵی بینایی هێندە دژوار بوو بێجگە لەچەن واژەیەکی کەم نەیدەتوانی بنوسێت. بەڵام زۆر بلیمەتانە دەورەیەکی گەورەی بیست بەرگی مێژوی نوسی.

کەسێك تووشی سوتانێکی بەتین بوبو پزیشکان پێیان وتبو هەرگیز ناتوانێ بەرێدا بڕوات "کانینگهام" ساڵی ١٩٣٤ ریکۆردی دوو هەزارو پێنج سەد مەتریی جیهانی بەناوی خۆیەوە تۆمار کرد، ئەو کەسەی بەئۆتیزمو نەخوێنەوار ناویان لێنا ئالبیرت ئەنشتاین بوو.

*فەرامۆشی نەکەن هەبوونی دژواریی و گرفتەکانی ژیان دەرفەتێکن بۆ نواندنی کارامەیی و هێزی تاك کەسیی.*



Scanned with CamScanner

# وابەستە بوون بەشتی بێ بەهاوە

**

موریدەکانی حەکیمێك پرسیاریان کرد: لەکاتێکدا مرۆڤ بتوانێت بەسودمەند بوون لەهەموو بەهرەکانی دەوڵەمەند بێت، بەڵام لەبەر وابەستەبوونی بەشتێکی بێ نرخەوە هۆکاری بێبەری بوونی بێت لەبەهرەکانی خۆی؟

حەکیم لەوەڵامدا وتی:

رۆژێك پیاوێك بەسواری وڵاغەکەی بەرەو کێوی جادویی بەرێکەوت و تاکو گەنجی ئەفسوناوی بدۆزێتەوە.

کاتێ گەشتە کوێرە ڕێگەی دەرگای داخراوی ئەشکەوتە جادوییەکە، لەناکاو دەرگای ئەشکەوتەکە کرایەوە، بەخۆشییەوە چوویە ژورەوە لەوێ گەنجینەیەکی فراوانی نایابی بینی و بەخێرایی باوەشی بۆ گرتەوە تورەکەکانی پڕ کردن لەزێڕو خشڵ و سواری وڵاغەکەی بویەوە و گەڕایەوە لەناکاو بیری کەوتەوە ئەو دارەی هەمیشە بەدەستییەوە بوو لەئەشکەوتەکەدا بیری چووە، بۆیە بەپەلە گەڕایەوە و خۆیکردەوە بەئەشکەوتەکەدا بەڵام غافڵ بوو لەوەی ئەم ئەشکەوتە تەنها جارێك دەکرێتەوە ئێستا کاتی داخرانەوەی هەتا هەتاییە، ئەو

لەئەشکەوتەکەدا وون بوو ئەو هەموو خشڵو گەنجینەیەی بەدەستی هێنابوو بۆ بەدبەختی بوویە نسیبی کەسانیتر.

کاتێ چۆلەکە لەجەنگەڵدا هێلانەیەك دەبەستێت ، تەنها چڵێکی بچوك داگیر دەکات، کاتێ بزنێکی کێویی تینوو بەپەرۆشەوە دەگاتە گۆماوێك تەنها بەئەندازەی تینوێتی خۆی ئاو دەخواتەوە. ئێمە هەمیشە پەرۆشی کۆکردنەوەی شتانێکین، بەم هۆکارەیە دڵەکانمان خاڵییە.

"ئانتۆنی د. ملو"

کامڵترینو نایابترین سەرچاوەی کورتە چیرۆکەکانی جیهان لەبواری کارامەییەکانی ژیان. گەشەی دەرونی. سەرکەوتنی کەسێتی. ئەمەیە لەبەردەستی ئێوەدا. زیاتر لە۲۰۰۰ داستانی کاریگەرو ئیلهامبەخش لە ٤٠ بەرگی کتێبی مەسعود لەعلی...

دامەزرێنەری شاکاری کتێبی چیرۆکی دەرمانی لەئێران.



Scanned with CamScanner



ژیان چی دەڵێت؟

ئەمڕۆ لەخەو بێدار بوومەوە لەخۆم پرسی: "ژیان چی دەڵێت؟"
وەڵامم لەژورەکەمدا وەرگرتەوە. پانکەی ژورەکە وتی: "خوێنساردە."
بنمیچ وتی: "ئامانجی بەرزت هەبێت."
پەنجەرە وتی: "دنیا بەجوانی ببینە."
سەعات وتی: "هەموو چرکەیەك بەنرخە."
ئاوێنە وتی: "پێش هەر کارێك بیر لەڕەنگدانەوەی بکەرەوە"
ڕۆژ ژمێر وتی: "ڕۆژێکی خۆش."
دەرگا وتی: "لەڕێی ئامانجەکانت، سەختیەکان کەنار بدە."
زەوی وتی: "بەبێ دەمارییەوە نزا بکە."

کامڵترین و نایابترین سەرچاوەی کورتە چیرۆکەکانی جیهان لەبواری کارامەییەکانی ژیان. گەشەی دەرونی. سەرکەوتنی کەسێتی. ئەمەیە لەبەردەستی ئێوەدا. زیاتر لە٢٠٠٠ داستانی کاریگەرو ئیلهامبەخش لە ٤٠ بەرگی کتێبی مەسعود لەعلی... دامەزرێنەری شاکاری کتێبی چیرۆکی دەرمانی لەئێران.

سایە

Scanned with CamScanner